**بیروڕا**

# کوردایەتی و نان و شەق

## فەرەیدون پێنجوێنی

**٢٠٢٠ سلێمانی**



ناوی کتێب : کوردایەتی و نان و شەق

ناوی نوسەر : فەرەیدون پێنجوێنی

بابەت : بیروڕا

٢٠٢٠

## **رونکردنەوە:**

**ساڵانێکە ناو بەناو دەربارەی : کوردایەتی ، گەندەڵی ، بێدادی ، راگەیاندن ، دیموکراتی ، ئۆپۆزسیۆن ، دەوڵەت ، ئایین ، دەستور ، هەڵبژاردنی گشتی ، کێبەرکێی سیاسی و حیزبی و ... هتد وتار دەنوسم ، کوردایەتی و گەندەڵی ناونیشانی کتێبی یەکەمم بو بۆ کۆکردنەوەی هەندێ لەو وتارانە کە پێشتر هەمویانم لەسایت و رۆژنامەکان ، یان ئەکاونت و پەیجی شەخسیی خۆم لەفەیسبوک بڵاوکردۆتەوە ، کوردایەتی و خەونی شاعیرانە ناونیشانی کتێبی دوەمم بو ، هەروەها کوردایەتی و عەبدایەتی ناونیشانی کتێبی سێیەمم بو ، ئێستایش کوردایەتی و نان و شەق دەکەمە ناونیشانی کتێبی چوارەمم بۆ کۆکردنەوەی هەندێکیتر لەو وتارانەی کە لەساڵانی ٢٠١٧ تا ٢٠٢٠ دا نوسیومن.**

٢٦ ی ئایاری ٢٠٢٠

# نان و شەق

دەڵێن : زەمانی زوو عەرەبەکان دەچونە راوەئەسپ ، هەرکە ئەسپێکیان راودەکرد دەیانبردەوە لەشوێنێکی تایبەتدا دەیانبەستەوە ، دواتر زەلامێکیان دەنارده گیانی تیروپڕ دارکاریی دەکرد ، رۆژی دوایی بەهەمان زەلامدا خواردنیان بۆ دەنارد ، ئەگەر خواردنی دەستی زەلامەکەی بخواردایە ئەوا زۆر بێقیمەت سەیریان دەکرد ، دەیانگوت ئەو ئەسپە ئەسپێکی تڕۆو بێکەڵکە ، ئەگەر مانی بگرتایەو خواردنەکەی دەستی زەلامەکەی نەخواردایە ئەوا زۆر بەڕێزەوە سەیریان دەکرد ، دەیانگوت ئەو ئەسپە ئەسپێکی عەرەبیی رەسەنە!

بەشێکی زۆر لەگەلانی ناوچەکە ، لەمێژە لەسەر نان و شەق راهاتون ، بە (گەلی عەرەب) یشەوە کە لەسەر بنەمای رەسەن و نارەسەن ، بەکەرامەت و بێکەرامەت ، مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵیش دەکات!

بەشێک لەگەلان ، ئێستاش ئاخ بۆ (نان و شەق) ، یان (نان و پلەدویی) ، یان (نان و بێکەرامەتی) ەکەی سەردەمی (سەدام) و (حەمەرەزا شا) و (قەزافی) و (حوسنی موبارەک) هەڵدەکێشن!

لەمەودوایش هەر وادەبێ!

تەماشا بزانە نارەزایەتییە فیئەویەکانی ئەم سەردەمە ، لەئێران ، عێراق ، هەرێم ، و ... هتد ، زۆرتر بۆ داواکردنی نان و کەرامەتن ، یان بۆ داواکردنی نان و کار ؟

ئەگەر مەسەلەکە مەسەلەی کەرامەت بوایە ، ئەوا دەبوایە لەسەردەمی تێریدا شایەدی ئەمجۆرە نارەزایەتیانەبین ، نەک عادەتەن لەسەردەمی کەمداهاتی و کەمدەرامەتیی تاکەکەسەکان و حکومەتەکاندا!

حکومەتەکان خۆیان ئەمە دەزانن!

بێگومان (نان) و (کار) بەشێکی زۆر گرنگن لەکەرامەت ، ئەگەر نان و کار دەستەبەر کران ئەوا دەکرێ بڕوا وابێ بڕێکی باش لەکەرامەت دەستەبەر کراوە ، بگرە ئەسڵەن بەبێ دەستەبەرکردنی نان و کار ناتوانرێ بگوترێ بڕێکی تەنانەت زۆر کەم و رەمزییش لەکەرامەت دەستەبەرکراوە!

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نان و کار بەتەنها خۆیان هەمو (کەرامەت) نین ، بەڵکو بڕێکن لەکەرامەت : نیوەی کەرامەتن ، تۆ بڵێ چارەک یان سێیەکی کەرامەتن ! بەڵام هەموی نین!

کەچی زۆرینەی رەهای گەلانی دنیا ، لەرابردو و ئێستادا (رەنگە لەداهاتویشدا) ، بەکردەوە لێیان بینراوە کە (نان) و (کار) ، سەرلەبەر یان بەشی هەرە گەورەی خەیاڵ و بڕواو کەرامەتیان پێکدێنێ ، بەڵام بەدەم دان بەم راستییەدا نانێن!

حکومەتەکان و رابەرە سیاسییە موحەننەکەکان ئەم راستییە لەبارەی گەلەکانیانەوە دەزانن ، بەڵام گەلەکان خۆیان نایزانن ، بۆیە هەمو جارێ کڵاویان دەچێتەوە سەرو لەژێر کۆمەڵێ دروشمی هەڵخەڵەتێنەرانەدا هەڵدەخلیسکێنەوە ناو روداوگەلی خوێناوی ، یان لەپاڵ باسێکی وەکو باسەکەی سەرەوەدا (باسی ئەسپی رەسەن و ئەسپی ناڕەسەن) دەماریان گرژ دەبێ و دەکەونەوە سەر کەڵکەڵەی ململانێ ، دواجاریش پاش گرەوێکی سەختی سیاسی ، بۆیان دەردەکەوێ لەکۆی دروشمەکان تەنها ئەو یەکەیان واقیعی بو کە پەیوەندیی بەدەستبەرکردنی نان و کارەوە هەبو ، بەتایبەتی پاش بینینی چەندین کردەوەی (نا نمونەیی) ی وەک : هەلپەرستی ، دوفاقیی سیاسی ، گەندەڵی ، لەکەسانی جێئومێدی لەوەوبەریان ، نان و کارەکەیش هەر ئەوەیە کە لەوەوبەر هەبو ، یان بڕێک زیاترە ، یان هەندێجار لەویش کەمترە ، بۆیە بێئومێدی یەخەیان دەگرێتەوەو دەکەونەوە ئاخهەڵکێشان بۆ نان و شەقەکەی پێشو!

ئێمە هانی گەلی خۆمان نادەین تەنها بەنان و کار داکەون ، هەروەها هانیان نادەین بکەونە دوای قسەی میسالیی ئەو کەسانەی بەدروشم بەهاریان بۆ کۆمەڵانی خەڵک هێناوەتە سەر چۆک بەڵام بەکردەوە داڵغەیان تەنها لای قوتی چەوری خۆیانە ، یان قسەی پوچی ئەو کەسە تێرانەی کە بانگیان دەکەن بۆ قەبوڵکردنی بێکاری و بێموچەیی و خۆخەڵەفاندن بەخەونی سەربەخۆیی ، تەنهاو تەنها هانیان دەدەین هوشیاربن!

پێمان حەیفە لێگەڕێین گەلەکەمان بەردەوام لەنائاگاییەوە هەڵخلیسکێت ، یان هەر کەس و لایەنێک ئارەزوی کرد بتوانێ لەخزمەتی خەونی شەخسیی خۆیدا بیدات بەگژ یەکدا.

٢٥ ی ئایاری ٢٠٢٠

# راپۆرتێکی سۆدانی دەربارەی کۆرۆنا

سەنتەرێکی توێژینەوەی پزیشکی لەسۆدان ، دەربارەی کۆرۆنا ، دیدگایەکی نوێ دەخاتەڕو ، هاوکات چین و ئەمریکا تۆمەتبار دەکات بەبڵاوکردنەوەی زانیاریی نادروست دەربارەی نەخۆشیەکەو بەهەڵەدابردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

ئەم سەنتەرە دەڵێ:

نەخۆشیی کۆرۆنا ، پەلاماری (سییەکان / الرئتین) نادات ، بەڵکو پەلاماری هیمۆگلۆبین (خڕۆکە سورەکانی خوێن) دەدات.

هەروەها دەڵێ:

کاری هیمۆگلۆبین (خڕۆکە سورەکانی خوێن) بریتییە لەگواستنەوەی ئۆکسجین لەسییەکانەوە بۆ دڵ و خانەکان ، پاشان هێنانەوەی دوەم ئۆکسیدی کاربۆن لەدڵ و خانەکانەوە بۆ ناو سییەکان ، کاری سییەکانیش بریتییە لەدەرهاویشتنی دوەم ئۆکسیدی کاربۆن و پڕکردنەوەی شوێنەکەی بەئۆکسجین.

سەنتەرەکە دەڵێ:

ڤایرۆسی کۆرۆنا ، خڕۆکە سورەکان پەک دەخات نەک سییەکان ، لەبەرئەوە دەبێ لەکاتی توشبون بەڤایرۆسەکە چارەسەری خڕۆکە سورەکان بکرێ نەک سییەکان!

هەروەها دەڵێ:

ئەگەر خڕۆکە سورەکانی خوێن توشی پەککەوتن ببن و نەتوانن کاری خۆیان بکەن (کەبریتییە لەگواستنەوەی ئۆکسجین لەسییەکانەوە بۆ دڵ و خانەکانی لەش ، هەروەها هێنانەوەی دوەم ئۆکسیدی کاربۆن لەدڵ و خانەکانی لەشەوە بۆ سییەکان) ئەوا سییەکان هیچیان پێ ناکرێ ، بۆیە پێویست ناکات لەڕێی جیهازی هەناسەدانی دەستکردەوە ئۆکسجین رەوانەی سییەکان بکرێ ، چونکە خڕۆکە سورەکان نایگوێزنەوە بۆ دڵ و خانەکانی لەش ، هەروەها دوەم ئۆکسیدی کاربۆن لەدڵ و خانەکانی لەشەوە ناهێننەوە بۆ سییەکان تا سییەکان فرێی بدەنە دەرەوەو شوێن بۆ ئۆکسجین بکەنەوە.

سەنتەرەکە دەڵێ:

نەخۆشیی کۆرۆنا ، سییەکان توشی هیچ جۆرە سوتانەوە (إلتهابات) یک ناکات ، سییەکان بەساغ و سەلیمی دەمێننەوە ، کە نەخۆشیش دەمرێ بەهۆی ناکارایی سیەکانیەوە نییە بەڵکو بەهۆی کەڵەکەبونی دوەم ئۆکسیدی کاربۆنەوەیە لەدڵ و خانەکانی لەشیدا کە دەرەنجامی ناکارایی خڕۆکە سورەکانی خوێنە.

بۆ چارەسەری خڕۆکە سورەکان ، سەنتەرەکە دەڵێ:

نەخۆش دەبێ فۆلیک ئەسیدی بدرێتی ، لەگەڵ حەب و شروبی ئاسن ، هەروەها بڕێک کلۆرۆکین (کلۆرۆکین لەئەسڵدا دەرمانی دژە مەلاریایە).

ئەم سەنتەرە ، داوا لەوڵاتەکەی و وڵاتانی تری دنیا دەکات چین و ئەمریکا بدەنە دادگا بەتۆمەتی بەهەڵەدابردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەچارەسەرکردنی کۆرۆنادا کە بەو هۆیەوە زیانی مادیی گەورە کەوتۆتەوە.

٢١ ی ئایاری ٢٠٢٠

# نایەکانگیری هەڕەشەیە

کۆمەڵگەی کوردی ، کۆمەڵگەیەکی فشەڵ و لێکترازاوە! مەترسیی کۆمەڵکوژکردنی لەسەر نەبوبێ ، هەرگیز بیری لەیەکانگیری نەکردۆتەوە ، کە بیریش لەیەکانگیری نەکرایەوە کەواتە کورتبیری ، کورتبینی ، کورتکردەوەیی ، گەندەڵی و خێڵەکێتی ، بەقوڵی لەئارادایە.

پێموایە ، کۆمەڵگەی کوردی ، ئەگەر حاڵی حازر هەڕەشەی کۆمەڵکوژکردنیشی لەسەر نەبێ ، رۆژێک دادێ کورتبیری و کورتبینی و کورتکردەوەییەکەی دەیخاتەوە بەردەم هەڕەشەی کۆمەڵکوژی.

بێگومان کۆمەڵگەی کوردی یەک دانە نییە ، چەندین دانەیە:

- کۆمەڵگەی کوردی لەئێران
- کۆمەڵگەی کوردی لەعێراق
- کۆمەڵگەی کوردی لەتورکیا
- کۆمەڵگەی کوردی لەسوریا

تەنانەت دەکرێ بڕوا وابێت کە کۆمەڵگەی کوردی لەهەر یەکێک لەو وڵاتانەدا ، یەک دانە نییە ، چەندین دانەیە ، بۆ نمونە لەکوردستانی عێراق:

- کۆمەڵگەی کوردی لەبادینان
- کۆمەڵگەی کوردی لەسۆران
- کۆمەڵگەی کوردی لەهەورامان

کەواتە باشترە ئێمەش وەکو عەرەبەکان بەکۆ ناوی کۆمەڵگەکانمان بهێنین ، بڵێین : کۆمەڵگە کوردیەکان ، یان کۆمەڵگەکانی کوردی (عەرەبەکان دەڵێن : المجتمعات العربية).

پاش ئەم رونکردنەوەیە ، دەبێ بڵێم:

مەبەستی من لە (کۆمەڵگەی کوردی) لێرەدا ، بریتییە لە (کۆمەڵگەی کوردی لەعێراق)!

کۆمەڵگەی کوردی لەعێراق ، بەئەندازەیەک فشەڵ و لێکترازاوە کە ڕەنگە هەڕەشەی کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی شەنگال ، بەهەڕەشە بۆ سەر خۆی تەماشا نەکا ، ئەگەرنا دەبوایە هیچ نەبێ لەژێر فشاری ئەو هەڕەشەیەدا کەمێک بیری لەیەکانگیری بکردایەتەوە!

مەعلومە : هەڕەشەی جددی لەسەر کۆمەڵگە ، هۆکاری کۆکردنەوەو یەکخستنی کۆمەڵگەکەیە.

ڕەنگە هەر لەسەر بنەمای ئەم تێزەبێ کە هەندێک لەوڵاتان بەردەوام خەریکی دۆزینەوەی دوژمنی وەهمین بۆ خۆیان!

کورتبیری و کورتبینی و کورتکردەوەیی کۆمەڵگەی کوردی لەکوردستانی عێراق ، بەهەمو کاروبارێکەوە دیارە:

- کاروباری سیاسی و ئیداری و ئابوری (حکومڕانی)
- کاروباری بازرگانی (حکومی و ناحکومی)
- کاروباری ئایینی
- کاروباری کۆمەڵایەتی

بەکورتی بڕوام وایە:

لەکوردستانی عێراق ، حاڵی حازر ، ئەگەر وەها دەکەوێتە پێشچاو (ی زۆرینەی خەڵکەکەی) کە هەڕەشەی کۆمەڵکوژی لەئارادا نییە ، یان هەر بەڕاستی لەئارادا نییە ، بەڵام ڕۆژێک دێت ، کورتبیری و کورتبینی و کورتکردەوەیی خەڵکەکەی (بەحاکم و مەحکومەوە) کۆمەڵگەکە دەخاتەوە بەردەم هەڕەشەی جددیی کۆمەڵکوژی.

١١ ی ئایاری ٢٠٢٠

# خۆخەریککردن بەئەدەب و هونەرەوە لەمکاتەدا

بەرستەیەک دەربارەی شیعر کە ساڵانی نەوەتەکان زۆر لەسەر زاربو ، دەست پێ دەکەین:

شیعر لەبەتاڵی باشترە!

رستەی (شیعر لەبەتاڵی باشترە) ، زۆرتر لەلایەن چیرۆکنوسەکانەوە دەگوترایەوە!

مەبەستی ئەوسای چیرۆکنوس و نوسەران لەبرەودان بەو رستەیە ئەوەبو سنورێک بۆ خۆخەریککردنی خەڵک بەشیعرەوە دابنێن ، هانیان بدەن روبکەنە بوارە ئەدەبی و مەعریفییەکانیتر ، بەتایبەتی چیرۆک و رۆمان و رەخنەی ئەدەبی.

بەڵام لەئێستادا ، کە جیهان سەرلەبەر لەبەردەم وەرچەرخانێکی زۆر گەورەدایە ، نەک هەر خۆخەریککردن بەشیعرەوە ، بەڵکو خۆخەریککردن بەچیرۆک و رۆمان و هونەرەکانی تریشەوە ، لەهەندێ حاڵەتدا ، وەکو خۆخەریککردنی لادێییەکی کەمسەواد وەهایە بەحەکایەتی چل توتی و شیرین و فەرهادو میعراجنامەو خەوننامەوە ، لەگۆشەی ژورێکی چەپەکی گوندێکی چەپەکدا.

لەکاتێکدا ، دەنگی تێکبەربونی سوپاگەلی ناتەبا ، میلهێنانەوە ، ئیست ئیست و نەڕۆی دەتکوژم ، چواردەورمانی تەنیوە!

لەکاتێکدا لەشکرە پێکداهەڵپژاوەکانی دەوروبەرمان ، لەهەوڵی بەزاندن و سڕینەوەی یەکتردا ، دەست لەهیچ شتێکی یەکتر ناپارێزن:

- بەهای پارەی نیشتیمانیی یەکتر دادەبەزێنن بۆ نزیکی سفر ،
- نرخی سامانی سروشتیی یەکتر دادەبەزێنن بۆ خوار سفر ،
- سامانی مرۆیی یەکتر ، بەدەیان دەردی وەکو کۆرۆنا ، گرفتار دەکەن ،
- سومعەی جیهانیی یەکتر بەسەدجۆر بوختان و تۆمەت ، دەبەنە ژێر پرسیار ،
- کۆمەڵگەی یەکتر نوقمی دەیان جۆر دەردی کۆمەڵایەتیی وەکو کرێگرتەیی ، گەندەڵی ، ئاژاوەی ناوخۆیی ، هەژاری ، جیاوازیی چینایەتی ، نیشتیماننایەروەری ، و ... هتد ، دەکەن!

لەکاتێکی وادا:

- دەکرێ تەنها سەر لەسەر رۆمانخوێندنەوەو رۆماننوسین بێت ؟
- دەکرێ تەنها سەر لەسەر خۆشنوسی و وێنەکێشی و گۆرانیسازی بێت ؟
- دەکرێ بڵێین کابرا شاعیرو هونەرمەندە #چیی_داوە لەسیاسەت و ئابوری ؟

بێگومان ئەدەب و هونەر کەم نین ، کەمیشیان لەدەست نایەت بۆ کۆمەڵگە ، بەڵام زۆر سادەو رەوان (بەبێ قوڵکردنەوە) بیڵێین:

لەم کاتەدا ، ئەوەی بەسیاسەت و ئابوری و قانون و زانستەکانیتر دەکرێ ، بەئەدەب و هونەر ناکرێ!

ئەدەب و هونەر فێری خۆشویستنی نیشتیمانمان دەکەن ، بەڵام فێری بەڕێوەبردنی نیشتیمانمان ناکەن!

ئەدەب و هونەر ، دوژمنمان پێ دەناسێنن ، بەڵام ئامرازەکان و رێگاکانی دوژمن بۆ دوژمنایەتیکردن ، ناناسێنن پێمان.

ئەدەب و هونەر ، کەڵکەڵەی تەسلیمنەبون و بەرگریکردنمان تێدا دەرسکێنن ، بەڵام ئامرازو رێگا دروستەکانی بەرگریکردنمان فێرناکەن!

لەکاتێکی وەکو ئێستادا ، خۆخەریککردن تەنها بەئەدەب و هونەرەوە (چ بەنوسین چ بەخوێندنەوە) ، بەبێ بایەخدان بەبوارە مەعریفیەکانیتر ، بۆ کەسێک کە بەهۆکاری تایبەتی (بۆ نمونە نەخۆشی ، دڵداری و ...) لەخۆیدا گیرساوەتەوەو توانای بەشداریی گەورەی نییە ، هەروەها بۆ کەسێک کە بژێوی یان وەزیفەکەی پەیوەستە بەئەدەب و هونەرەوە ، عەیبی نییە ، بەڵام بۆ غەیری ئەوان نا!

٨ ی ئایاری ٢٠٢٠

# دەزانین تەنها توندبێژی ڕەواجی هەیە

پێشنیارکردنی هەر ڕێگەچارەیەکی سیاسی لەخزمەتی هێشتنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستاندا بەم شێوەیەی ئێستای ، نەک بەدڵی زۆرینەی خەڵک نییە ، بەڵکو ئازاریشیان دەدات!

بێگومان بەدڵی ئێمەیش نییە ! ئێمەیش کە جاروبار لەخزمەتی هێشتنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستاندا پێشنیارێک دەخەینەڕو ، بۆ ئەوەمان نییە هانی خەڵک بدەین بۆ ڕازیبون بەمانەوەی هەرێمەکە بەم شێوەیەی ئێستای ، یان بۆ پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی نێوان پێکهاتە سیاسیەکانی هەرێمەکە لەسەر بنەماگەلێکی سیاسیی هەڵخەڵەتێنەرانە (کوردایەتی و چی و چی) کە یەک کەسیان لەبەتاڵی و هەژاری و لێکەوتەکانی تری گەندەڵی پێ ڕزگار ناکرێ!

ئاگاداری ئەوە هەین کە : گوتاری تەبایی و یەکڕیزی و سازان ، نەک هەر لەئێمە ، بەڵکو لەکادری عەیارە ٢٤ ی حیزبی عەیارە ٢٤ یش ناکڕدرێ بەپولێ!

ئاگاداری ئەوە هەین کە : خەڵکێکی زۆر ، نەک هەر بڕوایان بەوە نەماوە توانای چاکسازی لەبونیادی حکومڕانیی هەرێمدا کارێکی مومکین بێت ، بەڵکو گاڵتەیان بەمانەوەی هەر حیزبێکیش دێت لەحکومەتدا لەژێر دروشمی چاکسازیدا.

ئاگاداری ئەوەیش هەین کە : تەنانەت هەوڵدان بۆ ئومێدەوارکردنی خەڵک لەژێر دروشمی چەسپاندنی لامەرکەزیەت و پەرەپێدانی شارو باشکردنی گوزەران ، ڕەشبینیی خەڵکی پێ نەڕەواوەتەوە.

ئاگامان لەهەمو ئەو ڕاستیانە هەیە!

بەڵام وایش هێشتا گفتوگۆو بیروڕاگۆڕینەوەی ئارام بەباشتر دەزانین تا توندبێژی ، یان کشانەوەو تەماشاکردن لەدورەوە.

لەڕێی گفتوگۆو بیروڕاگۆڕینەوەوە ، ئەگەر نەشتوانین ببینە بابیسی چاککردنەوەی خراپیە زۆرەکانی حکومڕانی ، ڕەنگە بتوانین ببینە بەربەست لەڕێی خراپترکردنیدا ، هەروەها ببینە بەربەست لەڕێی هەوڵی کەسانی کەمئاگا بۆ ڕیشەدارترکردنی کەلتوری شەڕی ناوخۆ.

٨ ی ئایاری ٢٠٢٠

# بگەڕێنەوە بۆ سیستمی پەنجا بەپەنجا

ئەوەی لەم رۆژانەو پێش ئەم رۆژانەو دوای ئەم رۆژانەیش لەهەرێم گوزەراوەو دەگوزەرێ ، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی: -

دیموکراتیەتی کەمینەو زۆرینە (دیموکراتیەتی بڕیارسازی لەسەر بنەمای کەمی و زۆریی دەنگی پەرلەمانی) ، کەڵکی حکومڕانیی نەماوە:

دەبێ پەنا ببرێتە بەر دیموکرتیەتی تەوافوقی (دیموکراتیەتی بڕیارسازی لەسەر بنەمای سازان نەک لەسەر بنەمای کەمی و زۆریی دەنگی پەرلەمانی).

دیموکراتیەتی تەوافوقی ، هەرچەند لەئەسڵدا بۆ کۆمەڵگەی فرەپێکهاتەو فرەکەلتورو فرەئامانج دیزاین کراوە ، نەک بۆ کۆمەڵگەیەکی هاوکەلتورو هاوزمان و هاوئامانجی وەکو هەرێمی کوردستان ، بەڵام کە فرەحیزبی بەتەواوەتی بوبێتە هۆی دروستبونی فرەبونیادی یان دووبونیادی لەپرۆسەی حکومڕانیدا (دوو ئیدارەیی و دوو دامودەزگایی راستەقینە) ، چار نییە ، دەبێ دیموکراتیەتی کەمینەو زۆرینە بخرێتەلاوە ، دیموکراتیەتی تەوافوقی بکرێتە بنەما.

دیموکراتیەتی تەوافوقی ، وەکو ئاماژەمان پێدا ، بۆ کۆمەڵگەی فرەپێکهاتە دیزاین کراوە (بۆ ئەوەی مافی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیی هەموان پارێزراوبێ).

لەکۆمەڵگەی فرەپێکهاتەدا ، عادەتەن رێژەی پێکهاتەیەک لەپێکهاتەیەکیتر جیاوازە ، وەکو ئەوەی لەعێراقدا رویداوە : عەرەب زۆرینەیە ، کورد کەمینەیە ، و ... هتد ، لەبەرئەوە ئەگەر بڕیارسازی لەپرۆسەی حکومڕانیدا ، لەسەر بنەمای کەمینەو زۆرینە بەڕێوەبچێت ، ئەوا مافی پێکهاتە کەمینەکان دەفەوتێ ، کەواتە دەبێ لەسەر بنەمای سازان بەڕێوەبچێت کە بنەمایەکی دادپەروەرانەیە.

بەپێی دیموکراتیەتی سازان و تەوافوق ، کەمینەکان هەر هەمو (بەچاوپۆشی لەڕێژەی دانیشتوانیان) مافی بەکارهێنانی ڤیتۆیان هەیە لەبڕیارسازیدا:

ئەگەر پێیانوابو بڕیارێک بەرژەوەندیی پێکهاتەکەیانی تێدا نییە ، دەتوانن لەڕێی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆوە پەکی بخەن : رێ لەدروستکردنی بگرن.

بەکورتی : لەکۆمەڵگەی فرەپێکهاتەدا ، ئەگەر دیموکراتیەتی تەوافوقی بەرقەراربێ ، بڕیار بەڕەزامەندیی سەرجەم پێکهاتەکان دروست دەکرێ ، نەک بەڕەزامەندیی نیوە بەرەو سەر ، یان سێیەک ، و ... هتد.

یەک پێکهاتە لەپێکهاتەکانی وڵات (تەنانەت ئەگەر بەژمارەی دانیشتوان چارەکی ئەوانیتریش بێت) ، ئەگەر رازی نەبێ بەدروستکردنی بڕیارێک ، ئەوا ئەو بڕیارە ناڕوات.

ئەم پرەنسیپە (دیموکراتیەتی تەوافوقی) ، بۆ کۆمەڵگەی فرەپێکهاتە ، زۆر دروستە ، ئەگەر بەدروستی جێبەجێ بکرێت (وەکو ئەوەی لەدنیای پێشکەوتودا کراوە) ، زۆر نادروستیشە ئەگەر بەنادروستی جێبەجێ بکرێت (وەکو ئەوەی لەعێراق و لوبنان و هەرێمی کوردستانی سەردەمی پەنجا بەپەنجادا کراوە کە تەنها گەندەڵی و تایەفەگەریی لێکەوتۆتەوە).

- ئەگەر دەویسترێ مقۆمقۆی مەرکەزی و لامەرکەزی بخرێتەلاوە ،
- ئەگەر دەویسترێ بەر بەهەڵوەشاندنەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بگیرێ ،
- ئەگەر دەویسترێ ژیانێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیی ئارام بۆ خەڵکی هەرێمەکە دەستەبەر بکرێ ،

ئەوا بگەڕێنەوە بۆ دیموکراتیەتی تەوافوقی : بۆ سیستمی پەنجا بەپەنجا (یان هەر رێژەیەکیتری چونیەک و یەکسان بەپێی پێکهاتە)!

بەڵام:

هەوڵی جددی بدرێ بۆ رێگریکردن لەسلبیاتەکانی ، بەتایبەتی کە ئەزمونی ساڵانی سەردەمی پەنجا بەپەنجا لەبەردەستدایەو دەتوانرێ سودی لێ وەربگیرێ.

بسازێن بەڵام لەسەر بەشکردنی بەرپرسیاریەتیی ژیانی خەڵک.

٧ ی ئایاری ٢٠٢٠

# پەرلەمان فرسەتی لێکترازانی رەخسان

# ئەوەی پەرلەمان کردی چاک نەبو

١٠ - ١٥ سەعاتێک لەمەوبەر ، لەپۆستێکدا ، بەو دوو دێرە ئەهوەنەی سەرەوە ، بۆچونی خۆمانمان دەربارەی کردەوەکەی ئەمڕۆی پەرلەمان دەربڕی ، وتمان:

پەرلەمان فرسەتی لێکترازانی رەخسان!

رەوابو یان نارەوا ؟ پرسیارێک نییە کەڵکی ئێستای ئەزمونی حکومڕانیی هەرێم بگرێ!

چاکبو یان خراپ ؟ ئەمەیان پرسیاری دروستە لەم رەوشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ئێستای هەرێمی کوردستاندا!

ئەوەی پەرلەمان کردی چاک نەبو!

چاک ئەوەبو بەزۆرینەی دەنگی (سەرجەم) فراکسیۆنەکان ، هەڵگرتنی پارێزبەندی رەت بکاتەوە.

پەرلەمان ، بۆ ئەوەی بزانێ چیی کردوە ، با گوێیەک شلکا بۆ سۆشیالمیدیای کوردی (کۆمەڵگە گریمانەییەکەی کوردستان).

پەرلەمان ، بەو کارەی ئەمڕۆی ، بەجارێ نیوەی ئەندامانی خۆیی هەڵداوەتە بەردەم ئیمتیحانێکی سەختی سیاسی (نیوەکەی کە بەشداریی دانیشتنەکەیان نەکرد):

- چۆنیان رزگار دەکا ؟
- چۆنیان دەباتەوە ناو هۆڵی کۆبونەوە ؟

ئەی ئەندامانی بەردەم تاقیکردنەوەکە خۆیان:

- چۆن سەر لەم ئیمتیحانە دەربەن ؟
- بەلای کێدا دایبشکێنن ؟
- بگەڕێنەوە پەرلەمان یان نا ؟

- پاساویان چیبێ بۆ گەڕانەوە (پاساوی نەگەڕانەوە حازرە) ؟

پێشنیاری ئێمە:

ئەوەی چو ، چو!

کۆتایی بە (کۆی دۆسییەکە) بهێنرێ ، دابخرێ ، سەنگوبەردی بنرێ.

کۆمەڵگەکەمان (بەقەوارە سیاسیەکەیشیەوە) ، بەتایبەتی لەئێستادا ، لەمەزیاتر بەرگەی کێشمەکێشی ناوخۆیی ناگرێ.

داخستن و سەنگوبەردنانی کۆی دۆسییەکە ، رەنگە پاساوێکی گونجاوبێ بۆ وەکخۆلێکردنەوەی رەوشی سیاسی .

٦ ی ئایاری ٢٠٢٠

# لامەرکەزی لەئیدارەدانی نارەزایەتیی خەڵکدا!

چەسپاندنی لامەرکەزیی ئیداری لەهەرێمی کوردستان ، کارێکی زۆر پێویستە!

مەرکەزیەتی ئیداری لەهەرێمی کوردستان تاقی کرایەوە ، زۆر خراپ و ناعادیلانە جێبەجێ کرا ، زۆرتر بەهۆی خراپبەکارهێنانی مەرکەزیەتی ئیدارییەوە بیر لەچەسپاندنی نامەرکەزیی ئیداری کراوەتەوە.

نامەرکەزیی ئیداری لەهەرێمی کوردستان ، ئەگەر لەهەلومەرجێکی (ناوخۆیی ، ئیقلیمی ، جیهانی) ی گونجاودا جێبەجێ بکرێ باشترین شتە ، بەڵام ترس و دوودڵیەکە لەوەدایە کە:

لەهەلومەرجێکی (ناوخۆیی ، ئیقلیمی ، جیهانی) ی زۆر خراپدا ، خەریکی جێبەجێکردنین ، پەلەپەلی زۆری پێوە دیارە ، وەکو رێوشوێنێکی کتوپڕ وەهایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی کوپڕ!

پێدەچێ پلانێکی هاوبەشی کۆی حیزبەکانبێ ، بۆ دامرکاندنەوەی نارەزایەتیی ناوخۆیی ، کە سلێمانی سەنتەری نارەزایەتیەکەیە.

بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە لەهەلومەرجێکی خراپدا دەستی بۆ براوە ، پێناچێ نارەزایەتیی خەڵکی پێ چارەسەر ببێ ، هەروەها پێناچێ کێشە زۆرەکانی حکومڕانیی پێ چارەسەر ببێ.

دەگوترێت : سنوری ئیدارەی سلێمانی ، نەوت وغازی زۆری تێدایە ، دەتوانرێ خزمەتی باشی سنورەکەی پێ بکرێ.

لێرەدا (بێجگە لەکێشەی گەندەڵی کە هەمیشە لەرێدایە) دوو کێشە هەیە :-

یەکەم

دەستبردن بۆ نەوت و غاز ، ئیختیساسی حکومەتی مەرکەزیی هەرێم دەبێ (ئەگەر پرۆسەی بەشکردنی دەسەڵات لەسنوری لامەرکەزیی ئیداریدا بگیرسێتەوەو سەرنەکێشێ بۆ ماڵجیاییەکەی ساڵانی نەوەتەکان):

داهاتی ئیدارەکە تەنها دەرسەدێک دەبێت (پێنجەدەرسەد لەداهاتی هەر بەرمیلێک نەوت - بەپێی یاسای ژمارە ٢١ ی ساڵی ٢٠٠٨ ی عێراق / یاسای پارێزگاکان).

دوەم

ئەگەر پرۆسەی بەشکردنی دەسەڵات سەربکێشێ بۆ ماڵجیاییەکەی ساڵانی نەوەتەکان ، دەستبردن بۆ نەوت و غاز ، ئیختیساسی حکومەتی ناوەندیی بەغدا دەبێ ، تەنها دەرسەدەکە بۆ ئیدارەکە دەمێنێتەوە.

ئەگەر هەردو دەسەڵاتە مەرکەزیەکەش (بەغدا - هەرێم) نادیدە بگیرێن و بخرێنە لاوە ، ئەوا وەبەرهێنان لەکەرتی نەوت و غازدا ، کێشەی شەرعییەت و تەمویل و هەناردەکردنی دێتەڕێ (وەک ئەوەی کە حاڵی حازر بەسەر حکومەتی هەرێم هاتوە).

٥ ی ئایاری ٢٠٢٠

# عەبدولباری وتەنی والأيام بيننا

رەنگە ، سەرەنجام چەسپاندنی لامەرکەزیی ئیداری لەهەرێمی کوردستاندا ، ببێتە راستی!

- بۆچی ؟

چونکە دەبێتە هۆی بەشکردنی ئۆباڵی خراپیی رەوشی سیاسی و ئابوری و ئیداریی هەرێمەکە بەسەر زیاد لەلایەنێکدا ، کە پێدەچێ ئەمە بەدڵی زۆربەی حیزبەکان بێت.

بەڵام پێناچێ پرۆسەکە لەسنوری لامەرکەزیی ئیداریدا بگیرسێتەوە ، بەڵکو رەنگە سەرەنجام سەر بکێشێ بۆ دروستکردنەوەیماڵجاییەکەی پێش یەکخستنەوەی ئیدارە.

- بۆچی ؟

چونکە پێشتر پرۆسەی بەشکردنی دەسەڵاتی کارگێڕی و داراییمان لەحیزبی کوردی بینیوە:

لەبیرمانە لەبەشکردنی دەسەڵاتی کارگێڕی و داراییدا ، گەیاندیانە کوێ!

بێگومان لەماڵجیایی ئەمجارەشدا ، وەکو جاری پێشو ، داهات و قازانج و زەرەری ئیدارەیەک ، فەرقی دەبێ لەداهات و قازانج و زەرەری ئیدارەکەیتر:

دانیشتوانی سنوری ئیدارەی سلێمانی و حکومەتەکەیان ، داهات و جموجوڵی ئابوری و بازرگانییان کەمتر دەبێ لەداهات و جموجوڵی ئابوری و بازرگانیی دانیشتوانی سنوری ئیدارەی هەولێرو حکومەتەکەیان (رەنگە زۆر کەمتر).

دوو هۆکار هەیە بۆ ئەوەی ئەم بۆچونەمان هەبێت:

**یەکەم**

ئێران کە دەروازەی سەرەکیی بازرگانیی ئیدارەی سلێمانییە بەسەر دەرەوەدا ، لەژێر ئابلۆقەی سیاسی و ئابوریدایە ، لەبەرئەوە ، بەخۆی و بەسەرجەم مەرزەکانیەوە ، دەروازەیەکی باشی بازرگانی و سەرچاوەیەکی باشی داهات نابێت ، نە بۆ حکومەتی بەغدا ، نە بۆ حکومەتی هەرێمی سلێمانی (بەتایبەتی لەمەودوا).

**دوەم**

توركيا كە دەروازەی سەرەكیی بازرگانیی ئیدارەی هەولێرە بەسەر دەرەوەدا ، لەناو گەمە سیاسییە ئیقلیمی و جیهانیەكەدا ، براوەترە ، دەستكراوەترە ، لەبەرئەوە (وەكو ساڵانی سەردەمی شەڕی ناوخۆی هەرێم) سەرچاوەی داهات و جموجوڵێكی باشی ئابوری و بازرگانی دەبێ بۆ حكومەتی هەرێمی هەولێر (هەروەها بۆ حكومەتی بەغدا) ، حكومەتی هەرێمی هەولێریش زۆر پابەندی پاراستنی ئەو بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسییەی خۆی دەبێ!

ئەوسا دانیشتوانی سنوری ئیدارەی سلێمانی دیسان هاواریان لێ هەڵدەستێتەوە:

داوای یەكخستنەوەی ئیدارەو بەشە داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل دەكەنەوە.

جگەلەوە:

بازرگانی لەمەرزەكانی هەردو ئیدارەكەدا ، وەك هەمیشە ، لەژێر هەژمونی قۆرخكاریی كۆمپانیا گەورەكاندا دەبێ ، رەنگە كەمترین هەلی كار بۆ خەڵكی ئاسایی بڕەخسێ تیایاندا.

بەڵام:

فرسەتی حیزبایەتی و سەنگەرگۆڕین بەباشی دەڕەخسێتەوە.

عەبدولباری عەتوان وتەنی : والأيام بيننا .

٥ ئ ئایاری ٢٠٢٠

# پەرەپێدانی شار یان پەرەپێدانی کێشە

**لەلوبنانەوە دەچینە ناو بابەتەکە:**

پلانی حکومەتی لوبنان بۆ چاکسازیی ئابوری ، برگەیەکی تێدا هاتوە ، دەڵێ :-

بۆ بەشداریکردن لەڕاستکردنەوەی ئابوریی شکستخواردوی وڵات ، پێشنیار دەکەین سندوقێکی تایبەت دابمەزرێنرێ ، کە لەپارەی بەتاڵانبراو و گەڕێندراوەی گەل ، پارەدار بکرێ.

بەڵام با ئێمە بپرسین:

- چۆنچۆنی ؟

بەرپرسی تاڵانچی ، خۆی بێتە پێشەوە ، بەبڕێک پارە ، بەشداری لەپارەدارکردنی سندوقەکەدا بکا؟

بەرپرس هەیە بەپێی خۆی لەسندوقێکی وەها بچێتە پێشەوە ، بەشداری لەپارەدارکردنیدا بکا (وەکو تاڵانچییەک) ، سەرەنجام مۆرکی تاڵانچێتی لەناوچاوی خۆی بدات؟

- ئەی چار ؟
- بەتۆمەتی (اثراء غیر مشروع) وەکو لوبنانیەکان خۆیان دەیڵێن ، تاڵانچیان بدرێنە دادگاو سامانی دزراوی گەلیان لێ وەربگیرێتەوە ؟
- جوڵاندن و یەکلاییکردنەوەی داوای یاسایی دژی گەندەڵکاران ، لەم کاتەدا کە خەڵکی وڵاتەکە چاوەڕێی چاکسازیی ئابوریی خێرایە ، ئەنجامی پۆزەتیفی دەبێ ؟
- باشتر نەبو لەجیاتیی پێشنیاری دامەزراندنی سندوقێک لەژێر ناونیشانی (سندوقی پارەی بەتاڵانبراو و گەڕێندراوەی گەل) ، پێشنیاری دامەزراندنی سندوقێک بکرێ لەژێر ناونیشانێکی گونجاودا (بۆ نمونە : سندوقی تەکافولی کۆمەڵایەتی) ؟
- باشتر نەبو بەزمانێکی گونجاو هانی بەرپرسانی دەوڵەمەندو کۆمپانیاکانی حیزبەکان بدرێ بۆ دروستکردن و پارەدارکردنی سندوقێکی لەوجۆرە ؟

- دۆزینەوەی ناونیشانێکی گونجاو بۆ سندوقەکە ، جێبەجێکردن و سەرخستنی پێشنیارەکەی ئاسانتر نەدەکرد ؟
- کێشەی نەداری و بێموچەیی خەڵک ، دەبێ چارەسەر بکرێ ، یان دەبێ کێشەی دیکەی لێ بسازێنرێ ؟

- دەی با پلانی ئێمە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئابوریی شکستخواردوی هەرێم ، کە سەرجەم لایەنە سیاسیەکان ، بەرێژەو شێوازی جۆراوجۆر ، بەشدارن لەشکستپێهێنانیدا ، بۆ چارەسەرکردن بێت نەک بۆ چارەسەرپەککستن!
- با پێشنیاری دامەزراندنی سندوقێک بکەین ، بەکۆمەکی دارایی بەرپرسانی دەوڵەمەندو کۆمپانیاکانی حیزبەکان ، بۆ بەشداریکردن لەدابینکردنی موچەی فەرمانبەران.
- با لانیکەم لەم وەختە ناسکەدا ، بەپێشنیارکردنی چارەسەری ئاڵۆز ، رەوشی ئابوری و ئیداری و سیاسیی هەرێمەکە ئاڵۆزتر نەکەین (ئەگەر دەمانەوێ کێشەی خەڵک چارەسەر بکەین).
- با لانیکەم لەم کاتەدا کە خەریکە نیشتیمان بەسەر هەمواندا دەڕوخێ (بەسەر پارەداران و خاوەنبەرژەوەندییە ئابورییە قەبەکاندا بەر لەفەرمانبەران و چینی ناوەند) ، بەدەستەواژەی گونجاو تاووتوێی کێشەکانمان بکەین ، بەپێشنیارکردنی رێگەچارەی مەعقول و مومکین ، روبەڕوی قەیرانەکە ببینەوە.

ئاخر (بۆ نمونە):

- لەمکاتەدا کە رەنگە بەرمیلێک نەوتی فرۆشراو پێنج دۆلاری سافی بۆ حکومەتی بەغدا نەهێڵێتەوە ، ئەگەر خەڵکی بەصرە لەسەر بنەمای یاسای ژمارە ٢١ ی ساڵی ٢٠٠٨ (یاسای پارێزگاکان) ، بەئامانجی پەرەپێدانی پارێزگاکە ، داوای پێنجەدرسەد لەهەر بەرمیلێک نەوتی فرۆشراوی پارێزگاکە لەحکومەتی بەغدا بکەن ، کارێکی گونجاوە ؟

- ئەگەر حکومەتی محەلیی سلێمانی ، بەتەمابێ لەم کاتی بێموچەیی و بێدەرەتانییەی خەڵکدا ، بەغەراماتی مروری داهات دەستەبەر بکا بۆ پەرەپێدانی شارەکە ، کارێکی گونجاوە ؟

- ئەگەر حکومەتی هەرێم ، بەتەمابێ بەهەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتار ، باری لاری خۆی و خەڵکی هەرێمەکە راست بکاتەوە ، کارێکی گونجاوە ؟

٤ ی ئایاری ٢٠٢٠

# کودەتایەکیتر لەتورکیا بەڕێوەیە

١٥ ی تەمموزی ٢٠١٦ ، کودەتایەکی سەربازیی خوێناوی ، تورکیای هەژاند!

هەندێ کەس بەڕوداوێکی راستەقینەیان دایەقەڵەم ، هەندێ کەسیتر ، ئێستایشی لەگەڵبێ ، دەڵێن : دەستکردی حیزبی حاکم خۆی بو (سیناریۆبو) ، بۆ ئەوەیبو فرسەت بڕەخسێنێ بۆ تەسفیەکردنی دوژمنە ناوخۆییەکانی لەناو دامودەزگا سەربازی و قەزائی و مەدەنیەکاندا.

کودەتاکە ، حیزبی فەرمانڕەوا خۆی زەمینەی سازبونی بۆ رەخساندبێ ، یان خۆبەخۆ سازابێ ، کودەتابو:

خوێنی زۆری تێدا رژا ، حساباتی زۆر قورسی بەدوادا یەکلایی کرایەوە ، ناکۆکیی زۆر قوڵی ناوخۆیی بەدوادا هات کە تا دێت قوڵتر دەبێتەوە.

بەڵام لەو کودەتا سەربازییە قورسترو راستەقینەتر ، کودەتای دوای ئەوەبو (کودەتای حیزبی حاکم بەسەر سیستمی سیاسی و میراتیی سیاسیی لەوەوبەردا):

حیزبی حاکم ، بەبیانوی بەشداریکردنیانەوە لەکودەتا سەربازیەکەدا ، بەجارێ دامودەزگا سەربازی و قەزائی و مەدەنیەکانی ، لەسەرجەم دوژمنان و گومانلێکراوانی ناوخۆیی پاککردەوە ، سەرەنجام دامەزراوەی سوپای لەجوڵە خست ، پاشتر سیستمی حکومڕانیی لەپەرلەمانییەوە گۆڕی بۆ سەرۆکایەتی.

ئەمەی حیزبی حاکم کردی ، کودەتای راستەقینەبو بەسەر تورکیای کەمالیدا:

تورکیای کەمالی ، دامەزراوەی عەسکەر ، هەمەکارەی بو.

تورکیای ئێستا ، تەنها سەرۆکی وڵات خۆی ، هەمەکارەیەتی.

تورکیای کەمالی پەرلەمانی بو ، تورکیای ئێستا سەرۆکایەتییە.

زەمینەی ئەم کودەتایە بەسەر تورکیای کەمالیدا ، کودەتا سەربازیەکەی ١٥ ی تەمموزی ٢٠١٦ رەخساندی.

وا مێژو خەریکە وردە وردە خۆی دوبارە دەکاتەوە:

خەریکە کودەتاکەی حیزبی حاکم بەسەر تورکیای کەمالیدا ، زەمینە دەڕەخسێنێتەوە بۆ کودەتای تورکیای کەمالی بەسەر تورکیای ئێستادا.

بێگومان بەهۆی ئەو کێشمەکێشە ناوخۆییانەوە کە دوای بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ، تورکیاو زۆرێک لەوڵاتانی گرتۆتەوە ، زەمینەی ئاڵوگۆڕی سیاسی لەتورکیاو زۆر شوێنی دنیا رەخساوە ، چ لەڕێی دیموکراتی و هەڵبژاردنەوە ، چ لەڕێی ترەوە.

بەپێی هەندێ سەرچاوە ، لەناوخۆی تورکیادا ، کار گەیشتۆتە ئەوەی لایەنەکان هەڕەشە لەیەکتر بکەن.

دەنگوباسی کودەتای نوێ ، لەسەر ئاستی جەماوەرییش ، بەگەرمی لەناوخۆی تورکیادا بڵاوە ، تەنانەت کار گەیشتوتە سەر هاشتاگکردن لەناو جەماوەردا : پێڕێ لەگەڵ و پێڕێ لەدژ!

لەنێوان حیزبی حاکم و حیزبەکەی کلیچدار ئۆغڵۆ ، کار گەیشتۆتە ناوهێنانی یەکتر بەئاشکرا ، بگرە کار گەیشتۆتە هەڕەشە لەیەکترکردن و تەعبیئەی جەماوەری لەدژی یەکتر.

شایانی باسە : چەند مانگێکە ، سەنتەرێکی توێژینەوەی سەربازیی ئەمریکی ، راپۆرتی دەربارەی ئەم مەسەلەیە بڵاو کردۆتەوەو هۆشداریی داوە لەوەی لەتورکیا کودەتا بەڕێوەیە.

بەڵام هەندێ سەرچاوە ، بڵاوکردنەوەی واتەوات لەناوخۆی تورکیادا دەربارەی کودەتای نوێ ، بەکارێکی تری فێڵبازانەی رژێمی حاکم خۆی ، دەدەنە قەڵەم .

٣ ی ئایاری ٢٠٢٠

# جاده لەبەرترە یان گیرفان؟

**دەربارەی لامەرکەزیی ئیداری**

هەمومان دەزانین : کێشەی سەرەکیی مرۆڤ ، لەهەر شوێنێکی دنیا ، کێشەی بژێوییە!

تا کێشەی بژێوی لەئارادابێ ، هیچ کێشەیەکیتر بەکێشە ناگیرێ!

مرۆڤ ، ئەگەر موچەی لێ گیرابێتەوە ، داوای دروستکردنی جادە ، مەکتەب ، خەستەخانەو مزگەوت ناکات ، داوای موچە دەکات.

ئەگەر چرای ماڵی کوژابێتەوە ، داوای چرا بۆ مزگەوت ناکات ، داوای چرا بۆ ماڵەکەی خۆی دەکات (تا ماڵ وەستابێت مزگەوت حەرامە).

خەڵکی هەرێم ، لە ٢٠١٥ بەدواوە ، داوای موچە لەحکومەت دەکەن ، نەک داوای بودجە بۆ پەرەپێدانی شارەکانیان.

مامۆستای کورد ، لەسەرجەم هەرێمدا ، ساڵەهایە لەپۆلی ناستانداردو مەکتەبی ناشایستەدا وانە دەڵێتەوە ، تەنها لەو سەروەخت و ساڵانەدا ئەو کێشەیەی بەکێشەی راستەقینە زانیوەو دەنگی لەئاستیدا هەڵبریوە کە موچەکەی خۆی مسۆگەر بو ، ئێستا کە موچەکەی بەنیوەوناچڵییش مسۆگەر نییە ، ئیدی کێشەی راستەقینە بۆ ئەو بریتییە لەکێشەی بژێوی.

- لامەرکەزیی ئیداری ، ئەم کێشە راستەقینەیەی مامۆستا ، چۆن چارەسەر دەکات ؟
- لامەرکەزیی ئیداری ، چۆن ئەو قەیرانە سەختە ئابوری و داراییە چارەسەر دەکات کە بەسەر هەرێمەکەدا هاتوە ؟
- لامەرکەزیی ئیداری ، بۆ دابەشکردنی بودجەی تایبەت بەپەرەپێدانی شارەکانە بەشێوەی دادپەروەرانە ، یان بۆ دابەشکردنی کۆی داهاتی نەتەوەیی هەرێمەکەیە بەسەر دوو زۆندا (وەکو سەردەمی دوو ئیدارەیی) ؟
- ئەگەر بۆ دوو ئیدارەیی نییەو بۆ دابەشکردنی بودجەی تایبەت بەپەرەپێدانی شارەکانە بەشێوەی دادپەروەرانە ، پەرەپێدانی شار بەفەرمانبەر چی کە موچە نەبێ بیدرێتێ ؟

- حکومەتی هەرێم ، لەم کاتەدا کە داوای چەسپاندنی لامەرکەزیی ئیداریی لێدەکرێ ، ئەوەندە داهاتی هەیە بتوانێ ساڵانە بڕێکی باشی لێ تەرخان بکا بۆ دانەوەی قەرزە دەرەکیەکانی سەرشانی و دابینکردنی موچەو تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بەپەرەپێدانی شارەکان ، تا لەپێناوی دەستەبەرکردنی بەشە بودجەی یەکسان بۆ پەرەپێدانی شارەکان ، بیر لەچەسپاندنی لامەرکەزیی ئیداری بکەینەوە ؟
- لامەرکەزیی ئیداری لەئەسڵدا بۆ دەستەبەرکردنی بەشە بودجەی تایبەت بەشارەکان نییە بەشێوەی دادپەروەرانە ؟
- ئەی ئەگەر داهاتی هەرێمەکە بەشی موچەی فەرمانبەران ناکا ، حکومەت قەرزی دەرەکیی لەسەرەو دەبێ وردە وردە خەریکی دانەوەی بێت ، لامەرکەزیی ئیداری بۆچی ؟ چیی پێ بکرێ ؟ چیی پێ بەش بکرێ ؟ ئەو دادپەروەرییەی کە لامەرکەزیی ئیداری دەیهێنێتەبون ، دادپەروەری دەبێ لەدابەشکردنی چیدا ؟
- دەکرێ فەرمانبەر بۆ موچە دامابێت و ململانێ لەسەر پچڕینی بەشە بودجەی تایبەت بەپەرەپێدنی شارەکان بێت ؟
- شار بەفەرمانبەر چی کە ئەو کرێچی بێت تیایداو بەدەستیەوە نەبێ سەری مانگ کرێکەی تەسلیم بکا ؟
- شار لەبەرترە ، یان شارنشین ؟
- جادە لەبەرترە یان گیرفان ؟
- جادە هینی فەرمانبەرە یان گیرفانی خۆی ؟
- لامەرکەزیی ئیداری ، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاو و ئاوەڕۆ و قوتابخانەو مزگەوت و پڕۆژەگەلی لەوجۆرەیە لەناو شارەکاندا ، یان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موچە ، کە کێشەی راستەقینەی ئەمڕۆی خەڵکی هەرێمە ؟

لەهەموی گرنگتر:

- ئەگەر وەیشومەیەک روی کردە هەرێمەکە (کە حاڵی حازر روی تێکردوە) ، لامەرکەزیی ئیداری کوێی هەرێمەکەی پێ دەپارێزرێ ؟

٢ ی ئایاری ٢٠٢٠

# ئیدارەی مەرکەزی و لامەرکەزی لەهەرێم

بۆ زاڵبون بەسەر گرفتە قوڵە ئیداری و سیاسی و ئابوریەکاندا ، دەبێ کەلتوری حکومڕانی (عەقڵییەتی حکومڕانی) بگۆڕدرێ ، ئەگینا بەگۆڕینی سیستمی ئیداری لەمەرکەزییەوە بۆ لامەرکەزی ، یان لەلامەرکەزییەوە بۆ مەرکەزی ، هیچ ناگۆڕدرێ.

٣٠ ساڵی پێشوی حکومڕانیی هەرێم شاهێدە:

دوو ئیداریی و لامەرکەزییش بەرقەرابو بەڵام گەندەڵی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت لەهەردو ئیدارەکەدا سیمای دیاری حکومڕانی بو.

لەوانەیە ، ئەگەر لەپارێزگایەک و زۆنێک ، ئیرادەیەکی نوێی جددی هەبێت بۆ ئاڵوگۆڕ لەعەقڵییەتی ئیداریدا ، بەڵام بەهۆی سیستمی ئیداریی مەرکەزییەوە بەربەست هاتبێتە ڕێی ئەو ئیرادەیە ، پەنابردنەبەر سیستمی ئیداریی لامەرکەزی فرسەت بڕەخسێنێ بۆ تاقیکردنەوەی ئەو ئیرادەیەو ئەو نێتە!

بەڵام بێین بڵێین : بۆ زاڵبون بەسەر گەندەڵی و گرفتەکانی تری حکومڕانی لەهەرێم ، حوکمە ، دەبێ سیستمی ئیداریی لامەرکەزی جێبەجێ بکرێ ؛ ڕەنگە هەڵەبین!

یان بێین بڵێین : حوکمە ، سیستمی ئیداریی لامەرکەزی ، گەندەڵی و گرفتەکانی تری حکومڕانیی هەرێم چارەسەر دەکا ؛ ڕەنگە هەڵەبین.

ئەگەر ئیرادەی چاکسازیی ئیداری و ئابوری و سیاسی لەئارادابێ ، دەتوانرێ لەچوارچێوەی سیستمی مەرکەزیەتی ئیدارییشدا ئەو ئیرادەیە سەر بخرێ ، ئەگەر لەئارایشدا نەبێ ، ئەوا لامەرکەزیەتی ئیدارییش ناتوانێ بیهێنێتە ئارا!

٢ ی ئایاری ٢٠٢٠

# لوبنان نێچیری نوێی تورکیا

**(دوای سوریاو لیبیاو ... هتد)**

ماوەی ٤٠٠ ساڵ ، لوبنان ژێر دەستەی دەوڵەتی عوسمانی بو.

پاش تەفروتونابونی دەوڵەتی عوسمانی ، کەوتە ژێر دەستی فەرەنسا.

دوای ئەوەی سەربەخۆیی بەدەست هێنا ، ماوەی ١٥ ساڵ لەجەنگی ناوخۆییدا ژیا (١٩٧٥ - ١٩٩٠).

لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی ناوخۆیی ، وردە وردە کەوتەوە سەرپێ (هاوکات لەگەڵ راپەڕینی خەڵکی کوردستانی باشورو دروستبونی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان).

بەڵام لەکۆتاییدا ، بەهۆی سەرلێشێواویی سیاسی و تایەفەگەری و گەندەڵی و لەم دواییانەشدا بەهۆی ئەو قەیرانە ئابورییە جیهانییەوە کە کۆرۆنا سازاندی یان گەیاندیە لوتکە ، توشی داڕوخانێکی ئابوری و دارایی گەورە هاتوە ، رێک وەک ئەوەی بەسەر خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستاندا هاتوە.

لوبنان ، لەڕوی پانتایی جوگرافییەوە ، چارەکێکی هەرێمی کوردستان دەبێ ، بەڵام لەڕوی ژمارەی دانیشتوانەوە ، رەنگە بەقەد هەرێمی کوردستان ، یان شتێک کەم و زیاتر ببێ.

لوبنان و هەرێمی کوردستان ، لەمێژودا ، لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا ، لەڕەوشی ئابوری و ئیداری و سیاسیدا ، تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوەن:

هەردوکیان فرەپێکهاتەن ، هەردوکیان گرفتاری کێشەی قوڵی ئیداری و ئابوری و سیاسین ، هەردوکیان سەردەمانێکی زۆر ، ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانی بون ، هەردوکیان چاوی تەماعی تورکیایان لەسەرە:

(لەلوبنان ، تا ئێستاش ، چەندوچون و گفتوگۆ دەربارەی قۆناغی ژێردەستەیی عوسمانی ، لەنێوان بەرپرسانی باڵای حکومی ، مێژونوسان ، رۆژنامەنوسان و سیاسەتمەداران ، بەگەرمی لەئارادایە

، تەنانەت لەمدواییانەدا بەهۆی لێدوانێکی سلبیی میشێل عۆنی سەرۆککۆماری وڵاتەکەوە دەربارەی لوبنانی سەردەمی عوسمانی ، کێشمەکێش کەوتە بەینی بەیروت و ئەنقەرە ، کە ئەمە دەیسەلمێنێ تورکیا هێشتا چاوی لەسەر لوبنانە).

بەڵام لوبنان دەوڵەتەو هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی فیدراڵی لەناو دەوڵەتدا.

حاڵی حازر ، لوبنان سەرگەرمی تاووتوێکردنی پلانێکی ئابوری و دارایی و نەقدییە ، بەئامانجی هەڵسانەوە لەو رەوشە خراپەی تێیکەوتوە.

ئەم پلانە ، ئەگەر پەرلەمان پێی رازیبێ ، لەکورتماوەدا لێکەوتەی کۆمەڵایەتیی زۆر خراپی دەبێ:

هەژاری ، بێکاری ، داتەپینی بەهای دراوی نیشتیمانی ، جیاوازیی قوڵی چینایەتی و زۆر شتی تری خراپ.

سەندیکای بانکەوانان (جمعية المصرفيين) ، بەهۆی ئەوەوە کە لەدارِشتنی پلانەکەدا پرسی پێ نەکراوە ، هەروەها بەهۆی ئەوەوە کە پلانەکە مەترسی دەخاتە سەر موڵکییەتی فەردی (وەکو دەیڵێن) ، هانی پەرلەمانی داوە دەنگی نەدەنێ ، هەروەها بەڵێنی داوە بەوزوانە پلانێکی بەدیل پێشکەش بکا.

پلانەکەی حکومەت ، لەلایەن سەرۆکی حکومەت و سەرۆککۆمارەوە ، وەکو پلان و روداوێکی مێژوویی وەسف دەکرێ.

بەبۆچونی هەندێ لەشارەزایان ، ئەو پلانە ، ئەگەر جێبەجێ بکرێ ، رەنگە ببێتە هۆی ئاڵوگۆرێکی ریشەیی لەسیستمی ئابوریدا (لەسیستمێکی ئابوریی لیبراڵییەوە بەرەو سیستمێکی تری ئابوری کە جارێ مەعلوم نییە چۆن دەبێ و چی دەبێ)!

خاڵی بنەرِەتی لەپلانەکەدا ئەم دوانەیە:

- قەرزکردنی چەندین ملیار دۆلار ، لەسندوقی دراوی نێودەوڵەتی (هەروەها قەبوڵکردنی مەرجەکانی سندوقەکە: بەتایبەتی تەعویمی دراو بەڵام بەشێوەیەکی نەرم و لەسەرخۆ نەک یەکسەرو کتوپرِ).
- گلدانەوەی برِێک لەو پارانەی لەلایەن گەورە سەرمایەدارانی ناوخۆیی و دەرەکییەوە سپێردراون بەبانکەکان لەوڵاتەکەدا ، بەرِەزامەندیی خاوەنپارەکان ، تا ئەو کاتەی دەتوانرێ بدرێنەوە ، بەرامبەر بەوە ، تەخویلکردنی خاوەنپارەکان بەکرِین و هەڵگرتنەوەی پشک لەبانکەکان.

ئەم خاڵەی دواییان ، هەندێک ترسی خستوتەوە:

ترسی ئەوەی شیعە پارەدارەکانی وڵاتەکە ، ببنە پشکداری گەورە لەبانکەکاندا ، سەرەنجام بەو هۆیەوە بانکەکان بکەونە بەر هەرِەشەی ئابلۆقە لەلایەن ئەمریکاوە.

خاڵی یەکەمیشیان بەتەواوی بەهای لیرەی لوبنانیی شکست پێهێناوە ، هەروەها ترسی زۆری لەناو خەڵکی وڵاتەکەدا خستۆتەوە:

لەخۆپیشاندانێکی ئەم یەک دوو رۆژەی خەڵکی وڵاتەکەدا ، مەراسیمی بەخاکسپاردنی لیرە سازکرا (کە بریتی بو لەتابوتێک بەسەر شانی هاوولاتیانەوە ، وێنەی لیرە لەتابوتەکە درابو ، بەدەم سەمای مەرگەوە کە سەمایەکی بەناوبانگە).

لوبنان (هەروەها هەر وڵاتێکی تری کۆنەژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانی بەعێراق و هەرێمەکەی خۆیشمانەوە) ، ئەگەر نەتوانن باری ئابوریی خۆیان راست بکەنەوە ، یەکەم شەڕ کە یەخەیان دەگرێ رەنگە شەڕی تورکیابێ:

ئابوریی تورکیا ، لەئابوریی زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەو دنیا ، داڕوخاوترە ، بەڵام دەوڵەتەکە ، لەزۆربەی دەوڵەتانی ناوچەکەو دنیا ، دەستکراوەترە بۆ هەڵسانەوەو خۆگرتنەوە ، جا بەپەلاماردانی خۆبەخۆی کۆنەخاکەکانی دەوڵەتی عوسمانی بێت ، یان بەرێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکان لەسەر دیزاینکردنەوەی سیاسەتی دنیای پاش کۆرۆنا ، یان بەهەر شێوەیەکیتر.

٣٠ ی نیسانی ٢٠٢٠

# سەرکردەگەلی رەئی

قسەکەرانی کاریگەر ، لەئەدەبیاتی سیاسی و رۆژنامەوانیی دنیاو ناوچەکەدا ، پێیان دەگوترێ: سەرکردەگەلی رەئی / قادة الرأي.

بۆ ئەوەی قسەکەر یەکێک بێت لەسەرکردەگەلی رەئی ، دەبێ:

- شارەزایی باشی هەبێ لەو بوارەدا کە قسەی تێدا دەکا.
- جێگەی متمانەی خەڵک بێت.
- گفتوگۆ و پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵ خەڵک هەبێ ، لەرێی کەناڵە جۆراوجۆرەکانی گەیاندنی بیروڕاوە.

سەرکردەگەلی رەئی ، لەدنیادا ، هەم دەسەڵات گوێیان لێدەگرێ هەم خەڵک!

بەڵام لەهەرێمی کوردستان ، ساڵانێکە ، فەزای گشتیی قسەکردن و بیستن ، زۆر خراپ شلۆق و بێکەڵکە:

نە کەسانێکی وا ماون (ئەگەر پێشتریش هەبوبن) کە بکرێ ناو بنرێن سەرکردەگەلی رەئی ، نە رەوشی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیی هەرێمەکە لەوەدا ماوە قسەی تێدا بکرێ و ببیسترێ: (دەسەڵات نابیسێ و خەڵکیش هەر نابیسێ)!

هۆکاری ئەمە خراپیی ئەزمونی حکومڕانییە.

لەهەرێمی کوردستان (سەرلەبەری هەرێمی کوردستان نەک یەک شارو دوو شار) ، شارەزاترین و پەرێزپاکترین و دەرکەوتوترین قسەکەر ، ئەو کاتە لەلایەن خەڵکەوە قسەی دەبیسترێ کە بەردەوام لەگەڵ خستنەڕوی بۆچونەکانیدا ، بەهەق و بەناهەق ، بەردێک بگرێتە ئەزمونی حکومڕانیی هەرێم ، کە بەهەمو شێوەیەک حاشا لەهەمو کردەوەیەکی باشی حکومڕانان بکا (ئەگەر هەیانبێ)!

ئەو کاتەیش لەلایەن دەسەڵاتەوە قسەی دەبیسترێ کە قسە نەکات ، رێگە بدات قسەنەکردن و بێدەنگیەکەی ببیسترێ (تەفسیر بۆ بێدەنگیەکەی بکرێ) ، وەکئەوەی هەر ئەسڵەن پێویست بەقسەی ئەو نەبێ ، هەمو شتێک رۆشن بێت ، زانرابێت دەبوایە چی بکرێ و چی نەکرێ.

هۆكاری ئەمە (دیسانەوە دوپاتی دەكەمەوە): خراپیی ئەزمونی حكومڕانییە.

حكومڕانانی هەرێم ، هەقە زۆر بەجدی لەم هاوكێشەیە وردببنەوە!

ئەگەر حساب بۆ قسەی كەسانی خاوەنڕایش ناكەن ، حساب بۆ ئەو هەمو ناڕەزایەتییە بكەن كە لەكۆمەڵگەدا بەرامبەر بەسیستمی حكومڕانی هەیە.

ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین:

سەرلەبەری لایەنە سیاسیەكان لەهەرێمدا ، بەجیاوازیی دروشمە سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتیەكانیانەوە ، متمانەیان لەناو خەڵكدا لەدەست داوە!

رەنگە تەنها بەلەخۆبوردوییەكی گەورە ، بەدەستبەرداربونێكی جددیی فەوریی راستەقینەی مەلموس لەعەقڵییەتی تا ئێستای حیزبایەتی و حكومڕانییان ، بتوانن شتێک لەهاوكێشەكە بگۆڕن.

٣٠ ی نیسانی ٢٠٢٠

## لەگەڵ ئەم ڕەوشە ئابورییەدا چی بکرێ؟

بۆ خۆسازاندن لەگەڵ ئەم ڕەوشە ئابورییەی کۆرۆنا هێناویەتیە ئارا ، حکومەتی هەرێم چی بکات؟

ئەمە ئەو پرسیارە جدییەیە کە دەبێ پسۆڕی ئابوری وەڵامی بداتەوە.

بەڵام ئێمەومانانیش ، وەکو کەسانێکی موتابیع ، خراپ نییە بەشداری لەوەڵامدانەوەیدا بکەین.

حکومەتی هەرێم ، چەندین ساڵە ، گرفتاری قەیرانی دارایی و ئابوری و سیاسییە ، لەگەڵ دەرکەوتنی کۆرۆنادا تێوەنەگلاوە.

بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی کۆرۆنادا ، بەتەواوەتی تێوەگلاوە! تەنانەت موچەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتیی پێ دابین ناکرێ!

لەحاڵەتێکی وادا ، ڕەنگە خێراترین بیرۆکە کە بەبیردابێ ، بیرۆکەی قەرزکردن بێت (چ قەرزی دەرەکی چ قەرزی ناوخۆیی).

بەگوێرەی بۆچونی بەشێک لەشارەزایان ، قەرزکردن (قەرزی دەرەکی) ڕێگایەکی خراپە!

لەم کاتەدا کە سەرلەبەری دنیا لەقەیرانی ئابوریدایە ، قەیرانێکی ئابوریی سەختتر لەقەیرانە ئابوریەکەی ساڵی ١٩٢٩ ، زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان (بەوانەشیانەوە کە تا ئێستا قەرزدەربون نەک قەرزکەر) بیر لەقەرزکردن دەکەنەوە ، بەڵام قەرزکردن ، بەتایبەتی بۆ ئەو وڵاتانەی کە هێشتا بڕێکی زۆر قەرزی دەرەکیی ساڵانی پێشتریان لەسەرە ، هەڵەیە.

قەرزکردن (قەرزی دەرەکی) ، لەڕابردودا ، نەهامەتیی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە بۆ زۆربەی وڵاتانی قەرزکەر ، بەتایبەتی ئەوانەیان کە زۆرتر بۆ دەستەبەرکردنی موچەو پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی هاووڵاتی ، نەک بۆ بنیاتنانی پڕۆژەی ستراتیژی ، قەرزیان کردوەو دەکەن ، وەکو عێراق!

قەرزی دەرەکی ، بۆ وڵاتانی وەکو عێراق و هەرێمی کوردستان ، ئەگەر لەڕابردودا خراپبوبێ ، لەداهاتودا زۆر خراپتر دەبێ ، چونکە قۆناغی دوای ئێستا ، قۆناغی هەڵپەکردن و ڕاووڕێوی و فڕوفێڵێکی زۆرتر دەبێ!

- بۆچی؟

چونکە:

لەلایەکەوە خواست لەسەر قەرز زیاد دەکات ، بەو هۆیەوە قەرزوەرگرتن زەحمەت و قوربانیی زۆرتر لەجارانی دەوێ!

لەلایەکی ترەوە سەرجەم لایەنە قەرزدەرەکان (وڵات ، کۆمپانیا ، بانک) ، کە حەتمەن ئەوانیش وەک هەموان گورزی قەیرانە ئابوریەکەیان بەرکەوتوە ، لەهەوڵی خۆگرتنەوەو خۆڕزگارکردندا دەبن لەلێکەوتە خراپەکانی قەیرانەکە ، بەهەر نرخێک بوبێ (دانانی مەرجی قورس لەسەر قەرزکەر ، راووڕێوی و فرتوفێڵ لەدانوستانی نێوانیاندا، تەنانەت تێوەگلاندنی قەرزکەر لەبەڵای جۆراوجۆری ئەمنی و کۆمەڵایەتی و صحییەوە)!

هەرێمی کوردستان ، حاڵی حازر چەندین ملیار دۆلار (هەن دەڵێن ٣٠ ملیارو هەشن دەڵێن زۆر زیاتر) قەرزی دەرەکیی لەسەرە ، بۆی نادرێتەوە ، نەشیتوانیوە (تا ئەم دەقەیە) حکومەتی بەغدا رازی بکا ئەو قەرزانە بگرێتە ئەستۆی خۆی ، ئەگەرچی لەپای ئەوە ئامادەیە (ئەم دەقەیە ئامادەیە لەوەوبەر ئامادە نەبو) بەکردەوە دەستبەرداری فیکرەی ئابوریی سەربەخۆ ببێت : ئابوریی هەرێم سەرلەبەر ، تەسلیمی بەغدا بکا ، تەنها بەو مەرجەی بەغدا قەرزەکانی سەر هەولێر بگرێتە ئەستۆی خۆی!

بەغدا ئەگەر لەچوارچێوەی رێکەوتنێکیشدا قەرزەکانی هەرێم بگرێتە ئەستۆ ، پێناچی بەکردەوە بۆی بچێتەسەر ، چونکە خۆی ، حاڵی حازر ، نزیکەی : ٢٣ ملیار دۆلار قەرزی دەرەکیی شەش حەوت ساڵی رابردو ، ٤١ ملیار دۆلار قەرزی دەرەکیی سەردەمی صەددام ، ٤٠ تریلیۆن دینار قەرزی ناوخۆیی (بەسەریەکەوە نزیک دەبنەوە لەکۆی پارە یەدەگەکەی لەبانکی ناوەندیدا) لەسەرە ، بەئاسانی بۆی نادرێنەوە ! ئەی ئەگەر قەرزەکانی سەر هەرێم بگرێتە ئەستۆی خۆی ، چیی بەسەر دێت؟

بەهەرحاڵ ، حکومەتی هەرێمی کوردستان ، چ لەحاڵەتی درێژەدان بەسەربەخۆیی ئابوری (بەئیختیاری خۆی یان بەناچاری) ، چ لەحاڵەتی سپاردنەوەی ئابوریی هەرێم بەبەغدا ، قەرزی دەرەکی فریای ناکەوێ.

دەمێنێتەوە سەر کۆششی ناوخۆیی.

لەناوخۆدا:

- دەتوانرێ قەرز بکرێ.
- دەتوانرێ نەوت بەنرخی تێچوی بەرهەمهێنانەکەی ، یان بەقازانجێکی زۆر کەم ، بفرۆشرێتە ئەو کەس و کۆمپانیا ناوخۆییانەی لەبەرهەمهێنانی ناوخۆییدا پێویستیان پێی دەبێ.
- دەتوانرێ لقی کارگە جیهانیەکانی پیشەسازی بهێنرێتە وڵات ، بەبێ گەندەڵیتێداکردن و خۆبەشەریککردن لەگەڵیان ، تەنها بەمەبەستی دۆزینەوەی هەلیکار بۆ هاووڵاتیان.

- دەتوانرێ نەوت و غازی ناوخۆ ، لەبازاڕەکانی جیهاندا بەتاڵان نەدرێن ، کارەبای ناوخۆیان پێ دابین بکرێ ، سود لەکارەبا وەربگیرێ بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆسەی بەرهەمێنان لەناوخۆدا.
- هەروەها دەتوانرێ پارەی بێباجبەها (بێڕوپۆش) چاپ بکرێ ، وردە وردە ، وێڕای لێکەوتە خراپەکانی ، بازاڕی پێ تەمویل بکرێ ، موچەی پێ بدرێ ، قەرزی بێسووی لێبدرێتە جوتیاران بۆ پەرەدان بەکشتوکاڵ ، هەروەها بەکەرتە ئابوریەکانی تریش.
- هەر لەو پارە بێڕوپۆشە ، بەشی خەڵکی کەمدەرامەت بدرێ ، ناوبەناو ، یان بەشێوەی بڕە موچەی مانگانە.

بەو شێوەیە ، دەست بگیرێ بەدۆلارەوە ، سودی لێ وەربگیرێ لەپرۆسەی هاوردەکردنی کاڵای زۆر گرنگدا (دەرمان ، مەکائین ، و ... هتد) نەک کاڵای ئیستیهلاکی.

ئەم کارە (چاپکردنی پارەی بێباجبەها ، هەروەها دابینکردنی دۆلار بۆ پارەدارکردنی بازرگانیی دەرەکی) تەنها لەحاڵەتێکدا مومکینە کە حکومەتی هەرێم پاڵی دابێتەوە بەحکومەتی بەغداوە ، دەستبەرداری فیکرەی ئابوریی سەربەخۆ بوبێ ، چونکە کارێکە بەبانکی ناوەندیی وڵات دەکرێ ، بانکی ناوەندیی وڵاتیش لەدەست بەغدادایە.

٢٧ ی نیسانی ٢٠٢٠

# خۆقەرزارکردنی حکومەت بۆ دابینکردنی موچە

ئەمڕۆ ، حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ، لەتەنگژەیەکی دارایی راستەقینەدان:

موچەی فەرمانبەریان بەپێی لیستی ئێستای موچە پێ دابین ناکرێ ، بەڵام ناشوێرن لیستەکە بەجۆرێک رێک بخەنەوە کە دەرەقەتی دەستەبەرکردنی موچە بێن (بەتایبەتی حکومەتی بەغدا)!

لەم کاتەدا ، یەکێک لەو رێگا بەدیلانەی کە دەتوانن هەڵیبژێرن قەرزی دەرەکییە ، کە بەدیلێکی زۆر مەترسیدارە.

دوو دامەزراوەی نێودەوڵەتیی بەناوبانگ هەن کە قەرز دەدەن : (بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی) ، بەڵام ئەوەندە ناوزڕاو و رابردوپیس و راووڕوتچین ، بەئاسانی زات ناکرێ قەرزیان لێ وەربگیرێ.

جگە لەو دوو دامەزراوە نێودەوڵەتییە ، وڵاتانی خەلیجی عەرەبییش قەرز دەدەن ، بەڵام بەهەمان ئەو مەرجانەی کە دوو دامەزراوە نێودەوڵەتیەکە هەیانە بۆ قەرزدان.

بێگومان پێویستە هەمومان (بەخوێنەوارو نەخوێنەوارەوە) ، لانیکەم ئاگاییەکی سەرەتاییمان لەبارەی ئەو مەرجانەوە (مەرجەکانی وەرگرتنی قەرزی دەرەکی) هەبێ.

قەرزی دەرەکی دەبێ سووی لێ بدرێ ، هەروەها دەبێ بەخۆو بەسوویەوە لەوادەی خۆیدا بدرێتەوە ، لەشێوەی ئەقساتدا.

ئەمانە مەرجی زۆر سادەن.

مەرجی قورس ئەمانەن :-

- ئازادکردنی بازاڕ و نرخی کاڵا:

واتە بەر بەرەڵڵاکردن بۆ تەماعی بازرگانانی تەماعکار ، تا بەکەیفی خۆیان ، بەسودوەرگرتن لەهەر رەوشێکی سیاسی و ئەمنی و صحی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ، خەریکی کەڵەکەکردنی سەرمایەبن ، بەبێ هیچ دەستوەردانێکی دەوڵەت.

- ئازادکردنی_دراوی_نیشتیمانی (تەعویمی دراو):

واتە حکومەت لێگەڕێ بازاڕێکی وەکو بازاڕی دۆلارەکەی سلێمانی نرخی دیناری عێراقی لەبەرامبەر دۆلاردا دیاری بکا ، نەک بانکی مەرکەزیی وڵات ، کە رەنگە ئەمە سەرەنجام لەچاوتروکانێکدا نرخی یەک گەڵات بۆ بباتە یەک ملیۆن دینار.

رازیبونی حکومەت بەوەی لێگەڕێ چینی هەژار هەژارتر بکەوێ و ژیانی زۆر بەزەحمەتتر لێ بگوزەرێ ، بەرامبەر بەوە خۆشگوزەرانیی خۆشگوزەرانان درێژەی هەبێ (هەرچەند هەندێجار خۆشگوزەرانیی خۆشگوزەرانانیش بەئەندازەی پێشو نابێ).

- هەندێجار بڕێک لەقەرزەکە عەینی بێت:

واتە پارە نەبێ ، بەڵکو کاڵا بێت ، کاڵاکە بەرهەمی لایەنی قەرزدەر بێت ، یان بەرهەمی لایەنێک بێت کە لایەنی قەرزدەر دیاریی دەکا.

- قەرزوەرگر ئەگەر کاڵایەکی لەشوێنێکەوە هاوردەکرد ، بەکەشتی و پاپۆڕی لایەنی قەرزدەر ، یان هەر لایەنێک کە لایەنی قەرزدەر دیاریی بکا ، بیگوێزێتەوە ناوخۆی وڵاتەکەی.
- حکومەت دەست لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکانی وەکو ئاو ، کارەبا ، تەندروستی ، تەلەفۆن ، ئەنتەرنێت ، ئامرازەکانی گواستنەوە ، دەرهێنان و فرۆشتنی سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی ، و ... هتد ، هەڵبگرێ ، کەس و کۆمپانیای سەر بەکەرتی تایبەت دابینیان بکا (زۆر بەگرانتر) کە عادەتەن لایەنی قەرزدەر دیاریی دەکات کێبن یان کام کۆمپانیابن.
- لەگەڵ چەندین مەرجی سیاسی ، وەکو پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ فلان دەوڵەت و فلان هێز ، یان شەڕکردن لەگەڵیان و ...هتد!

خۆ ئەگەر قەرزوەرگر نەیتوانی لەوادەی خۆیدا قیستەکان بداتەوە ، ئەوا دەبێ سەرلەنوێ لەگەڵ دوو سندوقە ناوزڕاوەکە دانیشێتەوە بۆ دانوستان (تەنانەت ئەگەر قەرزەکەی لەوڵاتانی خەلیجی عەرەبییش وەرگرتبێ نەک لەوان !) ، بۆ ئەوەی سەماحی بۆ بکرێ ، بەڵام بەکۆمەڵێک مەرجی تازەوە ، کە عادەتەن ئەگەر لەمەرجەکانی پێشو قورستر نەبن ، سوکتر نابن.

دەرەنجامەکانی ئەم قەرزوەرگرتنە لەناوخۆی وڵاتی قەرزوەرگردا ، لەباشترین حاڵەتدا (بەنیسبەت وڵاتێکی وەکو عێراق و هەرێمی کوردستانەوە دەڵێین بەنیسبەت ژاپۆنەوە نا !) ، ئەمە دەبێ:

چارەسەرکردنی کورتهێنانی بودجە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ، لەئەنجامدا درێژەدان بەخۆشگوزەرانیی خۆشگوزەرانان (فەرمانبەرانی پلە باڵا ... و هتد) رەنگە تەنها بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ، هەروەها درێژەدان بەنەداریی نەداران و بگرە وێرانتربونیان.

بۆیە:-

- باشتر لەپەنابردنەبەر قەرزی دەرەکی ،

- باشتر لەدرێژکردنەوەی ماوەی نێوان موچەو موچەی دوای خۆی بەپێی سیستمی سیستمی ئێستای موچە کە ناعەدالەتیی زۆری تێدا کراوە ،

ئەوەیە:

حکومەت سیستمی موچە رێک بخاتەوە.

- **غیرەت بنێینە بەر حکومەت موچە رێکبخاتەوە.**

٢٦ ی نیسانی ٢٠٢٠

# مافێکی گرنگ کە ئێمە زۆر ئاشنای نیین

ئەمڕۆ ٢٦ ی نیسانە ، ڕۆژی جیهانیی (موڵکیەتی فیکری) یە ، ڕۆژی بابەتێکە کە چەند ساڵێکە هەرایەکی گەورەی لەنێوان دوو زلهێزە ئابورییەکەی دنیا (چین و ئەمریکا) سازاندوە.

ئەم بابەتە (بابەتی موڵکییەتی فیکری) ، لەچوارچێوەی یاسادا چارەسەر کراوە ، بەڵام لەبەر پابەندنەبون بەیاساوە ، بەردەوام هەرای لەسەر سازدەبێ : لەنێوان وڵات و وڵاتی دیکە ، کەس و کەسی دیکە ، کۆمپانیاو کۆمپانیای دیکە.

بەپێی بنەما یاساییە جیهانیەکانی تایبەت بە (پاراستنی مافی موڵکییەتی فیکری) ، دەبێ هەمو داهێنەرێک سودمەندببێ لەداهاتی داهێنراوەکەی ، جا ئەو داهێنراوە هەر شتێک بێت : دەرمان ، ئالەتی تەکنەلۆجی ، عەلامەی تیجاری ، لەوحەی هونەری ، شیعرو ڕۆمان و تیۆری ئەدەبی و فیکری ، گۆرانی و ئاوازو مۆسیقا ، کەرەستەی جۆراوجۆر ، دیزاینی جلوبەرگ و خانوبەرەو کەلوپەلی جۆراوجۆر ، خوێندنی قورئان بەتیلاوەیەکی تایبەتی کە داهێنراوی کەسی داهێنەربێت ، ... هتد.

- نابێ هیچ کام لەداهێنراوەکانی داهێنەران ، لەبەریان بگیرێتەوە یان دروست بکرێتەوە ، بەبێ ڕەچاوکردنی مافی داهێنەرەکە.
- نابێ سیدیی گۆرانی ، کۆپی بکرێ و بفرۆشرێ ، بەبێ ڕەچاوکردنی مافی داهێنەرەکەی.
- نابێ کتێب لەزمانێکەوە بۆ زمانێکیتر وەربگێڕدرێ ، یان لێی کۆپی بکرێتەوە ، بەبێ ڕەچاوکردنی مافی موڵکییەتی فیکریی خاوەنەکەی.
- نابێ بەناوی توێژینەوەی زانستییەوە ، بڕێکی زۆر لەئەفکارو نوسینی ئەم و ئەو ، ئیقتیباس بکەین و بیخزێنینە چوارچێوەی کتێبێکی نوێوە بەناوی خۆمانەوە.
- نابێ تەنانەت دەنکێک بزمار ، برغو و چەوییەک ، سەلکێک سابون یان بەرگەکەی ، شامپۆیەک یان قوتوەکەی ، سودی بازرگانیی لێ وەربگیرێ و پارەی پێ پەیدا بکرێ ، بەبێ ڕەچاوکردنی مافی خاوەنە داهێنەرەکەی.

بەڵام بەردەوام کتێب لەزمانێکەوە بۆ زمانێکیتر وەردەگێردرێ ، بەبێ رەچاوکردنی مافی خاوەنەکەی ، ناوەڕۆکی توێژینەوەی زانستی ، بەبڕی قەبە رادەگویزرێتە ناو کتێبی نوێوە ، بەبێ رەچاوکردنی مافی خاوەنەکەی ، هەروەها بەبێ رەچاوکردنی بنەماکانی توێژینەوەی زانستی ، کە تیایاندا دیاریکراوە ئیقتیباس دەبێ بە چ شێوەیەک بێت ، بە چ رادەو رێژەیەک بێت.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش ، چین (بەپێی ئیددیعای ئەمریکا) ، ئەم بنەما یاساییە جیهانییەی پێشێل کردوە:

بەبێ رەچاوکردنی مافی موڵکییەتی فیکریی ئەمریکیەکان ، داهێنانە زانستی و تەکنەلۆجی و فیکریەکانیانی کۆپی کردوەو بازرگانیی پێوە کردون ، یان بەشێوازی جۆراوجۆر ناچاری کردون دەست لەمافی خۆیان هەڵبگرن بۆ پەکین.

موڵکییەتی فیکری ، لەم کاتەدا کە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەیە ، زۆر زیاتر ، چاوی لەسەرە:

هەر ئامرازێکی تێستکردن بۆ دەستنیشانکردنی کۆرۆنا ، هەر دەرمانێک ، هەر ڤاکسینێک ، لەهەر شوێنێکی دنیا بەکاربهێنرێن ، دەبێ مافی دارایی دۆزەرەوەو داهێنەرەکەیان رەچاو بکرێ.

موڵکییەتی فیکری بێستان نییە بێخاوەن بهێڵرێتەوە ، خاوەنیشی بمرێ ، نەوەکەی یان کۆمپانیاو نەتەوەو وڵاتەکەی خاوەنین.

لەو ماوەیەی رابردودا موسوڵمانێکی بەنگلادیشی (خاوەن کۆمپانیا) ، بەدافعی دینی یان ئینسانی ، دەستبەرداری مافی موڵکییەتی فیکریی کۆمپانیاکەی لەسەر جیهازێکی بچکۆلەی هەناسەدانی دەستکرد ، بوو.

ئەوە تەنها روداوێکی دەستهەڵگرتنە لەمافی موڵکییەتی فیکری کە لەم ماوەیەدا بیستبێتمان.

رەگوڕیشەی پاراستنی مافی موڵکییەتی فیکری لەچوارچێوەی یاسادا ، زۆر کۆنە.

وەکو دەگوترێ ، ئیتالیەکان ، لەئاخروئۆخری نیوەی یەکەمی سەدەی پازدەوە ، بیرۆکەی پاراستنی مافی موڵکییەتی فیکرییان بەیاسا ، داهێناوە.

بەڵام لەئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەدا ، لەئاستی نێودەوڵەتیدا ، جێبەجێ کراوە.

حاڵی حازر ، رێکخراوی ویپۆ WIPO کە رێکخراوێکی جیهانیی سەر بەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە ، ئەرکی پاراستنی مافی داهێنەران و موختەریعانی گرتۆتە ئەستۆ.

جگەلەوە ، هەر وڵاتەو یاسای ناوخۆیی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ پاراستنی مافی موڵکییەتی فیکری ، بەعێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە ، کە هەردوکیان یاسای تایبەت بەخۆیان هەیە بۆ پاراستنی مافی موڵکییەتی فیکری .

٢٣ ی نیسانی ٢٠٢٠

# لەڕۆژی کتێبدا خاتریی ژینگە بگرین

دوێنێ ٢٢ نیسان ، ڕۆژی زەوی بو ، تێپەڕی و ڕۆی.

ئەمڕۆ ٢٣ ی نیسان ، ڕۆژی نوسەرو کتێبە.

سێ ڕۆژی دیکە ، واتە ٢٦ ی نیسان ، ڕۆژی مولکییەتی فیکرییە ، کە ڕۆژی هاوبەشی داهێنەرانی بواری فیکرو تەکنەلۆجیاو نوسینیشە.

لەهەردو ڕۆژەکەدا (ڕۆژی کتێب و ڕۆژی مولکییەتی فیکری) ، هاوشان لەگەڵ مافە تایبەتیەکانی داهێنەران ، دەبێ مافی ژینگە لەبەرچاو بگیرێ.

- بۆچی ژینگە؟ بەتایبەتی لەبۆنەیەکی جیهانیدا کە بۆنەی ژینگە نییە؟
- لەبەرئەوەی ئیختیراعی زانستی ، هەروەها داهێنانی فیکری و ئەدەبی ، وێڕای هەر قازانجێکیان بۆ مرۆڤ ، زیانی زۆریان بۆ ژینگە هەیە!

باسی زیانی ئیختیراعی زانستی ناکەین بۆ سەر ژینگە ، چونکە هەموان کەموزۆر لەوبارەیەوە شارەزاییان هەیە!

باسی زیانی داهێنانی فیکری و ئەدەبی دەکەین بۆ سەر ژینگە ، ئەو زیانەی نا کە لەپیشەسازیی کاغەزو کتێبدا بەرجەستە دەبێ ، چونکە ئەم زیانەش بەبەرچاوی هەموانەوەیە : هەموان دەزانن کتێب و کاغەز چ زیانێکیان هەیە بۆ ژینگە ، باسی ئەو زیانەی دەکەین کە لەئەنتەرنێتدا بەرجەستە دەبێ.

گریمان بەیەکجاری واز لەکتێب و پیشەسازیی کاغەز هێنرا بۆ بڵاوکردنەوەی داهێنانە فیکری و ئەدەبیەکان ، کتێبەکان هەمو بون بەدیجیتاڵ ، لەڕێی ئەنتەرنێتەوە بڵاوکرانەوە.

ئایا دەزانن کتێبی دیجیتاڵ و ئیمەیڵ و پۆستی فەیسبوک و تویتەرو ئینستاگرام و ... هتد ، وەکو ئۆتۆمبێل و کارگە ، بەشدارن لەدروستکردنی دوەم ئۆکسیدی کاربۆندا؟

ئایا دەزانن کە ئەگەر تەنها بەریتانیەکان دەست لەناردنی دەستەواژی سوپاس بۆ یەکتری ، لەڕێی ئیمەیڵەوە ، هەڵبگرن ، ساڵانە ژینگە لە ١٦٠٠٠ تەن دوەم ئۆکسیدی کاربۆن ڕزگاری بوە؟

ئایا دەزانن : تەنها بەسڕینەوەو ناوبەناو خاوێنکردنەوەی ئیمەیڵەکانمان لەنامەی زیادەو بێسود ، ژینگە چەند دەحەسێتەوە؟

ئایا دەزانن : بەخاوێنکردنەوەی لاپتۆپ و مۆبایلەکانمان ، لەفایلی زیادە ، جا فایلی کتێب بن یان وێنە ، چ کارێکی باشمان لەگەڵ ژینگە کردوە؟

١٩ ی نیسانی ٢٠٢٠

# لایەنگرانی جیهانگیری داوای دامەزراندنی حکومەتێکی جیهانی دەکەن!

لەداوایەکدا کە ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی کردوە ، گۆردن براون ، کۆنە سەرۆکوەزیری بەریتانیا ، داوای پێکهێنانی حکومەتێکی جیهانی دەکات ، بەمەبەستی روبەڕوبونەوەی لێکەوتە هەنوکەیی و ئاییندەییەکانی ئەو قەیرانە ئابوری و صحییەی کۆرۆنا سازاندویەتی.

بەدوای داواکەی گۆردن براون دا ، لایەنگرانی جیهانگیری کەوتونەتەخۆ ، لیستێکی پشتگیرییان پێکهێناوە لە ٢٠٥ ناو ، سەد کەسیان کۆنە (سەرۆکوەزیرو سەرکردە) ن ، ئەوانی تریان گەورە سەرمایەدارو گەورە بانکەوانن.

لەناو ناوەکاندا ئەمانە هەن : جۆرج سوروس - لایەنگری سەرسەختی جیهانگیری ، جۆن مێجەرو تۆنی بلێر - کە پێش گۆردن براون یەکلەدوای یەک بون بەسەرۆکوەزیری بەریتانیا ، ئێهود باراک - کۆنە سەرۆکوەزیری ئیسرائیل ، خاتو تسیبی لیڤنی - وەزیری پێشوی کاروباری دەرەوەی ئیسرائیل ، بان کی مۆن - ئەمینداری پێشوی نەتەوە یەکگرتوەکان ، ئەندریاس پاپاندریۆ - کۆنە سەرۆکوەزیری یۆنان ، حیکمەت چەتین - کۆنە سەرۆکوەزیری تورکیا.

گۆردن براون ، بۆ دروستکردنی حکومەتە جیهانیەکەی ، کە حکومەتێکی کاتی دەبێ ، هەندێ پێشنیاری خستۆتەڕو ، هەروەها هەندێ رێوشوێنی گرتۆتەبەر.

ئەم حکومەتە (ئەگەر سەر بگرێ) لەباشترین حاڵەتدا بریتی دەبێ لە:

رێکەوتننامەیەکی جیهانی لەنێوان وڵاتانی زەبەلاحدا ، بۆ رێگرتن لەململانێی بازرگانی و ئابوریی نێوانیان ، کە چاوەڕان دەکرێ بەدوای رەوینەوەی هەڕەشەی کۆرۆنادا تاوبسێنێ و ببێتە هەڕەشە لەسەر جیهانگیری ، هەروەها بۆ بوژاندنەوەی ئاسایش و ئابوریی خۆیان ، لەسەر حسابی ئاساییش و ئابوریی وڵاتانی دیکە.

١٦ ی نیسانی ٢٠٢٠

# ئەی ئێمە لەهەرێمی کوردستان؟

لەسەر داوای داواکاری گشتیی وڵات ، پۆلیسی ئیمارات میدیاکارێکی ئیماراتییان دەستگیرکرد ، تەنها لەبەرئەوەی لەڤیدیۆیەکدا پشتگیریی خۆیی بۆ هونەرمەندی کوەیتی حەیات فەهد دەربڕیوە.

حەیات فەهد ، بەمەبەستی رێگریکردن لەبڵاوبونەوەی کۆرۆنا ، پێشنیاری کردوە کەسانی بیانی لەوڵاتەکەی دەربکرێن!

جالییەی میسری لەکوەیت ، ئەم پێشنیارەی ئەویان بردۆتەوە سەر خۆیان: پێیانوایە مەبەستی لەوانە!

میدیاکارە ئیماراتیەکە دەڵێ: نا ، حەیات مەبەستی لەمیسریەکان نییە ، بەڵکو مەبەستی لەهندی و بەنگلادیشیەکانە!

هەروەها دەڵێ: پێویستە پێشنیارەکەی حەیات لەئیمارات و سەرلەبەری خەلیجی عەرەبیدا جێبەجێ بکرێ!

دەشڵێ: هەرگیز نابێ عەرەبێک و هندی و بەنگلادیشییەک بەیەکچاو تەماشا بکرێن و مامەڵەی چونیەکیان لەگەڵ بکرێت!

داواکاری گشتیی ئیمارات ، رێک لەسەر ئەو چەند وشەیە ، ئەم میدیاکارەی داوەتە دادگا ، حاڵی حازر لەزیندانداپە!

لەلێدوانی داواکاری گشتیدا هاتوە : قسەکانی ئەو میدیاکارە ، دژی ئەو بنەمایانەیە کە ئیماراتیان لەسەر دامەزراوە ، کە بریتین لەلێبوردەیی و دادپەروەری و جیاوازینەکردن.

داواکاری گشتی ، داوای لەخەڵکی وڵاتەکە کردوە هوشیاربن لەبەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا ، لەیاسا لانەدەن ، بەها رەسەنەکان بپارێزن ، رێزی هەمو مرۆڤێک بگرن ، جیاوازیی دین و رەچەڵەک و زمان و رەگەز نەکەنە بیانو بۆ بێڕێزیکردن بەرامبەر بەهیچ کەسێک!

داواکاری گشتی هەروەها رایگەیاندوە : هیچ چاوپۆشی و ئاسانکارییەک لەگەڵ ئەو کەسانە ناکرێ کە لەم بنەمایە لادەدەن.

بێگومان ئەم میدیاکارە یەکەم کەس نییە لەسەر بابەتێکی لەوجۆرە بگیرێ!

حاڵی حازر (وەسیم یوسف / داعییەیەکی ئیسلامیی ئوردونییە ، رەگەزنامەی ئیماراتیی بەدەستهێناوەو لەوێ دەژی) ، بەهەمان تۆمەت ، دراوەتە دادگاو لەژێر دادگاییدایە.

ئەی ئێمە لەهەرێمی کوردستان؟

تاکەی ، لەسەر بنەمای نەشیاو ، بەعەمەلی ، جیاوازیی نێوان خۆمان و خۆمان (خۆمان و خەڵکی تر بەهەرحاڵ !!) قوڵ بکەینەوە؟

١٥ ی نیسانی ٢٠٢٠

# پۆلیس و دەسەڵاتی تەقدیری

پێش هەر شتێک بیڵێین: مەبەستمان لەپۆلیس ، ئاسایش و پۆلیسە وەک تاکەکەسێکی ئاسایی ، نەک وەکو دامودەزگا.

هەروەها مەبەستمان لەدەسەڵاتی تەقدیری ، ئەو دەسەڵاتەیە کە تەنها ئەمسەرەوسەری دیاری دەکرێ ، ئەو باقیەکەی ، جێدەهێڵرێ بۆ جێبەجێکاری دەسەڵاتەکە.

دەزانین کە: دامودەزگاکان (چ دامودەزگای قەزائی چ دامودەزگای زەبتی ئیداری) ، هەم لەحاڵەتی ئاساییدا ، هەم لەحاڵەتی تەواریدا ، دەسەڵاتی تەقدیرییان هەیە.

لەحاڵەتی ئاساییدا ، دەسەڵاتی تەقدیری لەسەر بنەمای یاسا ، رێک دەخرێ و جێبەجێ دەکرێ.

لەحاڵەتی نائاساییدا ، لەسەر بنەمای ئەو رێوشوێنانە کە دامودەزگای زەبتی ئیداری دیارییان دەکات ، رێک دەخرێ و جێبەجێ دەکرێ.

لەحاڵەتی ئاسایی و نائاساییدا ، پۆلیس و قازی و دامودەزگاکانیان ، لەم جۆرە دەسەڵاتەیان هەیە.

زۆرێک لەشارەزایان ، لەسەر ئەو بڕوایەن کە نابێ قازی دەسەڵاتێکی تەقدیریی زۆری هەبێ ، چونکە لەوانەیە خراپ بەکاری بهێنێ!

جا ئەگەر قازی لەڕێی هەڵەی لەوجۆرەدابێ ، کە کەسێکی ئەکادیمی و پیشەییە ، ئەوا پۆلیس زۆر زیاتر لەو ، لەڕێی هەڵەی لەوجۆرەدایە (لەگەڵ رێزی زۆرمان بۆ قازی و پۆلیس)!

بۆیە لەم کاتەدا ، کە بەهۆی بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆناوە ، بارێکی تاڕادەیەک نائاسایی بەسەر شەقامی ناو شارەکان و نێوان شارەکاندا سەپێنراوە ، باشتر وایە کەمترین دەسەڵاتی تەقدیری بدرێتە پۆلیس (وەکو تاکەکەس) : بۆی دیاری بکرێ کە ئەرکی ئەو لەم کاتەدا چییەو چی نییە !

١١ ی نیسانی ٢٠٢٠

# بۆچونێکی ترسناکی پیاوێکی حسابی دەربارەی کۆرۆنا

لەم کاتەدا کە : چی مرۆڤی پیر لەدنیادا هەیە ، لەترسی مەرگ بەکۆرۆنا خزاونەتە کونجی ماڵەوە ، پسپۆڕێکی ئەمریکی - تایوانی ، بە 89 ساڵ تەمەنەوە لەئەمریکاوە خۆی گەیاندۆتە ژاپۆن بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبێک لەبواری پسۆڕیەکەی خۆیدا کە کیمیاو ژەهرناسییە ، هەروەها بۆ بەئاگاهێنانی حکومەتی وڵاتەکە لەمەترسیی کەمتەرخەمینواندن لەئاست ڤایرۆسی کۆرۆنادا.

ئەم پسپۆڕە ، لەئەمریکا ناوی (ئەنتۆنی تو) ە ، بەڵام لەتایوان ناوی (تو سۆمی) یە ، دکتۆرای هەیە لەکیمیاو ژەهرناسیدا . باوکی (تو) یەکەم تایوانییە لەمێژوی وڵاتەکەیدا کە دکتۆرای لەزانستی پزیشکیدا بەدەستهێنابێ.

لەگفتوگۆیەکدا کە وەرگێردراوە بۆ عەرەبی و پێگەی ئەلیکترۆنیی (اليابان بالعربي) بڵاوی کردۆتەوە ، بە (حجة) ناوبراوە!

بەکورتی (ئەنتۆنی تو) ژەهرناس و کیمیازانێکی گەورەیە ، لەخێزانێکی زانستکارو ناسراودا پەروەردە بوە ، دەکرێ بەکەسێکی تەواو حسابی بدرێتە ئەژمارو بەجددی گوێی بۆ بگیرێ.

(تو) لەم کاتە هەستیارەدا بۆ ئەوە لەژاپۆنە (وەک ئاماژەمان پێ دا) کە : هەم کتێبەکەیی تێدا چاپ و بڵاوبکاتەوە ، هەم حکومەتی ژاپۆن هانبدا بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی زیاترو جددیتر لەئاست ڤایرۆسی کۆرۆنادا.

ئەو ، پێشتر لەکەشفکردنی گروپێکی ئایینیی تاوانکاردا (ئوم شینریکیو) کە غازی سارینیان دروست کرد بۆ کوشتنی مرۆڤ ، هاوکاریی حکومەتی ژاپۆنی کرد ، کتێبێکی تایبەت بەو روداوەیشی هەیە ، گفتوگۆیە لەگەڵ تاوانبارانی سەر بەگروپەکە بەرلەوەی لەسێدارە بدرێن.

ئەو ، لەسەرەتای دەرکەوتنی کۆرۆناوە تا ئێستا ، بەگومانەوە لەم کەیسەدا قسەی کردوە ، دەڵێ : گومانم وایە کۆرۆنا ڤایرۆسێکی ناسروشتییە ، لە (تاقیگەی ووهان بۆ توێژینەوە لەژەهرەکان و نەخۆشیەکان) ، بەمەبەستی چەکسازی ، زەرع کراوەو پەرەی پێ دراوە ، بەڵام بەرلەوەی بەتاقیکردنەوەی وردا تێپەڕێ ، لەئەنجامی هەڵەیەک لەئیشەکەدا دزەی کردوەو بڵاوبۆتەوە.

یەکێک لەبەڵگەکانی (تو) بۆ ساغکردنەوەی گومانەکەی ، ئەو جیاوازییە بونیادییەیە کە لەنێوان کۆرۆناو ڤایرۆسی سروشتیدا هەیە (چوار دانە جیاوازین وەکو ئەو دەڵێ).

یەکێکیتر لەبەڵگەکانی ، ئەوەیە کە : لەچین ، تایوان ، ئەمریکا ، روسیا ، کۆریای باکورو ... هتد ، تاقیگەی توێژینەوە لەنەخۆشی و ژەهرسازی هەیە ، لەتاقیگەکانی هەندێک لەو وڵاتانەدا پێشتر هەڵەی لەم جۆرە رویداوە (هەڵەی دزەکردنی ڤایرۆسی زەرعکراو) ، سەرەنجام بۆتە هۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشی لەناو کۆمەڵگەکاندا (ناوی هەندێ نەخۆشیی هێناوە کە لەئەنجامی هەڵەی تاقیگەکانی یەکێتی سۆڤیەت و تایوان و ئەمریکا ، بێرەوئەوێی دنیادا بڵاوبونەتەوە).

یەکێکیتر لەبەڵگەکانی ، ئەوەیە کە : پەیمانگەی ووهان بۆ توێژینەوە لەژەهرەکان و نەخۆشیەکان ، کە (تاقیگەی ووهان بۆ توێژینەوە لەژەهرەکان و نەخۆشیەکان) سەر بەوە ، پەیمانگەیەکی (وەکو ئەو دەیڵێ) زۆر حەساس و مەترسیدارە ! بۆ هاتوچۆکردن لەنێوان قاتێک و قاتێکی تری تاقیگەکەدا ، پێویستە کەسی هاتوچۆکەر جلەکانی بگۆڕێ و زۆر باش خۆی ئامادە بکا ، خۆگۆڕین و خۆئامادەکردنەکەیشی یەک سەعاتی رێک کاتی دەوێ!

دەشڵێ: لەسەرەتای مانگی یەکی ئەمساڵدا ، خانمێک لەسوپای چین بەپلەی لیوا ، کە زیرەکترین و دیارترین پسۆڕی بواری چەکی بایۆلۆجییە ، سەردانی تاقیگەکەی کردوە ، کە ئەمە جێگای گومانە.

یەکێکیتر لەبەڵگەکانی ئەوەیە: پێشتر ، کارکردن لەسەر زەرعکردن و پەرەپێدانی ڤایرۆس ، بەئامانجی زەفەربردن بەمەڕوماڵات و دەغڵودان ، تاقیکراوەتەوە! رێی تێدەچێ بەئامانجی زەفەربردن بەمرۆڤیش ، بیر لەزەرعکردن و پەرەپێدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا کرابێتەوە ، بەڵام لەئەنجامی هەڵەیەکەوە لەکارەکەدا ، بەرلەوەی بەتاقیکردنەوەی ورددا تێبپەڕێ ، دزەی کردبێ!

(تو) دەڵێ: ژاپۆن لەمامەڵەکردن لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرۆنادا درەنگ کەوتوە ، ئەمریکاو روسیاو تایوان و کۆریای باکور ، پێش ئەو کەوتن ، چونکە خاوەنی ئەزمون و تاقیگەی بەرهەمهێنانی چەکی بایۆلۆژی و کیمیاویی و ژەهرینن و زوتر درکیان بەترسناکیی کێشەکە کرد.

ئەم پسۆڕە ، سەرەنجام بەو بڕوایە گەیشتوە کە : ڤایرۆسی کۆرۆنا ، دەستکردی (تاقیگەی ووهان بۆ توێژینەوە لەژەهرەکان و نەخۆشیەکان) ە!

گرنگترین ئامۆژگاریی ئەم پیرەزانایە بۆ حکومەتی ژاپۆن (کە دەکرێ کۆمەڵگەی ئێمەیش گوێبیستی ببێ) ئەمانەن:

- کۆرۆنا بەگاڵتە نەگرێ.
- پەرە بەپیشەسازیی دەرمان و کەرەستەی خۆپارێزی لەکۆرۆنا بدا.
- بایەخ بەهەواڵگریی دەرەکی بدا بۆ ئەوەی ئاگای لەروداوەکانی پشت پەردەبێ.

٨ ی نیسانی ٢٠٢٠

# نەخێر هاوڕێیانی ئازیز هاک نەکراوم

دوێنێ ، جوڵەیەک بەئاقارێکی دروست لەکەلتوری ئیداری و حکومڕانیی هەرێمدا ، سەرنجی ڕاکێشام ، پۆستێکی دوو سێ دێریی ئیجابیم لەبارەیەوە بڵاو کردەوە ! لەئەنجامدا هەندێ هاوڕێی ئازیز سەرسوڕمانی خۆیان پیشان دا ، پرسیاریان کرد: ئەرێ ئەوە هاککراوی؟

نەخێر هاوڕێیانی ئازیز هاک نەکراوم! ئەو کاتە خۆم بەهاککراو دەزانم کە عەقڵم بکەوێتە دەست حیزب و پارەو خێڵ و عامەی خەڵک!

ئاسایی بێت لەدڵی خۆماندا ، یان لەناو ماڵی خۆماندا ، یاخود لەمەجلیسی هاوڕێیانەی خۆماندا ، بەهەر کارێکی (بەسوتفەچاک) ی هەر (پیاوناچاکێک) ی دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوا ، بڵێین چاک!

بەڵام بەعەلەنی لەڕوی عامەی خەڵکدا ئاسایی نەبێت!

بۆچی وابێ؟ لەبەرئەوەی ئەم شێوازە ناعەلەنییەی ئیعتیرافبەچاکەکردن ، دەبێتە بەربەست لەڕێی هەستانەوەیدا ، بەڵام شێوازە عەلەنیەکەی ئیعتیرافبەچاکەکردن ، دەبێتە بەردەباز لەڕێی هەستانەوەیدا؟

بۆچی نەمانەوێ هەستێتەوە؟

پێداگیری لەسەر دەستگرتن و پابەندبون بەم نەریتەوە ، کۆدەنگییەکی کۆمەڵایەتیی ئاشکرای لێکەوتۆتەوە ، کۆدەنگییەک لەچەشنی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی ڕانەگەیەنراو!

پاراستنی ئەم کۆدەنگییە چیی لێ شین دەبێ؟

بۆچی دەبێ چاوەڕوانبین نوسەرو رۆشنبیر پابەندی ئەم کۆدەنگییەبن و لێی دەرنەچن؟

ئەم کۆدەنگییە ، یان ئەم کەلتورە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ، بەرهەمی ڕەنجی فیکریی نوسەرو رۆشنبیرە ، تا چاوەڕوانبین خۆیشی تا سەر پێوەی پابەندبێ و لێی لانەدا ، یان بەرهەمی ئیرهابی ڕەمزیی خێڵ و حیزب و کادری حیزبە؟

بۆچی من وەک نوسەر پێوەی پابەندبم ؟ بەرهەمی فیکریی خۆمەو دەبێ پێوەی پابەندبم ؟ ئیمزام لەسەر کردوە ؟ بڕوام پێیەتی؟

با وادانێین نوسەرێک ڕۆژێک لەڕۆژان یەکێکبوە لەو کەسانەی ملکەچی ئەم پەیمانە کۆمەڵایەتییەن! ئایا ئەمە بەسە بۆ ئەوەی داوای ملکەچیی هەتا هەتاییی بۆ ئەم پەیمانە کۆمەڵایەتییە لێ بکرێ؟

نەخێر ...

من وەک خۆم ، لەناو ئەم پەیمانە کۆمەڵایەتییەدا هەڵناکەم.

ئازایەتی و ئازادی لەکردەوەو بیرکردنەوەدا ئەمەیە ، نەک ئەو ئیرهابە ڕەمزییەی کە شوێنکەوتوانی ئەم کۆدەنگییە کۆمەڵایەتییە بەئازایەتی و ئازادیی دەزانن.

**تێبینی:**

بەڵێ خەڵکی هەرێمی کوردستان هەقیانە نیگەران و توڕەبن لەو سیستمە سیاسی و ئابوری و ئیدارییەی نزیکەی سی ساڵە لەهەرێمەکەیاندا حوکمڕانە ، کە ناتەواویەکانی لەژماردن نایەن!

جەنابیشت هەقتە نیگەران و توڕەبی لێی.

منیش هەروەها (کە ساڵەهایە بەئوسلوبی خۆم توڕەو نیگەرانم لێی و خەریکی خستنەڕوی ناتەواویەکانیم بەنوسین) هەقمە توڕەترو نیگەرانتر ببم لێی!

من بەرلەوەی لەسیستمی سیاسی و ئابوری و ئیداریی هەرێمەکە توڕەبم ، لەکەلتورە سیاسی و حکومڕانی و کۆمەڵایەتیەکەی توڕەم ، کە هەموان بەحیزب و خەڵکەوە بەشدارن لەئاودان و پەروەردەکردنیداو هەر ئەو کەلتورەیشە وایکردوە ئەزمونی حیزبی و حکومڕانیمان ئەمەبێ کە هەیە!

بەهەرحاڵ .. من لەدوو کورتە پۆستدا ، هەروا سەرپێیی هەڵوێستەیەکم لەئاست (کەلتوری ئیداری و حکومڕانی) و بەدەم ئەویشەوە (مەنتقی بیرکردنەوەو گفتوگۆکردن) دا کرد.

چیی دیکەم کردوە؟ یان چ قسەیەکی ناحسابیم کردوە؟

تەنها وتومە: تەلەفۆنەکەی سەرۆکی حکومەت بۆ هاووڵاتیان ، مایەی دەستخۆشییە!

کە لێیشم پرسراوە: بۆچی شایانی دەستخۆشییە؟

وەڵامم داوەتەوە: لەبەرئەوەی پێموایە جوڵەیەکی دروستە بەئاقاری بنیاتنانی کەلتورێکی باشی ئیداری و حکومڕانیدا.

نەهاتوم پاساو بۆ گەندەڵی و چەوت و چەوێڵیەکانی حوکومڕانان بهێنمەوە!

نەموتوە : تەلەفۆنێک لەسەرۆکی حکومەتەوە بۆ هاووڵاتی ، لەبری نان و ئاو و ئازادی و هەموشتێکی هاووڵاتی بێت و مادەم ئەو تەلەفۆنەی بۆ کراوە ئیتر هیچ داوایەکی لەحکومەت نەبێ ، چاو لەبێموچەیی ، ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتی ، گەندەڵی ، سەرکوتکردنی ئازادیی بیروڕا ، سەرکوتکردنی رۆژنامەنوس ، لاقەکردنی مناڵ ، تەزویری دەنگ لەئینتیخاباتداو ... هتد ، بنوقێنێ!

من خۆم ، چاوپۆشیم لەهیچ کام لەو کارە خراپانە کردوە ؟ کەمم لەبارەی خوروخێچیی سیستمەکەوە نوسیوە؟

بۆچی خەڵک تەنها ئەو دوو پۆستەیان بینی؟

بۆچی ناچن پۆست و نوسینەکانی خوار ئەو دوو پۆستە کە لەسەر واڵەکەمن ، بخوێننەوە ، بۆ ئەوەی فیکرەیەکی دەقیقیان لەلا دروست ببێ لەسەر من و هەڵوێستی رونی من لەئاست پرۆسەی سیاسی و حکومڕانی لەکوردستان و عێراق و تاڕادەیەکیش دنیادا ؟

لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو دوو پۆستەدا ، هەندێ هاوڕێ ، منیان وەکو پێشمەرگەیەکی تەسلیمبۆوە بەبەعس ، کەوتە بەرچاو!

هیوادارم تۆ یەکێک نەبوبی لەوان!

با هەمو پێکەوە ، کار بۆ بژارکردنی کەلتوری حکومڕانی و حیزبایەتی و خوێندنەوە بکەین.

با ئەو ئیرهابە رەمزییەی کۆمەڵگەی کوردی ممارەسەی ئەکات ، کۆتایی پێ بێت!

ئەم ئیرهابە ، کە هەندێ کەس ناویان ناوە ئیرهابی فیکری ، ئەوەندە دورە لەفیکرو تێفکرینەوە ، غەدرە سیفەتی فیکریی بدرێتە پاڵ : ئیرهابێکی رەمزییە کە هیچ قوڵاییەکی فیکری تێدا نییە ، تەنها قوڵکردنەوەی لێکترازانە کۆمەڵایەتیەکانی لێ ئەکەوێتەوە.

٨ ی نیسانی ٢٠٢٠

# تەلەفۆن لەسەرۆکی حکومەتی هەرێمەوە بۆ هاووڵاتیان

بەبێ هیچ وەسفێکی زیادە : تەلەفۆن لەسەرۆکی حکومەتی هەرێمەوە بۆ هاووڵاتیان ، جێگای دەستخۆشییە.

هیواداریین درێژە بەم نەریتە بدرێت ، بەئەندازەیەک کە هەمو هاووڵاتییەکی هەرێم ، لەپای هەر چاکەیەکی گشتیدا کە دەیکات ، چاوەڕوانی تەلەفۆنی راستەوخۆی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری مەعنی بێت ، بۆ وەرگرتنی سوپاس و دەستخۆشیی راستەوخۆ ، لەپای چاکەکاریەکەی.

هەروەها خەڵکی هەمو ناوچەیەکی لێقەوماوی هەرێمیش ، بۆ وەرگرتنی دڵنەوایی و دڵنیایی لەسەروەختی لێقەوماندا!

**تێبینی:**

من خۆم بەردەوام رەخنەم لەئەزمونی حکومڕانیی هەرێم هەبوە ، نوسیومەو بڵاوم کردۆتەوە ، هیچ کاتێک لەوشەیەکی پەشیمان نیم ، سەرجەمی ئەو رەخنەو نوسینانە لەسەر واڵەکەمن.

من کەلتورێکی سیاسی و حکومڕانیم لەکوردستاندا رەخنە کردوە کە جێی رەخنەبوە.

ئەی ئەگەر ئەو کەلتورە سیاسی و حکومڕانییە جوڵەیەکی بەئاقارێکی دروستدا تێکەوت ، بۆچی رێگە بەچاوم نەدەم ئەو جوڵەیە ببینێ ؟

ئاخر من چ رەخنەیەک لەکەلتورە سیاسی و حکومڕانی و کۆمەڵایەتییەکەی میللەتەکەم بگرم ئەگەر خۆم لەهەموان خراپتر گیرۆدەی ئەو کەلتورەبم ؟

چ جۆرە نیشتیمانپەروەرێتییەکە لەماوەی سی ساڵی حکومڕانیی کوردیدا ، تەنها یەکجار رێگە بەخۆم نەدەم بەنەریتێکی ئیداریی باش بڵێم باش لەبەرئەوەی لەحکومڕانانێک وەشاوەتەوە کە نەریتی سیاسی و ئیداریی خراپم لێ دیون ؟

ئایا نوسەرو رۆشنبیر مەحکومن بەمانەوە لەناو ئەو دۆگمایەدا کە بەهۆکاری جۆراوجۆر خەڵکانێکی ئاسایی یان حیزبی و ئایدیۆلۆجیست تێیدا ئەژین ؟

٦ ی نیسانی ٢٠٢٠

# جیاوازیی چینایەتی دەوڵەمەندەکانی ئەمریکای تۆقاندوە

بەپێی هەواڵێک:

لەترسی دروستبونی ئاشوبی کۆمەڵایەتی بەهۆی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە ، دەوڵەمەندەکانی ئەمریکا ، لەهەڵپەدان بۆ کڕینی حەشارگەی ژێرزەمینی لەوڵاتەکەیاندا.

حەشارگەی ژێرزەمینی ، بەو خانوانە دەگوترێ کە لەژێر زەمیندا دروست کراون.

روبەری هەندێک لەحەشارگەکان 140 م دووجایە ، جێی خێزانێکی پێنج کەسییان تێدا دەبێتەوەو بەکەڵکی شەش مانگ ژیانتێداکردن دێن.

نرخی حەشارگەی ژێرزەمینی بەپێی روبەرو مواسەفاتی حەشارگەکەیە:

٤٠ دەفتەر ، ١٠٠ دەفتەر ، چەند سەد دەفتەرو ... هتد.

لەو وەختەوە کە ترامپ هاتۆتە سەرکار ، بەچڕی دەست بەوەبەرهێنان کراوە لەکەرتی بیناسازیی حەشارگەدا.

کڕینی حەشارگەی ژێرزەمینی لەلایەن دەوڵەمەندەکانەوە ، لەسەردەمی هاتنەسەرکاری ترامپەوە برەوی پەیدا کردوە.

دەوڵەمەندەکان ، سەرەتا لەترسی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی لەسەر دەستی ترامپ ، دەستیان بەکڕینی حەشارگەی ژێرزەمینی کرد ، بەڵام ئێستا ، لەترسی لێکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی ڤایرۆسی کرۆنا ، کەوتونەتە هەڵپە بۆ کڕینی:

ترسیان هەیە لەلایەن چینی نەدارو دەستکورتەوە پەلامار بدرێن.

حاڵی حازر ، لەچاو چەند ساڵی پێشودا ، خواست لەسەر کڕینی حەشارگەی ژێرزەمینی ، لەسەدا دووهەزار زیادی کردوە!

٤ ی نیسانی ٢٠٢٠

# سوپاس بۆ حکومەتی محەلیی سلێمانی

بەڕاستی سوپاس بۆ حکومەتی محەلیی سلێمانی : ئەوەی ئەو دەیکا بۆ پاراستنی ئاسایشی صحیی خەڵک ، رەنگە لەهیچ شوێنێکی دنیا نەکرابێ!

حەجری صحی ، کورد داینەهێناوە ، قاییمەکارییەکە لەزۆربەی وڵاتانی دنیادا کراوە ، ئەگەر لەکوردستان ئەو قاییمەکارییە نەکرایەو بەو هۆیەوە خەڵکێکی زۆر بمردنایە ، هەمو بەجارێ دەمانگوت:

- باشە خۆ: سەپاندنی حەجری صحی و قەدەغەی هاتوچۆ پارەی تێ نەدەچو ، ئەی بۆ نەیانکرد ؟

سەپاندنی حەجری صحی و قەدەغەی هاتوچۆ ، کارێکی نە کەم بو نە خراپ.

ئەوەی عەیبی لەکارەکەدا دروست کرد (وێرای بەیاننامە کتوپڕو چاوەڕواننەکراوەکەی ئەم دواییە) ، دواخستنی موچەو بێکارمانەوەی خەڵکە!

دەبوایە لەپێشدا موچە بدرایە ، هەروەها بەپێی توانا بەدەلی بێکاری بۆ خەڵکی کەمدەرامەت دابین بکرایە.

رەنگە هەبن پێیانوابێ لەپای دەستکەوتێکی تایبەتیی خۆمان ستاییشی حکومەتی سلێمانی دەکەین!

بەڵام دڵنیابن ئێمە لەو کەسانە نیین!

دڵنیابن : ستایشەکەمان (سوپاسەکەمان بۆ حکومەتی محەلیی سلێمانی) بەرامبەر بەهیچ نییە! رەنگە هیچ کەسێ لەوانەش کە سوپاسەکە ئەیانگرێتەوە ئەام چەند وشەیەیان نەدیبێ!

ئەو کەسانە ، دەتوانن بۆچونێکی تریان لەبارەی پۆستەکەوە هەبێ ، بۆ نمونە : وا تێبگەن کە هەڵسەنگاندنەکەمان بۆ دۆخەکە کورتی هێناوە ، یان هەر شتێکی تری لەو بابەتە.

٢ ی نیسانی ٢٠٢٠

# پێش هەر شتێک لیستی موچە رێک بخرێتەوە

بەپێی نوێترین هەواڵ ، سعودییەو روسیا ، بەنێوەندگیریی ترامپ ، لەچەند رۆژی داهاتودا دەکەونە گفتوگۆ ، بەمەبەستی سەرخستنەوەی نرخی نەوت لەبازاڕدا ، کە بۆ ئەو کارە پێویستە نەوتێکی کەمتر بەرهەم بهێنرێ و بڕی نەوت لەبازاڕدا کەم بکرێتەوە!

هەر لەو چوارچێوەیەدا ، وەزیری وزەی روسی دەڵێ : مۆسکۆ نیازی نییە بۆ ئەم مانگە (مانگی نیسان) ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەرز بکاتەوە.

ترامپیش دەڵێ : ئەگەر نێوەندگیریەکەمان سەری نەگرت (هەروەها ئەگەر بەپێویستمان زانی !) ، ئەوا پەنا دەبەینە بەر بەدیلێتر (دیاریی نەکردوە بەدیلەکەیتر چییە)!

بەکورتی : پێناچی ئەو نرخەی کە ئێستا نەوتی پێ دەفرۆشرێ ، زەرەری هیچ کام لەکۆمپانیاو وڵاتە بەرهەمهێنەکانی نەوتی تێدا نەبێت (ترامپی لێدەرچێ کە سودی لێ بینیوە بۆ دابەزاندنی نرخی سوتەمەنی لەناوخۆی وڵاتەکەی و رازیکردنی دەنگدەران ، بەڵام ئەویش دواجار لەژێر زەختی ئەو کۆمپانیا ناوخۆییانەی وڵاتەکەیدا کە کاریان بەرهەمهێنانی نەوتی بەردینە ، جددیتر دێتە ژێر باری نێوەندگیرییەکە)!

لەبەرئەوە : پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ، پەلە لەبابەتی موچەدا نەکات (ئەگەر تەنها لەژێر زەختی دابەزینی نرخی نەوتدا ئەو کارە دەکات) ، بەڵکو باشترە چاوەڕێ بکات.

بۆ چارەسەرکردنی کەمدەرامەتیی ئێستاشی ، دەتوانێ تا بازاڕی نەوت دەبوژێتەوە ، بەشێوەیەکی کاتی بەردەوامبێ لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی نێوان موچەو موچەی دواتری وەکو ئەوەی ئێستا دەیکات ، یان بەیەکجاری دەستکاریی دەرماڵەکان بکات (دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەوەدایە دەستکاریی دەرماڵەکان بکات چونکە جیاوازیی زۆری لەنێوان داهاتی فەرمانبەرانی وەزارەتە جیاوازەکاندا دروست کردوە).

خۆ ئەگەر دەرکەوت کە دەرامەتەکەی ، دوای دەستکاریکردنی دەرماڵەکانیش هێشتا هەر بەشی دابینکردنی موچە ناکات ، ئەوا بەشێوەیەکی کاتی بەردەوامبێ لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی نێوان موچەو موچەی دواتری ، بەڵام (لیستە نوێیە دەستکاریکراوەکەی موچە) بکاتە بنەما.

گونجاو نییە ماوەی نێوان موچەو موچەی دواتری درێژ بکرێتەوەو لیستی ئێستای موچە (کە جیاوازییەکی زۆری لەنێوان داهاتی فەرمانبەرانی وەزارەتە جیاوازەکاندا دروست کردوە) ، بکرێتە بنەما.

ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ، لەکاتی پەیڕەوکردنی سیستمی پاشەکەوتی موچەدا ، ئەو هەڵەیە کرا: هەمان لیستی موچە ، بەبێ هیچ ڕێکخستنەوەو دەستکاریکردنێک ، کرایە بنەما!

بەڕای ئێمە : لەهەمو حاڵەتێکدا ، ڕێکخستنەوەو دەستکاریکردنی لیستی موچە کارێکی پێویستە ، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە کە جیاوازیی نێوان داهاتی فەرمانبەرێک و فەرمانبەرێکی هاوپلەو هاوساڵی خزمەت و هاوشەهادەی کۆتایی پێبهێنێ ، هەروەها جیاوازیی قەبەی نێوان داهاتی فەرمانبەران و پلە تایبەتەکان کەم بکاتەوە.

دوای ڕێکخستنەوەو دەستکاریکردنی لیستی موچە بەو شێوەیەی کە ئاماژەمان پێ دا ، ئەگەر ماوەی نێوان موچەو موچەی دوای خۆی ، درێژیش بکرێتەوە ، ڕەنگە ئەو غوبن و ناڕەزایەتییە دروست نەکا کە جاری پێشو دروستی کرد.

بۆ ئاگاداریی هەمو لایەک : ساڵانی پێشویش کە سیستمی پاشەکەوت پەیڕەو کرا ، ئێمە هەمان پێشنیاری ئێستامان ، لەڕێی هەفتەنامەی چاوێرەوە ، خستەڕو ، بەڵام نەبیسترا.

لەڕاستیدا هەرگیز پێمان خۆش نییە ژیانی مرۆڤ لەنیشتیمان و شارو گەڕەکماندا بەناخۆشی بگوزەرێ : لەسایەی بێموچەیی یان کەم موچەیی و هەژاریدا!

بەڵام کە جاروبار بۆچونێک لەبارەی چۆنیەتیی ڕێکخستنەوەی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمەوە دەخەینەڕو ، لێمان مەعلومە موچە هەر دەستکاری دەکرێ ، ئیتر بۆچی ئەگەر پێوەرێک یان بنەمایەکی گونجاوتر پێبزانین نەیخەینەڕو؟

دەستکاریکردنەکە ناچارانەیە ، لەژێر زەختدایە:

- زەختی بازاڕی شکستخواردوی نەوت!
- زەختی ئەو کۆمپانیا بیانی و غەیرە بیانیانەی نەوت و غازی هەرێم بەرهەم دەهێنن ، کە بەس قازانجی خۆیان و وەرگرتنەوەی قەرزی خۆیان لەسەر هەرێم ، مسۆگەربێ ، باکیان بەموچەی خەڵک نییە!
- زەختی ئەو حکومات و دەڵاڵانەی کە بەشدارو هاوکارن لەزەمینەسازی و ڕێگەدان بەهەناردەکردنی نەوتی هەرێم!
- زەختی ئەو نەفسییەتە نانیشتیمانی و نائینسانییەی بەسەر دڵ و دەرونی هەندێک لەیاساسازان و ڕاوێژکارانی کەسانی بڕیاربەدەستدا زاڵە کە بەس موچەی قەبەی خۆیان مسۆگەربێ باکیان بەموچەی کەمی فەرمانبەر نییە!
- زەختی گەندەڵی!
- زەختی سیاسی ، لەم وڵات و ئەو وڵاتەوە ، کە بەربەست بوە لەبەردەم ڕێکەوتنی بەغداو هەولێر لەسەر چۆنیەتیی دابینکردنی گوزەرانی خەڵک ... هتد !

٣١ ی ئازاری ٢٠٢٠

# حکومەتی هەرێم جارێ دەستکاریی موچە نەکا

هەواڵی دەستکاریکردنی موچە لەهەرێم ، پێش دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆناو دابەزینی نرخی نەوت ، لەئارادابو ، بەڵام چەند رۆژێکە گەرمتر لەئارادایە.

پێشتر وا پیشان دەدرا ئامانج لەدەستکاریکردنی موچە چاکسازییە : رێککردنەوەی هەندێ نارێکییە لەدیاریکردنی دەرماڵەدا.

بەڵام ئێستا ، کە ئەم رەوشە ئابورییە جیهانییەشی هاتۆتە سەر ، وا پیشان دەدرێ ئامانج لەدەستکاریکردنی موچە تەنها چاکسازی نییە ، بەڵکو چارەسەرکردنی ئەو کەمدەرامەتییەی حکومەتیشە کە دێتەرێ یان چەند هەفتەیەکە هاتۆتەرێ!

بەهەرحاڵ ئەگەر ئامانج لەدەستکاریکردنی موچە چاکسازی بێت ، ئەوا دەبێ دەستکاریکردنەکە لەسنوری دەرماڵە ناجێگیرەکان نەترازێ (وەکو لەسەرەتاوە دەدرا بەگوێدا).

ئەگەر ئامانج لەدەستکاریکردنەکە هەردوو کارەکەبێت پێکەوە (چاکسازی و چارەسەرکردنی کەمدەرامەتیی ئەم چەند هەفتەیەی حکومەت یان چەند هەفتەو چەند مانگی داهاتوی) ئەوا دەبێ هەر دەستکارییەکی زیادە لەسەروی دەرماڵە ناجێگیرەکانەوە ، دەستکارییەکی کاتی بێت ، لەگەڵ کۆتاییهاتنی ئەم رەوشە ئابورییە جیهانییەدا (واتە لەگەڵ کرانەوەو بوژانەوەی بازاڕی نەوت و کاڵادا) کۆتایی پێ بهێنرێ!

بێگومان ئەم رەوشە ئابورییە جیهانییە ، حکومەتی ناوەندییشی گرتۆتەوە ، ئەوەتا رۆژانە دەیان هەواڵ لەبارەی چارەنوسی موچەی فەرمانبەرانی ئەوێیشەوە بڵاودەبێتەوە.

بۆیە باشترە حکومەتی هەرێم جارێ دەستکاریی موچە نەکا (بەتایبەتی ئەگەر بەتەمایە دەستکاریکردنەکە لەسەروی دەرماڵە ناجێگیرەکانەوە بێت):

چاوەرێ بێت بزانێ حکومەتی ناوەندی دەستکاریی موچە دەکا یان نا ، ئەگەر دەیکا چۆن دەیکا ؟ راستەوخۆ ، یان ناڕاستەوخۆ؟

بێگومان دوو شێوازی بنەڕەتی هەیە بۆ دەستکاریکردنی موچە (جا مەبەست لەدەستکاریکردنەکە هەرچی بێت : زیادکردنی موچە یان کەمکردنەوەی موچە):-

- شێوازی ڕاستەوخۆ
- شێوازی ناڕاستەوخۆ

- شێوازی ڕاستەوخۆ ئەوەیە ڕاستەوخۆ دەست بۆ سیستمی موچە ببەیت و دەستکاریی بڕی موچە بکەیت ئیتر بەکەمکردنەوەی بێت یان بەزیادکردنی.
- شێوازی ناڕاستەوخۆ ئەوەیە دەست بۆ سیستمی موچە نەبەیت ، بەڵکو دەستکاریی نرخی دۆلارو کاڵا بکەیت.

چۆن؟

بەمشێوەیە:

- ئەگەر بتەوێ ناڕاستەوخۆ موچە زیاد بکەیت بەبێ ئەوەی دەستکاریی سیستمی موچە بکەیت ، ئەوا دێیت نرخی دۆلار بەرامبەر بەدینار دادەبەزێنی (بۆ نمونە لەسەدو بیست هەزار دینارەوە دایدەبەزێنی بۆ سەد یان سەدو دە هەزار دینار) ، ئەوسا خۆبەخۆ نرخی کاڵا دادەبەزێ ، سەرەنجام توانای کڕین بەرز دەبێتەوە ، واتە کارێک دەکەی فەرمانبەر بتوانێ بەهەمان بڕی موچە کە وەریدەگرێ بڕێکی زیاتر کاڵاو دۆلار بکڕێ!
- ئەگەر بشتەوێ بەم شێوە ناڕاستەوخۆیە موچە کەم بکەیتەوە ، ئەوا پێچەوانەوەی ئەوەی سەرەوە دەکەیت:

دێیت نرخی دۆلار بەرامبەر بەدینار بەرز دەکەیتەوە (بۆ نمونە لەسەدو بیست هەزار دینارەوە بەرزی دەکەیتەوە بۆ سەدو سی یان سەدو چل هەزار دینار) ، ئەوسا خۆبەخۆ نرخی کاڵا بەرز دەبێتەوە ، سەرەنجام توانای کڕین دادەبەزێ ، واتە کارێک دەکەی فەرمانبەر نەتوانێ بەموچەکەی بەقەدەر فەترەی پێشو کاڵاو دۆلار بکڕێ ، بەو جۆرە ڕەسیدی حکومەت لەبانکی ناوەندیدا کە بریتییە لەدۆلار یان ئاڵتون ، دەستی پێوە دەگیرێ!

بێگومان ئەم شێوازەی دەستکاریکردنی موچە کە سەرەنجام دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕ لەتوانای کڕیندا لای سەرجەم هاووڵاتیان نەک تەنها لای فەرمانبەر ، لەشێوازەکەیتر ئاڵۆزترە ، وریایی و دیراسەکردنی وردتری دەوێ ، چونکە تەنها کاریگەریی لەسەر ژیان و داهاتی فەرمانبەر نابێ ، بەڵکو کاریگەریی لەسەر داهات و ژیانی کرێکارو بازرگان و دەوڵەمەندو هەژارو خەڵکی سەروخواری وڵات دەبێ (بەدانیشتوانی سنوری هەرێمە سەربەخۆکانی ناو وڵاتەکەیشەوە ئەگەر وڵاتێکی فیدراڵی بێت وەکو عێراق).

ئەم شێوازەی دەستکاریکردنی موچە (شێوازی ناڕاستەوخۆ) بەحکومەتێک دەکرێ کە دراوەکەی خۆیی بەتەواوی تەعویم نەکردبێ ، یان هەر تەعویمی نەکردبێ ، یان نیمچە تەعویمی کردبێ ، واتە:

دەسەڵاتی بەسەر دیاریکردنی بەهای دراوەکەی خۆیدا هەبێ ، نەک دەسەڵاتی دیاریکردنی بەهای دراوەکەی خۆیی دابێتە دەست بازاڕو بۆرسە (لەنوسینێکی تردا باسی تەعویممان کردوە).

دەستکاریکردنی موچە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ، بەحکومەتێکی وەکو بەغدا دەکرێ کە دراوەکەی خۆیی تەعویم نەکردوە ، بەحکومەتی هەرێم ناکرێ چونکە دیاریکردنی سیاسەتی نەقدی لەدەست بانکی ناوەندیدایە ، بانکی ناوەندییش لەدەست حکومەتی ناوەندیدایە.

ئەم رەوشە ئابورییە نوێیەی جیهانی گرتوتەوە ، ئەگەر درێژە بکێشێ (هەرچەند پێناچێ زۆر درێژە بکێشێ) رەنگە حکومەتی ناوەندییش ناچار بکات موچەی فەرمانبەر کەم بکاتەوە.

حکومەتی ناوەندی ، ئەگەر ناچار ببێ موچەی فەرمانبەران کەم بکاتەوە ، رەنگە لەترسی جەماوەر (کە ماوەیەکی زۆرە بەردەوام خەریکی خۆپیشاندانە) نەوێرێ راستەوخۆ بیکا : ناڕاستەوخۆ بیکا.

کەمکردنەوەی موچە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دوو قازانجی تێدایە ، یەکێکیان بۆ حکومەتە ، ئەوی تریان بۆ فەرمانبەرە:

- قازانجەکەی حکومەت ئەوەیە:
- ئەو فەرمانبەرانەی سەر لەکاروباری دارایی و ئابوری دەرناکەن (کە زۆرینەن) ئاگاداری ئەوە نابن موچەیان کەم کراوەتەوە ، کارەکە بەئاسانی تێدەپەڕێ.
- قازانجەکەی فەرمانبەریش ئەوەیە:
- ئەم شێوازە ، بەو حوکمەی توانای کڕین لای سەرلەبەری تاکەکانی کۆمەڵگە دادەبەزێنێ ، تەنها کاریگەریی سلبیی بۆ سەر داهات و گوزەرانی ئەو نییە ، بەڵکو کاریگەریی سلبیی بۆ سەر داهات و گوزەرانی زۆرینەی خەڵکی وڵات هەیە بەفەرمانبەری کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و کرێکارو کاسبەوە (ئەم ئاگاییە رەنگە لای ژمارەیەکی کەم لەفەرمانبەران و خەڵکی وڵات هەبێ).

ئەگەر حکومەتی بەغدا ناچار ببێ بەشێوەی ناڕاستەوخۆ موچەی فەرمانبەر کەم بکاتەوە (واتە : دۆلار گران بکا) ، ئەوا ئەو کەمکردنەوەیە کاریگەریی دەبێت بۆ سەر داهات و ژیانی سەرلەبەری خەڵکی عێراق ، لەفاوەوە بۆ زاخۆ ، بەفەرمانبەرو غەیری فەرمانبەرەوە!

بۆیە باشترە حکومەتی هەرێم جارێ دەستکاریی موچە نەکا ، بەتایبەتی ئەگەر بەتەمابێ دەستکاریکردنەکە لەسەروی دەرماڵە ناجێگیرەکانەوە بێت:

چاوەڕێبێ بزانێ حکومەتی ناوەندی بەنیازە لەبارەی موچەوە چی بکا ، چونکە ئەگەر لەیەک کاتدا حکومەتی ناوەندی بەشێوەی ناڕاستەوخۆ (شێوەی راستەوخۆ کێشە نییە) موچەی فەرمانبەر کەم بکاتەوە (نرخی دۆلار لەبانکی ناوەندییەوە گران بکا) ، هەروەها حکومەتی هەرێمیش بەشێوە راستەوخۆکە (کە تەنها ئەوەی لەدەست دێت) موچەی فەرمانبەرانی هەرێم کەم بکاتەوە ، ئەوا وەک ئەوە وایە دووجار دەست کێشرابێتە داهاتی فەرمانبەرانی هەرێمەوە:

- جارێک راستەوخۆ.
- جارێکیش ناڕاستەوخۆ.

ئەمەش زەرەری سەرجەم خەڵکی کوردستانی تێدا دەبێ ، جگە لەو دەوڵەمەندانەی سەرمایەی خۆیانیان بەدۆلار هەڵگرتوە ، هەروەها ناڕەزایی گەورەی لێدەکەوێتەوە.

- ئەوەش بڵێین:

- حکومەتی ناوەند ، بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانەکەی لەبودجەی ٢٠٢٠ و هەر ساڵێکی تردا ، جگە لەکەمکردنەوەی موچە بەشێوازی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ، بژاردەی تریشی لەبەردەمدایە ( وەکو : قەرزکردن ، چاپکردنی پارەی بێ روپۆش و بێ باجبەها / تەبع) ، بۆیە پێناچی دۆلار گران بکا ، بەڵام ئەی ئەگەر ناچاربو و کردی؟

٣٠ ی ئازاری ٢٠٢٠

# وەزیفەی فەرمانبەر بەقەرز

**حکومەتی هەرێم ئەمجارەش وەزیفەی فەرمانبەر بەقەرز لەسەر خۆی حساب نەکا!**

بەبڕوای سادەی بەندە:

حکومەتی هەرێم ، نابێ دیسانەوە خۆی قەرزاری فەرمانبەران بکات!

ئەگەر دەرەقەت نایەت بەپێی سیستمی ئێستای موچە ، موچە دابین بکات ، ئەوا پێویستە بەپێی سیستمێکی تازەی گونجاو ، کە هەم دادپەروەریی تێدابێ ، هەم لەگەڵ توانای ئابوری و دارایی ئێستای خۆیدا بگونجێ ، موچە دیاری بکاتەوەو بەبێ پاشەکەوت بیدات (تەنانەت ئەگەر ئەو سیستمە تازەیە بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت).

- **نابێ حکومەت (وەزیفەی فەرمانبەر) بەقەرز لەسەر خۆی حساب بکات!**

هەمو وڵاتێک لەڕێی تەنگژەی دارایی و ئابوریدایە ، بەڵام حکومەتی هیچ وڵاتێک لەکاتی تەنگژەی دارایی و ئابوریدا (وەزیفەی فەرمانبەر) ی بەقەرز لەسەر خۆی حساب نەکردوە (ئەوەندەی من ئاگام لێی بێت) ، چونکە کارێکی حسابی نییە!

- کام لەوڵاتانی دەوروبەرمان ، لەکاتی تەنگژەی دارایی و ئابوریدا ، وەزیفەی فەرمانبەری بەقەرز لەسەر خۆی حساب کردوەو یاسای موچەی بەشێوەیەک ڕێکخستۆتەوە قەرزاری فەرمانبەری بکات ؟ عێراق ؟ تورکیا ؟ ئێران ؟
- سبەینێ و دوو سبەی حکومەتی بەغدا کێشەی موچەی بۆ دروست دەبێ **!** ئایا دەچێ یاسایەکی نوێی موچە دابڕێژێ قەرزاری فەرمانبەری بکا ؟
- **حکومەت (ئەگەر خاوەنی ڕوانگەی قوڵی دارایی و ئابوری بێت) ئەوەندە دەدا کە دەتوانێ بیدا:**

داهاتی باشی هەبێ بڕی موچە بەرز دەکاتەوە ، نەیبێ کەمی دەکاتەوە ، ناچێ وەزیفەی فەرمانبەر بەقەرز لەسەر خۆی حساب بکا!

٣٠ ی ئازاری ٢٠٢٠

# ئابوریی راستەقینەو ئابوریی ناڕاستەقینە

سەروەت و سامانی راستەقینەی سەرجەم وڵاتانی دنیا بەسەریەکەوە بایی نزیکەی نەوەت تریلیۆن دۆلارە ، بەڵام قەبارەی ئەو پارەیەی لەبۆرسەی جیهانیدا مامەڵەی پێوە دەکرێ خۆی دەدا لەسێسەد تریلیۆن دۆلار.

ئەم جیاوازییە گەورەیەی نێوان ئابوریی راستەقینە (سەروەت و سامانە راستەقینەکەی وڵاتان) و ئابوریی وەهمی (مەبلەغە زەبەلاحەکەی ناو بۆرسەی جیهانی) وایکردوە جیهان ببێتە چەقی قەیرانی دارایی و ئابوری.

پێشتر بیست سی ساڵ جارێک ئەم قەیرانە دەردەکەوت ، بەڵام ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو ئامرازەکانی پەیوەندیکردنەوە ماوەکە کورت بۆتەوە بۆ دە ساڵ جارێک ، رەنگە کورتتریش (تەماشای ئەم لینکەی خوارەوە بکە)!

کەواتە ئەگەر مومتەلەکاتی سەرجەم وڵاتەکانی دنیا ، بخەینە سەر فرۆشتن ، بەدووقاتی قیمەتی خۆیشیان ساغیان بکەینەوە ، هێشتا زیاد لەسێیەکی ئەو پارەیەی چاپکراوەو لەبۆرسەی جیهانیدا مامەڵەی پێوە دەکرێ ، دەبێ بسوتێنرێ ، چونکە لەگۆترە چاپ کراوەو بەبێ روپۆش (باجبەها) فڕێدراوەتە بۆرسەوە ، واتە دزییەکی یاساییە ، وڵاتە زەبەلاحەکان (ئەوانەی بەردەوام لەگۆترە پارەی بێ روپۆش چاپ دەکەن) لەوڵاتانی دیکەیان کردوە.

٢٩ ی ئازاری ٢٠٢٠

# تەعویمی دراو و چارەنوسی دیناری عێراقی

تەعویمی دراو ، واتە : دەستبەرداربونی بانکی ناوەندیی وڵات لەدابینکردنی دراوی بیانی بەنرخی جێگیرو بەبڕی پێویست بۆ وەبەرهێنەران و بازرگانان و هاووڵاتیان (هەریەکە بەپێی پێویستیی کارەکانیان) ، کە دەبوە هۆی بەجێگیریهێشتنەوەی بەهای دراوی نیشتیمانی لەئاست دۆلارو دراوە بیانیەکانیتردا ، هەروەها بەجێگیریهێشتنەوەی نرخی کەلوپەل و کاڵا بەتایبەتی کەلوپەل و کاڵای هاوردە (تاڕادەیەکی باش) ، وەکو ئەوەی بانکی ناوەندیی عێراق لەدوای روخانی رژێمی پێشوەوە کردی و دەیکا!

تەعویم ، سیاسەتێکی نەقدی (دراو) یە ، هەندێجار حکومەتەکان لەناچاریدا پەنا دەبەنە بەری (بەهۆی لاوازیی باری ئابوری و دارایینەوە) ، هەندێجاریش مەرجێکە لەمەرجەکانی قەرزوەرگرتن لەسندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی و لەلایەن ئەوانەوە دەسەپێنرێ بەسەریاندا!

عێراق ، لەدوای روخانی رژێمی پێشوەوە ، تا ئەم دەقەیە ، بەهای دراوەکەی خۆیی بەجێگیری راگرتوە ، لەبەرئەوەی نە ئابوریەکەی ئەوەندە لاوازبوە ناچاری بکا دراوەکەی تەعویم بکا ، نە بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ناچاریان کردوە تەعویمی بکا (هەرچەند قەرزیشی لێ وەرگرتون)!

بێگومان عێراق لەسەردەمی رژێمی بەعسیشدا ، ئەگەر شەڕ بیهێشتایەو ئابلۆقەی ئابوریی لەسەر دانەنرایە ، دەیتوانی بەهای دراوەکەی خۆی بەجێگیری بهێڵێتەوە ، چونکە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی وڵات ، هەر هەمان سەرچاوەبو کە ئێستاش هەیە (نەوت) : بۆچی ئێستا دەتوانێ ، بۆچی ئەوسا نەیدەتوانی ؟ حەتمەن ئەوساش دەیتوانی ئەگەر هۆکاری سیاسی و ئەمنی پاڵیان بەئابوریەکەیەوە نەنایەت بەرەو داڕوخان!

حاڵی حازر ، چینی سیاسی و فەرمانڕەوا لەعێراقدا ، خەریکە بەهۆی شەڕەدەنوک و شەڕەقۆچەوە لەگەڵ ئەمریکا ، وڵات دوچاری هەمان چارەنوسی پێشوی دەکەنەوە!

بەکورتی و بەبڕوای ئێمە ، ئەمجارەیان ، نەک تەنها لەژێر کاریگەریی ئەم شەڕەدەنوک و شەڕەقۆچەی چینی سیاسی و فەرمانڕەوا لەگەڵ ئەمریکا ، بەڵکو لەژێر کاریگەریی ئەو رەوشە سححی و ئابوریيە جیهانییەشدا کە سەرلەبەری دنیای گرتۆتەوە (کۆرۆناو رکودی ئابوری و

دابەزینی نرخی نەوت) ، ئابووریی عێراق لەڕێدایە بەرەو داڕوخان ، کە دیارترین دەرەنجامی ئەو داڕوخانە بریتی دەبێت لەچاپکردنی پارەی تەبع ، هەروەها تەعویمی دراو : دەستهەڵگرتن لەفرۆشتنی دۆلار لەڕێی بانکی ناوەندییەوە بەوەبەرهێنەران و بازرگانان و هاووڵاتیان بەنرخی جێگیر (بەناچاری نەک لەسەر داوای بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی) رێک وەکو سەردەمی پێشو!

بەڵام ئەگەر چینی سیاسی و فەرمانڕەوا ، دەستبەرداری ئەم شەڕەدەنوک و شەڕەقوچە بین لەگەڵ ئەمریکا ، ئەوا ئابووریی وڵات وەکو ئابووریی زۆرێک لەوڵاتانی تری دنیا تەنها مەترسییە گشتیەکەی لەسەر دەمێنێ ، لەمەترسییە تایبەتییەکە بەدور دەبێ کە مەترسیی ئابلۆقەی ئابوورییە!

ئەمەش بەوە دەبێ لێگەڕێن عەدنان زورفی (یان بەدیلی عەدنان زورفی) حکومەتی نوێ پێکبهێنێ و بڕیار بدات چی بکرێ و چی نەکرێ!

بێگومان ئابووریی عێراق و دیناری عێراقی ، دوچاری هەر ناهەموارییەک بین ، روی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە ، چونکە بەشێکی گرنگ لەبودجەی هەرێم ، عێراق دەیدات و بەدینار دەینێرێت (جا دیناری تەبعی بێرەواج بێت یان ئەم دینارە بەرەواجەی ئێستا).

٢٨ ی ئازاری ٢٠٢٠

# دیناری عێراقیی تەبع

فیکرەی چاپکردنی دیناری تەبع لەناوخۆی عێراقدا ، پەیوەندیی بەدابەزینی نرخی نەوتەوە هەیە.

دابەزینی نرخی نەوتیش ، دوو هۆکاری هەیە:

- کەمبونەوەی خواست لەسەر نەوت بەهۆی تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆناوە.
- هەڵوەشانەوە (یان هەڵپەساردن) ی ڕێکەوتننامەی ئۆپیک پڵەس ، بەهۆی نەسازانی سعودییەو روسیا لەسەر بڕی بەرهەمهێنان ، کە سەرەنجام بو بەهۆی هەڵایسانی شەڕی دابەزاندنی نرخی نەوت لەنێوان سعودییەو روسیاو ئەمریکا ، وەکو سێ زەبەلاحترین بەرهەمهێنی نەوت لەدنیادا.

تا چەند رۆژێ پێش ئێستا دەگوترا شەڕەکە رەنگە دوو مانگیتر درێژە بکێشێ ، گوایە لەو دوو مانگەدا ئەمریکا بەتەواوی یەدەگی نەوتی خۆی لەڕێی کڕینی نەوتی خەلیجەوە بەنرخی زۆر هەرزان سەردەخاتەوە ، ئیتر دوای ئەوە نرخی نەوت سەردەکەوێتەوە.

هەروەها دەگوترا ئەمریکا هەر کاتێ بیەوێ دەتوانێ زەخت لەسعودییە بکا شەڕەکەی پێ رابگرێ (بێگومان سعودییە هەڵگیرسێنەری شەڕەکەیە هەر بەویش رادەگیرێ)!

دەشگوترا: جارێ هیچ کام لەسێ زەبەلاحە بەرهەمێنەرەکەی نەوت زۆریان بۆ نەهاتوە ، هەر کاتێ زۆریان بۆ هات هاواریان لێهەڵدەستێ : رێ و شوێنی نوێ دەگرنەبەر بۆ سەرخستنەوەی نرخی نەوت.

حاڵی حازر هەواڵ هەیە: هەم ترامپ لەژێر فشاری کۆمپانیا ناوخۆییەکانی وڵاتەکەی (ئەوانەی کە نەوتی بەردین بەرهەم دێنن و بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە زەرەرمەندبون) داوای لەسعودییە کردوە شەڕەکە رابگرێ.

هەم روسیا پێشنیاری کردوە چاو بەوەزعەکەدا بخشێنرێتەوەو نرخی نەوت سەر بخرێتەوە!

واتە ئێستا دووان لەسێ لایەنەکەی شەڕە نەوتیەکە (ئەمریکاو روسیا) بەچۆکدا هاتون ، لەوە زیاتر بەرگەی دەرەنجامە خراپەکانی شەڕەکە ناگرن ، بۆیە پێدەچی ئاخری سعودییە رازی بکرێ بەڕاگرتنی شەڕەکە.

ئەگەر بەمزوانە شەڕە نەوتییەکە ڕابوەستێنرێ و نرخی نەوت بەرز بکرێتەوە ، ئەو فیکرەیەی عێراق هەیەتی بۆ چارەسەرکردنی خراپیی ڕەوشی دارایی وڵاتەکە کە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە هاتۆتە ئارا (فیکرەی چاپکردنی دیناری تەبع لەناوخۆدا وەکو دینارە تەبعە ڕسواکەی سەردەمی سەدام) ، دەخرێتە لاوە.

- سعودییە ئەوەندە بەهێزە چۆک بەڕوسیاو ئەمریکا دابدا؟
- بابەتەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بەپێی هەواڵەکان (کە بەردەوام لەگۆڕاندان و ڕەنگە تا لەنوسینی ئەم چەند ڕستەیە دەبینەوە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتبێ) ، ئەمریکاو ڕوسیا ئاماژەی ئەوەیان پیشان داوە خوازیاری سەرخستنەوەی نرخی نەوتن (پێشتر وایان پیشان نەدەدا ، بەڵکو وایان پیشان دەدا زۆر باکیان بەدابەزینی نرخی نەوت نییە)!

ئەم ئاماژەیە ، ئەگەر بۆ ئەمریکا وەکو دەوڵەت نیشانەی بەچۆکدا هاتن نەبێ ، بۆ ئەو کۆمپانیا ناوخۆییانەی وڵاتەکە کە کاریان بەرهەمهێنانی نەوتی بەردینە نیشانەی بەچۆکداهاتنە!

بۆ ڕوسیا هەر زۆر بەئاشکرا نیشانەی بەچۆکداهاتنە!

بێگومان ئابوریی ئەمریکا ، ڕوسیا ، چین و وڵاتە زەبەلاحەکانی تری دنیا ، لەسەر دەستی کۆمپانیا بەڕێوە دەچێ ، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو کۆمپانیا لەهەریەک لەو دەوڵەتانەدا بەشدارە لەدروستکردنی بڕیاری سیاسییشدا ، بەڵام لەهەریەکەیان بەجۆرێک!

لەڕوسیاو چین ، کۆمپانیاکان لەژێر هەژمونی دەوڵەتدان : پابەندن بەسیاسەتی دەوڵەتەوە.

لەئەمریکا ، دەوڵەت لەژێر هەژمونی کۆمپانیادایە ، کۆمپانیاش ئەوەندەی پابەندە بەقازانج و زەرەری خۆیەوە ، ئەوەندە پابەند نییە بەسیاسەتی دەوڵەتەوە.

بەهەرحاڵ دابەزینی نرخی نەوت لەبازارەکانی جیهاندا ، بەدڵی خەڵکی ئەمریکاو حکومەتی ئەمریکایە، چونکە هەردولایان سودمەندن لێی (لەنوسینێکی تردا باسی ئەمەمان کرد) ، بەڵام بەدڵی ئەو کۆمپانیا ناوخۆییانەی وڵاتەکە نییە کە کاریان بەرهەمهێنانی نەوتی بەردینە ، چونکە فرۆشتنی نەوت بەنرخی هەرزان دەریناهێنێ بۆ ئەوان!

بۆیە زەخت لەحکومەت دەکەن کار بکات بۆ سەرخستنەوەی نرخی نەوت!

بەکورتی : لەم شەڕەدا (شەڕی دابەزاندنی نرخی نەوت) چۆکدادانی ڕوسیا لەبەردەم سعودییەدا ، چۆکدادانی حکومەتی وڵاتەکەیە ، بەڵام چۆکدادانی ئەمریکا ، چۆکدادانی هەندێ لەکۆمانیا ناوخۆییەکانی وڵاتەکەیە .

لەڕاستیدا گفتوگۆو نوسین لەبارەی بابەتگەلی دارایی و ئابورییەوە ، لەفەیسبوکدا ، پێویستی بەکەمێک سادەکاری و ڕونبێژی هەیە!

بۆ ئەوەی بتوانین سادەکارو ڕونبێژیش بین ، ناچارین هەندێجار بەو وشەو موفرەداتانە بدوێین کە تێگەییشتن لێیان بۆ خەڵک بەگشتی ئاسانە.

لەو چوارچێوەیەدا دەستەواژی (پارەی تەبع)مان بەکارهێناوە ، چونکە کە وترا پارەی تەبع ئیتر خوێنەری کورد دەزانێ مەبەست لەپارەی تەبع ئەو پارەیەیە کە بەبێ (غطاء – روپۆش یان باجبەها) /لەزێرو دراوی قورسی بیانی/ ، لەلایەن بانکی مەرکەزیی وڵاتەوە دەخرێتە بازاڕ.

لەوانەیە هەبن بڵێن : عێراق یەدەگێکی زۆری لەدراوی بیانی هەیە ، مەترسی لەسەر بەهای دیناری عێراقی لەئارادا نییە!

وەڵامێکی ئەوتۆمان نییە ، تەنها پرسیارێکمان لەوبارەیەوە هەیە:

ئەی بۆچی کاربەدەستانی بەغدا بیریان لەچاپکردنی دیناری بێ روپۆش کردۆتەوە؟

٢٥ ی ئایاری ٢٠٢٠

# ترامپ چۆن ئیدارەی شەڕی نەوت دەدا؟

شەڕی نەوت هەڵگیرساوە ، شەڕەکە لەدابەزینی نرخی نەوتدا بەرجەستەبوە ، لەنێوانی سێ زلهێزی بازاڕی نەوتدایە : ئەمریکا ، روسیا ، سعودییە.

ئەو سێ دەوڵەتە ، زلهێزی بازاڕی نەوتن ، چونکە لەهەرە گەورەترین بەرهەمهێنەرەکانی نەوتن!

شەڕەکە بەردەوامە ، بەپێی بۆچونی هەندێ لەشارەزیان رەنگە لەئەنجامی ئەم شەڕەدا نرخی نەوت شۆڕ ببێتەوە بۆ 10 دۆلار!

هەر سێ زلهێزی ناوبراو ، لەم جەنگەدا ، لەڕێی قازانج و زەرەردان!

پێدەچێ تا ئێستا هیچیان بەتوندی نەکەوتبنە بەر گورزی زەرەرو زیانەکانی شەڕەکە ، بۆیە نوتقیان لەخۆیان بڕیوەو بەردەوامن لەبەرهەمهێنان و فرۆشتن ، بەو نرخە کەمە!

واز لەباسی قازانج و زەرەری روسیاو سعودییە دێنین (بۆ ئەوەی وتارەکە درێژە نەکێشێ) ، تەنها باسی قازانج و زەرەری ئەمریکاو چۆنیەتیی مامەڵەکردنی سەرۆکەکەی دەکەین لەئیدارەدانی ئەم شەڕەدا ، بۆ ئەوەی بزانین ئەو ترامپەی کە هەندێکمان پێمان وایە بەڕێکەوت بۆتە سەرۆکی ئەمریکاو هیچ لەحکومڕانی و ئیدارەدانی ململانێ نازانێت ، لەم کەیسەدا چۆن مامەڵە دەکات ؟

- کەواتە بابزانین ئەگەر نرخی نەوت لەدابەزین بەردەوام بێت ، زەرەرو قازانجی ئەمریکا لەچیدایە؟

لەقازانجەوە دەست پێدەکەین:

- بڕی نەوتی یەدەگی خۆی سەردەخاتەوە لەڕێی کڕینی نەوتی خەلیج و وڵاتانی تری بەرهەمهێنەوە بەنرخی زۆر هەرزان.
- نرخی سوتەمەنی و بەنزین لەناوخۆی وڵاتدا دادەبەزێنێ کە سەرلەبەری بەکارهێنەران (دەنگدەران) خۆشحاڵ و سودمەند دەکات (کردویشیەتی)!

ئەی چ زەرەرێک دەکات ؟

- نەوتی بەردین کە بەرهەمێکی ناوخۆیی ئەمریکایە ، توانای کێبەرکێی نامێنێ لەبازاڕدا چونکە تێچوی بەرهەمهێنانی بەرزە (35$) ە! ئەمەش بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکان قەڵس و توڕە دەکات (تا ئێستا توڕە نین)!

کەواتە لەم شەڕەدا ، ئەمریکا وەکو دەوڵەت قازانج دەکات ، بەڵام هەندێک لەکۆمپانیا ناوخۆییەکانی ، کە ئیشیان بەرهەمهێنانی نەوتی بەردینە ، زەرەر دەکەن!

- ئەی ترامپ بەنیازە چۆن ئیدارەی ئەم شەڕە بدات؟

بەپێی ئەوەی پێگەی (الاقتصاد والاعمال) بڵاوی کردۆتەوە ، ترامپ لەکاتی پێویستدا تەدەخول دەکات ، لەرێی دبلۆساییەوە هەوڵی کۆتاییهێنان بەشەڕەکە دەدات ، خۆ ئەگەر نەیتوانی شەڕەکە رابگرێ ، یان جارێ بەپێویستی نەزانی رایبگرێ (دەتوانێ رایبگرێ بەڵام رەنگە جارێ بەپێویستی نەزانێ) ، ئەوا زیاد لەبژاردەیەکی لەبەردەمدایە بۆ چارەسەرکردنی دەرەنجامە زیانبەخشەکانی!

بژاردەکان:

- باجدانان لەسەر نرخی نەوتی هاوردەکراو ، بۆ ئەوەی نەوتی بەردین لەناوخۆدا ساغ ببێتەوە بەنرخێک کە زەرەر نەکات ، بەم رێوشوێنە بەرهەمهێنەران رازی دەکات ، بەڵام بەکارهێنەران حەتمەن نارازی دەبن و شەعبییەتی ترامپ دێتە خوارەوە.
- کۆمەککردنی بەرهەمهێنەرانی نەوتی بەردین لەداهاتی گشتی ، بۆ ئەوەی هەم نرخی سوتەمەنی لەناوخۆدا بەرز نەبێتەوە ، هەم بەرهەمهێنەران لەزەرەرو زیان بپارێزێ ، کە بەم شێوەیە هەم بەرهەمهێنەران رازی دەکات هەم بەکاربەران!

بەپێی ئەوەی لەپێگەی (الاقتصاد والاعمال) دا هاتوە ، سەرۆک بژاردەی دوەم جێبەجێ دەکات!

- ئێستا ترامپ لەئیدارەدانی ململانێ و حکومڕانی دەزانێ یان نا؟

٢٣ ی ئازاری ٢٠٢٠

# ماناو هۆکاری فیکرەی پاشەکشەکردن لەجیهانگیری

فیکرەی پاشەکشەکردن لەجیهانگیری ، کە رەنگە خەڵکێکی زۆر ، لەکەسانی ئەنتی کەپیتالیزم و ئەنتی ئومەمییەت ، ناسیۆنالیست و ئایینی و مەزهەبی ، بەبیستنی خۆشحاڵبن ، وەکو پێشنیار یان پێشبینی ، لەگەڵ بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا هاتۆتە ئارا ، بەڵام رەخنەگرتن لەجیهانگیری و وەستانەوە بەرِوی جیهانگیریدا وەکو فیکرە ، رەگ و ریشەکەی کۆنترە.

هەندێ کەس وای بۆ دەچن پاشەکشەکردن لەجیهانگیری واتە پاشەکشەکردن لەسەرجەم ئەو پەرەسەندنە تەکنەلۆجی و کۆمەڵایەتیانەی کە لەچەند دەیەی رابردودا دەستیان پێ کراوەو هێنراونەتەدی (ئەنتەرنێت ، تۆرِە کۆمەڵایەتیەکان ، تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندی و ... هتد) ، بۆیە فیکرەکە وەکو کارێکی مەحاڵ دێتە پێش چاویان.

بەڵام لەراستیدا لایەنی هەرە بنەرِەتیی جیهانگیری ، لایەنە ئابوریەکەیەتی.

بەهۆی ئەم لایەنەی جیهانگیرییەوە فرسەت بۆ کۆمپانیا زەبەلاحە جیهانیەکان رەخساوە بەلێشاو ئەو پارەیەی لەبەری رەنج و ماندوبونی خەڵکی وڵاتەکانیان بۆیان کەڵەکە بوە رەوانەی بازارِەکانی دەرەوەی وڵاتی خۆیانی بکەن ، پارەی تری پێ پەیدا بکەن!

هەروەها بەهۆی ئەم لایەنەی جیهانگیرییەوە (لایەنی ئابوری) فرسەت رەخساوە بەئاسانی بازنەی بەرهەمهێنان (ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ، عەقڵ ، دەستی کار) لەپنتێکی جوگرافییەوە بۆ پنتێکی تری جوگرافی بگوێزرێتەوەو جوڵەی پێ بکرێ ، بێگومان لەخزمەتی کەڵەکەکردنی سەرمایەدا ، کە ئەمە بەزیانی کۆمەڵگە لۆکاڵیەکان و مرۆڤە ئیشکەرو ماندوەکانی سەرلەبەری دنیا تەواو بوە.

ئەوەتا لەسایەی ئەم روداوەدا کۆمپانیای هۆندای یابانی سەرەکیترین کارگەی لەشاری ووهانی چینە ! هەروەها لەشاران و وڵاتانی تریش!

سەرجەم کاڵا جیهانیەکانی تری وڵاتان هەر بەو جۆرەن!

هاوکات لەسایەی ئەم ئابورییە معەولەمەدا ، تا دێت ، لەهەر چوار لای ئەم گۆی زەوییەدا ، بەرِۆژئاوایشەوە ، مرۆڤی بەرهەمهێن و ماندو (ئەوانەی کە دەستمایەکەیان بریتییە لەرِەنجی شانیان و هیچیتر) پرِوکاوترو بێدەستمایەتر دەبن!

**پاشەکشە لەجیهانگیری بەمانای پاشەکشەکردن لەم شێوازەی بەرهەمهێنان و بیزنس دێت ، نەک بەمانای پاشەکشەکردن لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندی.**

- ئەی هۆکار چییە کە هاوکات لەگەڵ بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا ، فیکرەی پاشەکشەکردن لەجیهانگیری دەخرێتەڕو؟
- هۆکارەکەی ئەوەیە کە جیهانگیری بۆتە هۆی بڵاوبونەوەی کۆرۆنا؟

- نەخێر!
- هۆکارەکەی ئەوەیە کە:
جیهانگیری نەیتوانی رێگری بکات لەبڵاوبونەوەی کۆرۆنا ، برسێتی ، جەهل ، تیرۆر ، شەڕو شۆڕی تائیفی و قەومی ، دیکتاتۆریەت و فەساد!
نەیتوانی ببێتە ئامراز بۆ بڵاوبونەوە دیموکراتی ، دادپەروەریی کۆمەلایەتی ، ئاشتی و لێبوردەیی!

جیهانگیری ، بۆ ئەوەی قەیرانی دارایی و ئابوری لەسەر ئاستی جیهانی سەرهەڵ نەدا ، باکی بەوە نەبو کۆمەڵگە لۆکاڵیەکان هەمو جۆرە قەیرانێک بیانگرێتەوە ، هەر لەقەیرانی سححی و ئەمنی و سیاسی و دەستورییەوە بیگرە بۆ قەیرانی دارایی و ئابوری و دابەزینی نرخی نەوت و جەنگ و کاولکاری ! بگرە گەشەی خۆیی لەوسەری گۆی زەمین ، بەستبۆوە بەشکستی ئەمسەری گۆی زەمین : بۆ ئەوەی ئاشی بگەڕێ و کەسادی ئابوری لەسەر ئاستی جیهانی سەرهەڵنەدا ، مەزەندەی ئەوەی کردبو کە دەبێ لەدەرەوەی سەنتەرە گەورەکانی کاپیتالیزم ، بەردەوام جەنگ و کوشتار هەبێ ، شار وێران ببن ، بۆ ئەوەی سەرمایە بەردەوام لەگەڕدابێ و رکودی ئابوری رونەدا!

**هۆکاری دەرکەوتنی فیکرەی پاشەکشە لەجیهانگیری ئەمەیە!**

٢١ ی ئازاری ٢٠٢٠

# ئەوەی بەخەیاڵی کەسدا نەهاتبو

ئەم لێکدورکەوتنەوە کۆمەڵایەتییە ناچارییە جیهانییەی کە ترس لەڤایرۆسی کۆرۆنا هێناویەتیە ئارا ، ئەگەر درێژەش نەکێشێ ، رەنگە سەرەنجام لەسەر ئاستی جیهانی وەرچەرخانی گەورەی سیاسی و ئابوری بەدوای خۆیدا بهێنێ!

هەن پێشنیار یان پێشبینی دەکەن دوای زاڵبون بەسەر کۆرۆنادا ئەم لێکدورکەوتنەوە کۆمەڵایەتییە بکرێتە بنەما بۆ پاشەکشە لەجیهانگیری (وەکو ئەوەی بڵاوبونەوەی کۆرۆنا بەجیهاندا دەرەنجامی جیهانگیری بێت) کە ئەگەر شتی وا روبدا ئەوە یەعنی هەرەسی سیستمە ئابوری و داراییە جیهانیەکەی ئێستا!

خۆ ئەگەر سیستمە ئابوری و داراییە جیهانیەکەی ئێستا هەرەس بێنێ ئەوا چەندین دەرەنجامی لێدەکەوێتەوە کە گرنگترینیان ئابوری و سیاسی دەبن!

دەرەنجامە سیاسیەکان ، بنەرەتیترینیان بریتی دەبێت لەتۆخکردنەوەی چەمکگەلی سەروەری و دەوڵەتی نەتەوەیی ، لەسەر ئاستی تیۆری و پراکتیکی ! جا ئەم روداوە بەقازانج و زەرەری کام لەهەردو (نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی بندەست) لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا تەواو دەبێ ئەوە دەکەوێتە سەر تواناو عەقڵییەتی تاکەکانی ناوچەکە ! یان بەقازانج و زەرەری کام لەهەردوو چینی (ناوەندو سەرمایەدار) لەئەمریکاو رۆژئاواو وڵاتانی پیشەسازی تەواو دەبێ ئەوە دەکەوێتە سەر تواناو عەقڵییەتی تاکەکانی ئەو وڵاتانە.

ئەوەش بڵێین : ئەم لێکدورکەوتنەوە کۆمەڵایەتییە ناچارییە جیهانییەی کە ترس لەکۆرۆنا هێناویەتییە ئاراو پێشبینی دەکرێ ببێتە هۆی گەرانەوەی جیهان بەرەو سیستمە (ئابوری و بازرگانی و سیاسی) یە تەقلیدیەکەی پێنج شەش دەیە پێش ئێستاو پاشەکشە لەم سیستمەی پێیدەگوترێ سیستمی نوێی جیهانی ، روداوێکی ئەوەندە کتوپرو ناگەهان و پێشبینی نەکراوە ، کە رەنگە پێشتر بەخەیاڵی هیچ موحەلیلێکی ئابوری و سیاسیدا نەهاتبێ ، بۆیە دەکرێ وەکو دەرکەوتنی قازێکی رەش لێی بروانین.

هەندێک لەموحەلیلە ئابوریەکان مەزەندەی ئەوەیان کردوە کە ئەگەر کێبەرکێی خۆپرچەککردن و جەنگ و کاولکاری کەم ببنەوە ، ئەوا بازاری چەکفرۆشتن شکست دێنێ ، پرۆسەی هەناردەکردنی پارە بەلێشاو بۆ دەرەوە بەمەبەستی بەشداریکردن لەبنیاتنانەوەی کۆمەڵگە

وێرانکراوەکان خاو دەبێتەوە ، ئەوسا رەنگە قەیرانی دارایی و بەدوای قەیرانی داراییشدا قەیرانی ئابوری و بەدوای قەیرانی ئابورییشدا شکستی سیستمی نوێی جیهانی بەچاو ببینین!

بەڵام پێشبینیکردنی دەرکەوتنی قازێکی رەشی وەکو کۆڤید 19 ، کە مرۆڤایەتی بخاتە بەردەم ئەگەری شکستهێنانی سیستمی نوێی جیهانی و پاشەکشە لەجیهانگیری ، پێناچێ بەخەیاڵی هیچ موحەلیلێکی ئابوری و سیاسیی ئەم سەردەمەدا هاتبێ!

۱۸ ی ئازاری ۲۰۲۰

# خەڵکی رۆژئاواو ئەمریکا زۆر حەساوەو قەپاتن؟

هەندێکمان زۆر موعجەبی ئەمریکاو رۆژئاواین گوایە بودجەی قەبەیان تەرخانکردوە بۆ روبەڕوبونەوەی کۆرۆنا ! رەنگە نەزانین سودمەندی گەورە لەو بودجە زەبەلاحە ، کۆمپانیاو گەورە سەرمایەدارەکانن و لەئەسڵدا ئەو بودجەیە لەپێناوی ئەواندا تەرخان کراوە.

گومانی تێدا نییە:

سەرلەبەری ئەو رێوشوێنە ئابوری ، دارایی ، کارگێڕی و یاساییانەی لەبەریتانیاو وڵاتانی تری ئەوروپی و ئەمریکاو خەلیجی عەرەبی ، لەگەڵ دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆنادا گیراونەتەبەر (لەدابەزاندنی سودی بانکییەوە تا دەستگیرۆییکردنی بیزنسە بچوکەکان و ئاسانکاریکردن بۆ خەڵک لەدانەوەی قیستی خانوبەرەکانیاندا) ئاماژەن بۆ هەبونی قەیرانێکی گەورەی ئابوری لەئەمریکاو رۆژئاواو سەرلەبەری ئەو وڵاتانەی ئابوریی خۆیانیان بەستۆتەوە بەئابوریی ئەوانەوە! قەیرانێکی ئابوریی رەنگە گەورەتر لەقەیرانە ئابورییەکەی ساڵی 2008.

دەستبردنی حکومەتی بەریتانیاو وڵاتانی تری ئەوروپی و ئەمریکاو وڵاتانی خەلیجی عەرەبی ، بۆ هەر رێوشوێنێکی کارگێڕی ، ئابوری ، دارایی و نەقدی ، لەپێناوی دورخستنەوەی مەترسییەکانی ئەو قەیرانە ئابورییەدایە!

- ئەی هەوڵدان بۆ دورخستنەوەی ئەو قەیرانە ئابورییە گەورەیە لەپێناوی چیدایە؟ لەپێناوی خەڵکدایە ، یان لەپێناوی بەرژەوەندیی کۆمپانیا زەبەلاحەکاندا؟

بەوپەڕی دڵنیاییەوە:

- هەر هەوڵدانێکی حکومەتەکانی رۆژئاواو ئەمریکاو هاوسیستمەکانیان ، بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە ئابورییەو هەر قەیرانێکی ئابوریی لەوەوبەرو لەمەودوایش ، بەپلەی یەکەم لەپێناوی پاراستن و راگرتنی سیستمە ئابوری و سیاسیەکەی خۆیاندایە کە سیستمێکە لەخزمەتی کۆمپانیا زەبەلاحەکانداو هەر کۆمپانیا زەبەلاحەکانیش هەڵیدەسوڕێنن!

دەبێ ئەوەش بڵێین:

ئەو قەیرانە ئابورییە گەورەیەی کە ئەمریکاو رۆژئاواو هاوسیستمەکانیانی گرفتار کردوە ، بەهۆی دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆناوە نییە ، بەڵکو بەهۆی خەلەلەکانی خودی سیستمەکەوەیە ، تەنانەت دەکرێ گومانی ئەوەشمان هەبێ کە رەنگە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەستکردی خودی کۆمپانیا حاکمەکان بێت ، بۆ ئەوە بڵاوکرابێتەوە کە تەکانێکی نوێی پێ بدەنەوە بەسیتمە ئابوری و سیاسیەکەو جارێکیتریش لەقەیران دەربازی بکەنەوە.

کۆمپانیاکان ، کە دەسەڵاتداری راستەقینە لەتەواوی دنیادا ئەوانن ، نەخۆشی دروست دەکەن بۆ ئەوەی دەرمان بفرۆشن ، جەنگ دەنێنەوە بۆ ئەوەی چەک بفرۆشن ، قەیران دەسازێنن بۆ ئەوەی کاڵا ساغنەبۆوەکانیان ساغ بکەنەوە ! هەر هیچیان پێ نەکرێ ، نەخۆشی و جەنگ و قەیرانە خۆبەخۆسازاوەکان دەقۆزنەوە بۆ پارەپەیداکردن!

بێگومان لەداهاتی گشتی ، بودجەش تەرخان دەکەن بۆ روبەڕوبونەوەی نەخۆشی ، بۆ ئەوەی پارە هەبێ دەرمانی پێ بکڕدرێ.

بەڵێ راستە : تەرخانکردنی بودجە بۆ روبەڕوبونەوەی دەردەکە ، بەرژەوەندیی خەڵکی تیایە ، بەڵام سەرەنجام دەبێتە هۆی گەرمکردنی بازاڕی کۆمپانیاکان و دورخستنەوەی مەترسیی کەسادی ئابوری ! ئەم بەرژەوەندییەی دوەم کە بەرژەوەندیی سیستمە ئابوریەکەو کۆمپانیاکانە ، لەبەرژەوەندیی یەکەم کە بەرژەوەندیی خەڵکەکەیە قەبەترو بنەڕەتیترە.

هەن رۆڵی کۆمپانیاکانی ئەمریکاو رۆژئاوا لەباجدان و پاڵپشتیکردنی حکومەتی وڵاتەکانیاندا ، بەچاکە بۆ کۆمپانیان ئەژمار دەکەن!

بەڵێ : کۆمپانیاکان ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەبەردەوامیدان بەحکومەتەکانی وڵاتەکانیان! بۆ نەیانبێ؟ حکومەتێک لەخۆیان پێکهاتبێ ، یان بەدەستی خۆیان پێکهاتبێ و کۆمەڵگەیەک بەهەمو کەرتە ئابوریەکانیەوە لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندابێ ، بۆ خزمەتی نەکەن؟ هەر دەبێ خزمەتی بکەن و باجی پێ بدەن!

ئەوەش بڵێین:

سەرلەبەری ئەو باجەی لەئەمریکاو رۆژئاوا دەدرێتە دەوڵەت ، سەرەنجام لەسەر شانی هاووڵاتیی سادە دەکەوێت ، بەو باجەشەوە کە کۆمپانیا دەیدات!

وردکردنەوەی ئەم بۆچونە کارێکی ئاڵۆز نییە:

هاووڵاتیی سادە ، لەداهاتی خۆی باج دەداتە دەوڵەت!

خاوەنکارو کۆمپانیاکان ، لەداهاتی خۆیان کە هەر لەبەری رەنج و ماندوبونی هاووڵاتیی سادەو ئیشکەر دروست دەبێ باج دەدەنە دەوڵەت!

کاڵاو خزمەتگوزاریەکان کە دەفرۆشرێنە هاووڵاتی ، دەبێ بەنرخێک بفرۆشرێن کە قازانجیان لێ بمێنێتەوە بۆ کۆمپانیاکان ، واتە دەبێ بەنرخێک بفرۆشرێن کە سەرلەبەری تێچوی خۆیان

دەربهێننەوە ، بەو باجەشەوە کە لێیان دراوە ، لەگەڵ بڕێکی باش قازانجدا ، کە دەچێتە سەر حسابی کۆمپانیاکان.

- ئایا بەردەوامیدان بەم سوڕی کارو بیزنسە ، بەپلەی یەکەم لەبەرژەوەندیی کۆمپانیا نییە ؟ ئەی بارگرانی و زەحمەتەکەی ، بەپلەی یەکەم شانی هاووڵاتی ئاسایی ناگرێتەوە؟

بەکورتی:

ناڵێین خەڵک بەشی نابێ لەو بودجەیەی تەرخان دەکرێ بۆ روبەڕۆبونەوەی کۆرۆنا ، بەڵکو دەڵێین بودجەکە بەپلەی یەکەم لەخزمەتی کۆمپانیاکان و سیستمە ئابوریەکەدا دەبێ!

بۆ ئاگاداریی هەموان:

سیستمی سەرمایەداری ، بۆ ئەوەی تا سەر فەرمانڕەواو دەسەڵاتداربێ و ئاشی بگەڕێ (دوچاری قەیرانی ئابوری نەبێ) ، هەندێجار مەناعەتی نییە پارەی موفت و خۆڕایی بۆ هاووڵاتی دابین بکا!

با پرسیارێکی زۆر سادە بکەین:

- ئایا ئاغاو دەرەبەگ پێویستیان بەوە نییە دەست و پێوەندو رەعیەتەکانیان کەموزۆر لەخۆیان رازی بکەن؟ دەی ئەوە چۆنچۆنی دەکرێ؟ بەوە ناکرێ کە جوتیاری و شوانی و گاوانییەکیان بۆ بدۆزنەوەو نانی شێوەکەیان بۆ دابین بکەن؟ ئایا کۆمپانیاکان لەئەمریکاو رۆژئاوا ، بۆ ئەوەی تا سەر فەرمانڕەواو حاکمی وڵاتەکانیانبن و سیستمە سیاسی و ئابوریەکەیان بەرقەراربێ ، نابێ مەترسیی کەسادی ئابوری لەخۆیان دوربخەنەوەو سەرمایەکەیان بەردەوام لەسوڕدابێ؟ نابێ رەعیەتەکانیان مەشغۆڵی کارێک و پەیداکردنی تیکەنانێک بکەن؟

**تەرخانکردنی ئەو بودجە قەبەیە بۆ روبەڕوبونەوەی کۆرۆنا ، سیاسەتێکی ئابورییە لەو چوارچێوەیەدا!**

بێگومان حکومەتەکانی رۆژئاوا ، لەچاو حکومەتەکانی رۆژهەڵات ، حکومەتگەلێکی زۆر چاکن!

بەڵام لەچاو ئەو نمونانەی حکومڕانی کە بەبیری خەڵکی لای خۆیان و بیرمەندانی لای خۆیاندا هاتون و دێن ، ئەو باشە نین! ئایا خەڵکی رۆژئاواو ئەمریکا ، زۆر حەساوەو قەپاتن لەسایەی سیستمە سیاسی و ئابوریەکانیاندا ؟ هیچ خەونێکی تریان نییە ؟ بێزار نین لەو هەمو رەنج و ماندوبونە کە بەشی هەرە زۆری داهاتەکەی بۆ کۆمپانیاکانە؟

١٥ ی ئازاری ٢٠٢٠

# سەیرترین و سەرکێشانەترین پلان بۆ روبەڕوبونەوەی کۆرۆنا پلانی بەریتانیایە

بەریتانیا بەتەمایە لێگەڕێ چل ملیۆن هاووڵاتیی وڵاتەکە کە دەکاتە شەست دەرسەدی خەڵکی وڵاتەکە توشی کۆرۆنا ببن ، بەتایبەتی لەو فیئە عومریانەی کە تواناى بەرگەگرتنی نەخۆشیەکەو چاکبونەوەیان هەیە ، بۆ ئەوەی خەڵکی وڵاتەکە بەشێوەیەکی سروشتی بەرگری بەرامبەر بەنەخۆشیەکە پەیدا بکەن ، چونکە وەکو دەگوترێت رەنگە ساڵانە پەتای کۆرۆنا دوبارە سەر هەڵبداتەوەو ببێتە پەتایەکی وەرزی ، جا بۆ ئەوەی مرۆڤ لەگەڵی رابێت دەبێت بەشێوەیەکی باش کە شێوە سروشتیەکەیە بەرگری لەدژی پەیدا بکات و بەسەریدا زاڵ ببێت.

٢١ ی شوباتی ٢٠٢٠

# لەبارەی کچ و باوکەکەی هەولێرەوە

چەند سەعاتێک پێش ئێستا ، کورتە پۆستێکم لەبارەی کەیسی کچ و باوکەکەی هەولێرەوە بڵاوکردەوە.

ئەمەی خوارەوە رونکردنەوەیەکە لەبارەی ئەو کورتە پۆستەوە :

هاوڕێیانی ئازیز ، من لەسیاقێکی تایبەتیدا ئەو کورتە پۆستەم بڵاوکردەوە ، ئەگەر دەرفەتتان هەبێ چاوێک بخشێننەوە بەکۆمێنتەکانی ژێر هەمان کورتە پۆست و وەڵامی مندا بۆ کۆمێنتەکان ، رەنگە ئەوسا بۆتان رون ببێتەوە کامەیە ئەو سیاقەی کە من ئەو کورتە پۆستەم تیا بڵاوکردەوە؟

خۆ ئەگەر حەز بکەن لەدەرەوەی ئەو سیاقەدا ، رای من لەبارەی ئەو غەدرە گەورەیەوە بزانن کە دەرهەق بەو منداڵەو باوکە داماوەکەی کراوە ، ئەوا عەرزتان دەکەم کە:

ئەو غەدرە لەهەمو خەڵکی کوردستان کراوە (بەمنیشەوە) ! لەبەرئەوە خەڵکی کوردستان هەقی خۆیانە بەتوندی لەئاستیدا بێنە جواب ، داوای سزادانی بکەرانی بکەن ، سەرزەنشتی حکومەت بکەن کە زوو بەدەم مەسەلەکەوە نەچوە ، تا ئاخر دەقیقە بەدوای زانینی سەرەنجامی کەیسەکەوەبن و بەکەمتر لەسزادانی توندی بکەرانی تاوانەکە دانەکەون ...

**تێبینی:**

کورتە پۆستەکە بریتی بو لەیەک رستە ، کە ئەمەبو :

**رەنگە کەسانێک هەبن پێیان وابێت لەسەردەمی سەدامدا کچی هەشت نۆساڵ ئەتک نەکراوە!**

**لەگەڵ لینکی پۆستێکدا کە چوار پێنج ساڵ لەوەوبەر روداوی ئەتککردنی کچێکی هەشت نۆ ساڵەم لەلایەن پیاوانی رژێمی بەعسەوە تێدا گێرابوەوە.**

٢ ی شوباتی ٢٠٢٠

# محەممەد تۆفیق عەللاوی

بەڕێز محەممەد تۆفیق عەللاوی ، کە لەلایەن بەڕێز سەرۆککۆماری وڵاتەوە ڕاسپێردراوە بۆ پێکهێنانی حکومەت ، ساڵی (٢٠١٦) ، لەسەر خراپیی سیستمی دارایی عێراق و گەندەڵی لەکەرتی بانکدا ، زۆر دەدواو دەینوسی ، هەر ئەوسا ، یەک دوو جار هەندێ لەبۆچونەکانیم لەواڵی خۆمەوە خستەڕو ، هاوکات نامەیەکم لەڕێی مەسنجەرەوە بۆ نارد ، پرسیاری ئەوەم لێکرد بۆچی ئاوڕێکیش لەو گەندەڵییە زۆرە ناداتەوە کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتوە!

دوای ماوەیەکی (تاڕادەیەک درەنگ) وەڵامی نامەکەی دامەوە ، داوای لێبوردنی نوسیبو لەوەی درەنگ وەڵامی داومەتەوە ، هۆکاری درەنگکەوتنەکەشی گەڕاندبۆوە بۆ پڕکاریی خۆی و زۆری و پڕپرسیاریی موتابیعەکانی.

لەوەڵامدا نوسیبوی : گەندەڵیی هەرێم ، لەچاو گەندەڵیی بەغدا ، هەر زۆر بچوکە (نامەکەیم سڕیوەتەوە لەلام نەماوە تا بیخەمەڕو)!

نمونەیەکی هێنابوەوە ، تیایدا ئاماژەی بەوە دابو جارێکیان شەخسی خۆی ، ڕوبەڕو ، پرسیاری تێچوی ڕێگەیەکی لەبەڕێز سەرۆکی هەرێم کردوە کە فڕۆکەخانەی هەولێر بەشوێنێکی دەرەوەی فڕۆکەخانەکەوە گرێ دەدا!

هەروەها ئاماژەی بەتێچوی ڕێگەیەک دابو کە فڕۆکەخانەی بەغدا بەشوێنێکی دەرەوەی فڕۆکەخانەکەوە گرێ دەدا!

جیاوازییەکی زۆر قەبەی لەنێوان تێچوی هەردوو ڕێگاکەدا خستبوەڕو (سەدان ملیۆن دۆلار) ، نوسیبوی:

**ڕێگاکەی هەولێر ، زۆر لەڕێگاکەی بەغدا درێژترە ، کەچی بەتێچویەکی زۆر کەم تەواو کراوە ، بەڵام ڕێگاکەی بەغدا بودجەیەکی زۆر قەبەو خەیاڵیی بۆ تەرخان کراوە کەچی بەنیوەناچڵییش هێڵراوەتەوە.**

کۆمێنتی من:

- پیاوێک ئەوەندە وردو لۆژیکی ، جیاوازیی نێوان خراپ و خراپترو خراپترین لەبەرچاو بگرێ ، ئەگەر بهێڵرێ ببێتە سەرۆکوەزیرێکی راستەقینە ، رەنگە لەخراپترین حاڵەتیشدا خراپترینی لێ دەرنەچێ!

٢٢ ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠

# دیسانەوە دەربارەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی

دوێنێ ، لەکورتە پۆستێکدا دەربارەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان ، نوسیم :-

لەهەمو جێیەکی دنیا مرۆڤ هەر مرۆڤە ، هەر ئەوەیە کە لەکوردستان و دەوروبەرمان بینیومانە: بۆی بلوێ دەبێتە دز ، بۆی نەلوێ دەبێتە بەربەست لەڕێی دز.

هەروەها نوسیم :-

لەهیچ جێیەکی دنیا ، دەستپاکی و دادپەروەری ، ڕەگوڕیشەیان لەڕەوشت و ویژدانی مرۆڤەکاندا نییەو نەبونەتە کەلتور ، بەڵکو لەچوارچێوەی سیستمی سیاسیدا بەسەر کۆمەڵگەدا سەپێنراون ، لەکوردستانیش دەبێ وابێ.

هەندێ لەو هاوڕێیانەی کۆمێنتیان لەژێر پۆستەکەدا نوسیبو ، پێدەچێ پێیان ناخۆشبوبێ کە وتومە : بۆ چەسپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ، نابێ پشت بەڕەوشت و ویژدانی تاکەکەسەکانی کۆمەڵگە ببەسترێ ، بەڵکو دەبێ پشت بەدەوڵەت ببەسترێ!

لەوەڵامدا نوسیبویان : (کۆمەڵگە پڕە لەمرۆڤی دەستپاک و دادپەروەر ، سیستمی سیاسی خۆی گەندەڵ و ناعادیلە)!

**بەڵێ ڕاستە ، زۆربەی جار دەوڵەت خۆی ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتی دەسەپێنێ بەسەر کۆمەڵگەدا ، بەڵام ئەم ڕاستییە بەو مانایە نایەت کە چەسپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەتواناو دەسەڵاتی تاکەکەسەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و مزگەوتەکان و کڵێساکاندایە!**

ئێستاش دوپاتی دەکەمەوە کە : بۆ چەسپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان ، دەبێ حکومەتی هەرێم تەدەخول لەژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا بکات ، نەک ئەرکەکە بسپێرێ بەتاکەکەسەکان و کۆمەڵگە ، یان بێت پەرلەمانتار تەخویل بکات لەنێوان وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی موچەی قەبەی خانەنشینیی پەرلەمانتاری.

لەڕاستیدا بابەتی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ، ئەوەندەی پەیوەندیی بەسیاسەت و ئابوری و سیستمەوە هەیە ، ئەوەندە پەیوەندیی بەئەخلاقی تاکەکەسەکانەوە نییە ، تا بێین لەچوارچێوەی ئەخلاقناسیدا تاوتوێی بکەین ، بەتایبەتی کە دەزانین:

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ، واتە : دادپەروەری لەدابەشکردنی داهاتی نەتەوەیی و رەخساندنی هەلی کارو خوێندن و فێربووندا!

- ئایا هەوڵدان بۆ چەسپاندنی دادپەروەری بەو مانایە ، بەتاکەکەس ورێکخراوی مەدەنی و ئەو شتانە دەکرێ ، یان بەدەوڵەت و دەزگای حکومڕانی لەدەوڵەتدا؟
- مرۆڤێکی بێکارو دەستکورت ، چ پارەو داهاتێکی هەیە بیخاتە پێناوی چەسپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ، لەکاتێکدا دەزانین کە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی (بەشێوەیەکی سەرەکی) ، واتە هەوڵدان بۆ دابەشکردنەوەی داهات لەنێوان تاکەکەسەکانی کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە؟
- مرۆڤێکی سەرمایەدار ، چ پاڵنەرێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و دەرونی شک دەبا پاڵی پێوە بنێ بیر لەدابەشکردنی سەرمایەو داهاتی خۆی بکاتەوە لەنێوان خۆی و خەڵکەکەی دەوروبەریدا ، تەنانەت لەنێوان خۆی و خوشک و براکانیدا (بەشێوەیەکی دادپەروەرانە) ؟ کە نەیکردوەو نایکات ، کام تاکەکەس و چین و توێژی کۆمەڵگە ناوزڕاویان کردوەو بەبێئەخلاق ناوزەدیان کردوەو چونەتە کەمینەوە بۆی؟
- رێکخراوێکی مەدەنی ، چیی بەدەستە ، تا بەتەمابین دادپەروەریمان لەدابەشکردنی داهات و هەلی کارو هەلی خوێندن و فێربوندا بۆ بچەسپێنێ؟

بەڵێ .. مرۆڤ بەفیترەت حەزی لێیە ئازادبێ لەهەڵپەکردندا بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە!

**سنورداركردنی خولیای سەرشێتانەی مرۆڤ بۆ كەڵەكەكردنی سەرمایە كە لەئەنجامدا جیاوازیی گەورەی چینایەتی و ناعەدالەتیی كۆمەڵایەتی و لەكۆتاییشدا ناڕەزایەتیی جەماوەریی لێدەكەوێتەوە ، ئەركی دەوڵەتە!**

٢ ی کانونی دووەمی ٢٠٢٠

# پەلهاویشتنی تورکیا بەرەو لیبیا

پەلهاویشتنی تورکیا بەرەو لیبیا ، لەوانەیە هەنگاوێک بێت بەرەو جێبەجێکردن (یان سەرلەنوێ تاقیکردنەوە) ی تیۆری فەوزای خەلاق (بەڕەزامەندیی هەر سێ تەماعکارە زەبەلاحەکە: روسیا ، ئەمریکا ، ئیسرائیل) ، چونکە فەوزای سیاسی لەعێراق و سوریاو وڵاتانی تری ناوچەکەدا ، دەریخست کە فەوزا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قازانجی هەمو تەماعکارانی تێدایە (بەتورکیایشەوە)!

عەقڵ نایبڕێت تورکیا ئەو لاعیبە بەهێزە بێت بتوانێ سەربەخۆ (بەبێ رێکەوتن لەگەڵ سێ دەوڵەتە تەماعکارەکە) هەنگاوی لەوجۆرە بنێت.

**هەروەها عەقڵ نایبڕێت هەنگاوی لەو جۆرە ، دەرەنجامی رێکەوتنی دووقۆڵیی نێوان ترامپ و ئەردۆغان بێت وەک دوو تاکەکەس ، بەبێ بەشداریی واشنتۆن و ئەنقەرەو مۆسکۆو تەلئەبیب وەک کۆمەڵە دەوڵەتێکی تەماعکار.**

١٩ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩

# گومانێکی بێجێ نییە

گومانێکی بێجێ نییە ئەگەر پێمان وابێ:

**ئەو دەستە نێودەوڵەتییە بەهێزانەی پشتی پەردە ، کە کار بۆ روخاندنی هەندێ لەحکومەتەکانی ناوچەکە دەکەن ، مەبەستیان هێنانەپێشەوەی بەدیل (یان بەدیلی بەهێز) نییە بۆ حکومەتە روخێندراوەکان ، بەڵکو رێک مەبەستیان سازاندنی دۆخی بێ بەدیلییە (لەرێی هێنانەپێشەوەی بەدیلی لاوازەوە) ، لانیکەم بۆ ماوەی چەند ساڵێک ، چونکە ئیشی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی گرنگیان بەسازاندنی ئەو دۆخی بێ بەدیلییە هەیە ، وەک ئەوەی لەعێراقی دوای سەدام حسێن گوزەراوەو دەگوزەرێ.**

رەنگە لەم کاتەدا هەندێ کەسی لای خۆمان (باشور) بڵێن:

**چش ، تۆ با جارێ ئەم حکومەتە گەدەڵەی بەغدا بروخێ!**

بێگومان زۆربەمان (بەخۆیشمەوە) کاتی خۆی دەربارەی رژێمەکەی سەدامیش هەر دەمانگوت : تۆ با جارێ سەدام بروخێ ، چش لەوەی دوای سەدام چی دەگوزەرێ!

کەچی ئێستاش دەڵێین : تۆ با ئەم گەندەڵانەی دوای سەدام بارگە بپێچنەوەو برۆن ، چش دوای ئەوان چی دەگوزەرێ!

بێگومان خەڵکی ئێرانیش ، بەکوردو غەیری کوردیەوە ، لەتاو بێکاری و گرانی و ژیانی مەمرەومەژی ، هەر وەکو ئەوساو ئێستای زۆربەی خەڵکی لای خۆمان بیر دەکەنەوە.

**ئەمە نیشانەی دوو شتە:**

- **یەکەم : شکستی قەبەی رژێمی حاکم لەبەرێوەبردنی وڵاتدا ، کە وایکردوە هەوڵی سەرەکیی خەڵک ، بەرلەوەی بۆ دیزاینکردنەوەی کۆمەڵگەبێت بەشێوەیەکی باشتر ، بۆ روخاندنی ئەو بێت.**
- **دوەم : کەمئاگایی خەڵک لەکاروباری سیاسی.**

ئەوەش بڵێین:

**من خەمی روخانی حکومەتی ئێستای عێراق و ئێرانم نییەو نەبوە (هەرگیز) ، بەڵکو خەمی تێوەگلانی خەڵکی رەشوڕوتمە لەچارەنوسێکەوە کە زیانی زۆرتربێ لەقازانج.**

١٨ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩

# کوردی ئێران لەم هەلومەرجەدا

**لەم هەلومەرجە سیاسییە ئیقلیمی و جیهانییەدا:**

باشترین رێگەچارەی سیاسی لەبەردەم گەلی کورد بەگشتی ، بەکوردی ئێرانیشەوە کە ئێستا خەریکە زەمینەی مانۆڕی راستەقینەی سیاسیی بۆ دەڕەخسێ ، ئەوەیە : لەگەڵ حکوماتی مەرکەزیی وڵاتەکانیاندا سازاو و لەسەرخۆبن (بەردەوام کار بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆیان بکەن لەناویاندا) ، لەکاتی رودانی هەر ئاڵوگۆڕێکی ریشەییش بەسەر ئەو حکوماتانەدا ، بەشێوەیەکی نەرم و لەسەرخۆ لێیان بکشێنەوە ، بەشێوەیەکی نەرم و لەسەرخۆیش خۆ لەحکوماتی دوای ئەوان هەڵبپێکنەوەو دوبارە دەست بکەنەوە بەکارکردن بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆیان لەناویاندا.

**بۆ ئەوەی هاوڕێیانمان لەکوردستانی ئەودیو (رۆژهەڵات) گلەییمان لێ نەکەن ، دەبێ بڵێم:**

**ئەوەی من پێشنیارم کردوە روانگەیەکی ستراتیژییە :-**

هیچ جوڵەیەکی سیاسیی ناچارانەی ئانی (وەکو دانوستانی دوێنێ و پێرێ ، یان ئەمڕۆو سبەینێی حیزبە کوردیەکانی رۆژهەڵات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ، کە حاڵی حازر خەریکە بەتەواوی گلۆڵەی دەکەوێتە لێژی) ، ناتوانێ بەتەنیا خۆی ، روانگەیەکی ستراتیژی بێت.

- بەداخەوە : ئەم پێشنیارە ، رێک لەم کاتەدایە کە کورد لەهەمو لایەکەوە (لەهەمو پارچەکانی کوردستاندا) پەلامار دراوەو رەشەکوژ دەکرێ ، دەبوایە ئەوەندە ئازایەتی و دوربینی لەنوخبەی کوردیدا هەبوایە کە زۆر پێشتر پێشنیاری لەم چەشنەی بخستایەتەڕو ، زۆر پێشتر خەڵکی کوردستانی بۆ چەسپاندنی روانگەیەکی ستراتیژیی لەو چەشنە رێنوێنی بکرایە!

بەهەرحاڵ:

- بۆ ئێستای کوردستانی رۆژهەڵات ، تەنها ئەو بەشەی پێشنیارەکە عەمەلییە کە تیایدا هاتوە (لەسەرخۆ لەحکومەتەکەی ئێستا بکشێنەوەو لەسەرخۆیش خۆ لەحکومەتی دواتر هەڵبپێکن)!
- جا کە خەڵکی کوردستانی ئێران ، لەبنەڕەتەوە تێکەڵی حکومەتی وڵاتەکە نەبون ، لەبەردەم پرۆسەیەکدا نین کە ناوی بنێین (خۆکێشانەوەی لەسەرخۆو هێواش لەحکومەت)!

بەڵکو رەنگە لەبەردەم پرۆسەیەکدابن کە بریتییە لە (خۆهەڵپێکانی لەسەرخۆو هێواش لەسیستمی سیاسیی دوای سیستمە سیاسیەکەی کۆماری ئیسلامی)!

- خۆ ئەگەر بمانەوێ ئەم دوایەمین رستەیە تەرجەمە بکەین بۆ کوردییەکی سادەو رەوان ، ئەوا بەم شێوەیەی لێدێت:
  **کوردی رۆژهەلات پەلە لەخۆبەکوشتدان و خۆبەقەتڵوعامدان نەکا لەپێناوی هێنانەپێشەوەی حکومڕانانێکیتر کە دیار نییە کێ دەبن و چەند دەدەن و چەند داوا دەکەن ، بەڵکو هێواش و لەسەرخۆ تێکەڵی رووداوەکان ببێت.**

١١ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩

# هەرێمی کوردستان وەکو قەوارەیەکی سیاسی نەک وەکو موڵکی ئەم و ئەو

پێویستە:

**چەند پەرۆشی مانەوەی کوردستانی سوریاین وەکو کیانێکی سیاسی ، بەهەمان ئەندازە پەرۆشی مانەوەی هەرێمی کوردستانیش بین وەکو کیانێکی سیاسی ، لانیکەم لەپێناوی نەوەکانی ئاییندەدا.**

بێگومان رەنگە هەر لەناو خۆماندا کەسانێک هەبن بەئەندازەی پێویست دوربین نەبن : باکیان بەمانەوەو نەمانەوەی هەرێمەکە نەبێ وەکو کیانێکی سیاسی!

بەڵام گومانی تیا نییە:

**هەر بێباکییەک (لەهەر کەسێکەوە : دەسەڵاتدارو بێدەسەڵات) لەئاست چارەنوسی سیاسیی ئەم هەرێمەدا ، پەشیمانیی لەدوا دەبێ.**

بێگومان (هەرێمی کوردستان وەکو کیانێکی دەستوری - سیاسی) و (حکومەتی هەرێم وەکو دەسەڵاتی سیاسی لەو هەرێمەدا) دوو شتی جیاوازن.

داکۆکیی ئێمە لەکیانە سیاسییە دەستوریەکەیە ، نەک لەگەندەڵی و گەندەڵکار.

دەبێ ئەوەش بڵێین:

- **بێباکی لەئاست چارەنوسی سیاسیی ئەم هەرێمەدا ، وەکو نەخۆشییەکی درمی ، لەدەسەڵاتدارانەوە بەهاووڵاتیی ئاسایی گەیشتوە.**

هەروەها دەبێ بڵێین:

- **بێباکیی زۆرێکی زۆر لەدەسەڵاتداران ، لەئاست چارەنوسی سیاسیی ئەم هەرێمەدا ، لەگەڵ بێباکیی هاووڵاتییەکی سادەی بێباکدا ، قابیلی بەراورد نییە.**

دەگوترێ:

هەتا ئەو قەوارە سیاسییە (قەوارەی هەرێم) لەئارادابێ ، گەندەڵی لەئارادایە ، لەبەرئەوە شایستەی مانەوەو داکۆکیلێکردن نییە!

بەهەرحاڵ:

- **ئەگەر چارەنوسێکی باشتر لەوەی لەمانەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستاندا بەدیی دەکەین ، دیاربوایەت لێمان ، پشتیوانیی ئەو چارەنوسە باشترەمان دەکرد ، بەڵام بەداخەوە دیار نییە.**

٣٠ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩

# ئێمە چی بکەین؟

لەم کاتەدا کە عێراق لەبەردەم هەڵچون و داچونێکی گەورەدایە ، ئێمە چی بکەین؟

- **ماڵی خۆمان بپارێزین بەوەی دەستبەرداری گەندەڵی و ناعەدالەتی ببین (بەشی هەرە زۆری ئەم ئەرکە لەئەستۆی دەسەڵاتدارانی هەرێمە).**
- **بەهەمو شێوەیەک دژی تەعدیلی دەستور بین ، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە گرەنتیی ئەوە لەئارادابێت هەرێمی کوردستان وەکو کیانێکی سیاسی پارێزراوبێت و مەترسیی هەڵوەشاندنەوە روی تێ نەکات (بەشی هەرە زۆری ئەم ئەرکە لەئەستۆی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستانە).**

٦ ی حوزەیرانی ٢٠١٨

# چڵەبەڕوەکەی ماکرۆن بۆ ترامپ

ئەو چڵەبەڕوەی مانگێک پێش ئێستا ماکرۆن بەدیاری بردی بۆ ترامپ و پێکەوە وەکو رەمزی دۆستایەتی لەکۆشکی سپی رواندیان بۆچی هەڵکێشرایەوە؟

مانگی نیسانی ئەمساڵ (ماکرون- سەرۆکی فەرەنسا) لەسەردانەکەیدا بۆ ئەمریکا ، لەگەڵ خۆی چڵەبەڕویەکی بەدیاری بۆ (ترامپ) برد ، پێکەوە لەباخچەی کۆشکی سپیدا رواندیان ، بەڵام دوای ٤ رۆژ هەڵکێشرایەوە!

چڵەبەڕوەکە هینی دارستانی بیلۆی فەرەنسایە کە لەسەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەمدا شەڕێکی قورسی تێدا قەوماوە ، دوو هەزار سەربازی تێدا کوژراوە ، لەو شەڕەدا ئەمریکیەکان شانبەشانی فەرەنسیەکان بەشدارییان کردوە ، داکۆکییان لەسەربەخۆیی فەرەنسا کردوەو قوربانییان داوە.

ئامانجی ماکرۆن لەبردنی ئەم دیارییە بۆ ترامپ ئەوەبو کە : رێک لەناو باخچەی کۆشکی سپیدا ، رەمزێکی جوان و زیندو بۆ بەبیرهێنانەوەی هاوپەیمانێتی و دۆستایەتیی لەمێژینەی نێوان گەلی هەردو وڵات (فەرەنساو ئەمریکا) بەجێبهێڵێ ، هەر دوای رواندنی چڵەبەڕوەکە لەتویتێکدا گوزارشتی لەم ئامانجە کرد.

**بەڵام دوای ٤ رۆژ چڵەبەڕوەکە هەڵکێشرایەوە.**

میدیاکان (میدیای کوردی نا کە هەر ئاگایشی لەو روداوە نییە!) وایان خستەڕو کە : ئەو درەختە دەبێ لەوەرزی پایزدا بروێندرێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەباشی رەگ دابکوتێ و بەرگەی گەرمای هاوینی ساڵی ئاییندە بگرێ ، بۆیە بەشێوەیەکی کاتی هەڵکێشراوەتەوە تا هاتنی وەرزی پایز!

هەندێکی تریان وتیان : درەختەکە ئەمریکی نییە ، هاوردەیە ، پێویستی بەفەحسە بۆ دڵنیابون لەدروستی و گونجاویی ! لەبەرئەوەیە کە هەڵکێشراوەتەوە ، هەڵکێشرانەوەکەش کاتییە!

بەڵام ئێستا (پاش تێپەڕینی مانگێک و چەند رۆژ بەسەر ئەو روداوەدا) شارەزایەکی سیاسی دەڵێ : هەڵکێشانەوەی ئەو چڵەبەڕوە لەباخچەی کۆشکی سپدا ، بەڵگەیە لەسەر ناتەبایی و ناکۆکیی نێوان فەرەنسا (ئەوروپا) و ئەمریکا!

هەر لەو چوارچێوەیەدا دەگوترێ : ئەوروپا دەیەوێ لەمەودوا چین بەدۆست و هاوپەیمان بگرێ (وەک بەدیلی ئەمریکا)!

دەشگوترێ : ترامپ بەدورخستنەوی ئەوروپا لەئەمریکا ، دوژمنایەتیی وڵاتەکەی خۆی (ئەمریکا) دەکات.

**بێینەوە سەر باسی حاڵی خۆمان:**

- ئێمە ، پاش سەد ساڵێکیتر ، چڵەبەڕوی کام دارستانی وڵاتەکەمان و کوردستانەکەمان ، بۆ باخچەی کۆشکی سەرۆکایەتیی کام وڵات بەدیاری ببەین ، وەکو رەمزی هاوپەیمانێتی و دۆستایەتیی نێوان گەلی هەردو وڵات ، بیڕوێنین ؟
- بڵێی مێژوی نوێی ئێمەش ، رۆژێکی مێژویی چارەنوسسازی تێدا تۆمار ببێت (بەپشتگیریی وڵاتانێکی دۆست) کە شایستەی بەبیرهێنانەوەو درەختبۆڕواندن بێت ؟ ریفراندۆمەکە هەر هیچ کە دەبێ درەختی قوزەڵقورتی لەباخچان بۆ بڕوێنین !

٢٦ ی ئایاری ٢٠١٨

# نۆبڵ بۆ گێلێتیی زانستی

بەڕاست پێنان لەتوێکڵی مۆز هەڵخلیسکانی بەدوادا دێ ؟

دەکرێ لەشیاکەی مانگا تام و بۆنی ڤانێللا دەربهێنرێ ؟

ئەو دوو پرسیارە ، دوو توێژینەوەی زانستیی ژاپۆنییان لەسەر بنیات نراوە ، دوو خەڵاتی نۆبڵیشیان بۆ "گێلێتیی زانستی" لەسەر وەرگیراوە.

بەگشتی ، خەڵاتی "نۆبڵ بۆ گێلێتیی زانستی" ، بەتوێژینەوەی وەکو ئەو دوو توێژینەوەیە دەبەخشرێت.

پێوەری خەڵاتی "نۆبڵ بۆ گێلێتیی زانستی" ئەمەیە : "توێژینەوەکە پێکەنینهێنەر بێت و هانی ئیبتیکاری زانستی بدات. "

خەڵاتی نۆبل بۆ گێلێتیی زانستی ، لەساڵی ١٩٩١ ەوە دانراوە ، جیاوازە لەخەڵاتە نۆبڵە ئەسڵیەکە ، خەڵاتە نۆبڵە ئەسڵیەکە لەوڵاتی سوید دەبەخشرێت ، بەڵام خەڵاتی "نۆبڵ بۆ گێلێتیی زانستی" ، لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبەخشرێت.

لەساڵی ١٩٩١ ەوە کە خەلاتی "نۆبڵ بۆ گێلێتیی زانستی" دەبەخشرێت تا ئێستا ، ٢٦ جار ئەم خەڵاتە بەخشراوە ، لەو ٢٦ جارە تەنها ٧ جاریان بۆ ژاپۆنیەکان نەبوە ، دەنا باقیەکەی هەموی بەخشراوە بەکەسانی ژاپۆنی.

لەساڵی ٢٠٠٧ ەوە تا ٢٠١٧ کە دەکاتە ١٠ دانە ساڵی ڕێک ، ئەم خەڵاتە بەردەوام بەکەسانی ژاپۆنی بەخشراوە ، بەر کەسیتر نەکەوتوە.

ئەم خەڵاتە ، ساڵی ١٩٩١ ، لەلایەن دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەوە لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، دامەزراوە ، وەکو گاڵتەسازییەکی داهێنەرانە بەتەک خەڵاتە نۆبڵە ئەسڵیەکەوە.

با بپرسین : ئەو بیرۆکە گێلانە زانستیانە پێکەنینهێنەرانە چۆن دێنە بون ؟

وەڵامەکەی بەتەواوی نازاندرێت ، بەڵام مەقالێکی فیزیکدانێکی ژاپۆنی هەیە ، لەسالی ١٩٣٣ دا نوسراوە ، ڕەنگە وەڵامدەرەوەی ئەو پرسیارە بێت.

فیزیکدانە ژاپۆنیەکە ناوی "تیرادا توراهیکۆ / ١٨٧٨ ـ ١٩٣٥" یە ، مەقالەکەی بەم ناونیشانەیە "العلماء والعقول. "

ناوبراو لەمەقالەکەیدا دەڵێت : بۆ ئەوەی ببیتە زانا دەبێت زیرەک بیت ، ئەمە بەپێی بۆچونی کەسانی ئاسایی کە بۆچونێکی راست و دروستە . بەڵام ئەو بۆچونەش کە دەڵێت: پێویستە زاناکان زیرەک نەبن ، پێدەچێت بۆچونێکی راست و دروست بێت.

هەروەها دەڵێت : کەسانی زیرەک وەکو رێبواری بەپەلە وەهان ، زوو تێدەپەڕن ، دەگەنە شوێنێک کە کەسی تری نەگەیشتۆتێ ، بەڵام رەنگە لەو زووتێپەڕییەیاندا وردەکاریی جەوهەریی گرنگ ، لەسەرە رێدا بەجێ بهێڵن و ئاوڕی لێ نەدەنەوە . بەڵام کەسانی گێل وەکو رێبواری خاوڕەوت وەهان ، درەنگتر لەوانی پێش خۆیان دەگەنە جێ ، بەڵام رەنگە بەئاسانی بکەون بەسەر گەنجینەگەلی زۆر گرنگدا کە بەجێهێڵراون.

بەگشتی : رەنگە زانایانی خاوەن بیرۆکەی گێلانەی زانستیانەی پێکەنینهێنەرانە ، لەو مەقالەیە یان لەتێڕوانینی وەکو تێڕوانینی ناو ئەو مەقالەیە ، بەهرەمەند بوبێتن.

**نمونە لەسەر توێژینەوەی گێلانە "جگە لەدوو توێژینەوەکەیتر"**

- توێژینەوەیەکی پرۆفیسۆر "ناکاغاکی توشییوکی" دەربارەی "العفن الغروي – کەڕوی لینج" کە زیندەوەرێکە وەکو "غەڕڕە: غەڕڕە ئەو مادە لینجەیە کە لە دارتاشیدا بەکار دەهێنرێت بۆ پێکەوە لکاندنی دارو تەختە". ناوبراو بەهۆی ئەو توێژینەوەیەوە توانیی نەخشەی رێگاوبانەکانی وڵاتەکەی بکێشێت ، لەهێڵی شەمەندەفەرو ... هتد.

- توێژینەوەیەکی گروپێک توێژەر ، بەسەرپەرشتیی "کوریهارا کازوتاکا" دەربارەی چۆنیەتیی بێدەنگکردن و قوڕوقەپ پێکردنی کەسانی چەنەبازو زۆر بلێ ، کە لەئەنجامدا داهێنانی جیهازێکی لێکەوتەوە بەکار دەهێنرێت بۆ قوڕوقەپ پێکردنی کەسانی چەنەبازو زۆربلێ بەبێ ئەوەی ببێتە باییسی هیچ عاجزی و رودەربابییسی و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ! جیهازەکە بەمجۆرە کاردەکات : روی دەکرێتە کەسی زۆر بلێ ، تەشویش دەخاتە سەر قسەکانی ، ناچار کەسە زۆربلێکە دەست هەڵدەگرێت چونکە قسەکانی لێ دەئاڵۆسکێت و ناتوانێت درێژەیان پی بدات.

٢١ ی ئایاری ٢٠١٨

# ڕێکەوتنی بازرگانیی نێوان چین و ئەمریکا

چین لەمەودوا ساڵانە شان دەداتە بەر کڕینی بایی ٢٠٠ ملیار دۆلار کاڵای ئەمریکی کە پێوستیشی پێی نییە ، لەژێر فشاری ترامپدا !

بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی ئەو لاسەنگییە بازرگانییەی لەبازرگانیی نێوان چین و ئەمریکادا دروست بوە ، چین لەمەودوا ساڵانە شان دەداتە بەر کڕینی بایی ٢٠٠ ملیار دۆلار کاڵای ئەمریکی کە پێوستیشی پێی نییە ، لەژێر فشاری ترامپدا!

ترامپ بەرلەوەی گەمەی هەڵبژاردن بباتەوەو ببێتە سەرۆکی وڵاتەکەی ، یەکێک لەبەڵێنە گرنگەکانی ئەوەبو کە : چارەسەری ئەم لاسەنگییە بازرگانییەی نێوان چین و ئەمریکا بکات ، وا ئێستا (پاش هەڕەشەو گوڕەشەیەکی زۆری ترامپ بەهەڵاییسانی جەنگی بازرگانی لەنێوان واشنتۆن و پەکیندا) ، هەردو وڵات گەیشتنە ڕێکەوتن بۆ چارەسەرکردنی لاسەنگیەکەو دەرگاداخستن بەڕوی ئەگەری هەڵاییسانی جەنگی بازرگانی لەنێوانیاندا.

**پوختەی کێشەکە ئەوەیە : لەبازرگانیی نێوان ئەو دوو وڵاتەدا ، ئەمریکا ساڵانە بایی ٣٥٠ ملیار دۆلار (کورتهێنان - عجز) ی هەیە ، چین ساڵانە بایی ٣٥٠ ملیار دۆلار (زیادە - فائض) ی هەیە ، واتە : هەناردەی کاڵا لەئەمریکاوە بۆ چین کەمترو لەچینەوە بۆ ئەمرکا زۆرترە.**

بۆ کۆتاییهێنان بەم لاسەنگییە ، ترامپ بەردەوام (هەر لەسەردەمی بەڕێوەچونی هەڵمەتە ئینتیخابیەکەی ئەم دواییانەی وڵاتەکەیەوە تا دوایین چرکەساتەکانی پێش ئەم ڕێکەوتنە) هەڕەشەی لەچین دەکرد : لەمەودوا ساڵانە ١٥٠ ملیار دۆلار باجی زیادە دەخەینە سەر کاڵای هەناردەکراوی چینی بۆ ئەمریکاو ، لەسەر دەستبردنی چین بۆ مافی موڵکیەتی فیکریی ئەمرکیەکان بێدەنگ نابین و ... هتد ، بەڵام وەڵامی چین وەڵامێکی نۆرماڵ بو ، هیچ زبری و ڕەقییەکی تێدا نەبو ، تەنها ئەوەندەبو دەیگوت : ئێمەش باجی زیاتر دەخەینە سەر هاوردە سەرەکییە ئەمریکیەکانی وەک: فولی سۆیاو ئۆتومبێل و ... هتد.

بەهەرحاڵ ئەم ڕێکەوتنە ئەگەر جێبەجێ بکرێت ، کۆتایی بەو دەمەدەمێ و هەڕەشەو گوڕەشەیە دێنێت و بڕی کورتهێنانەکەی ئەمریکا لە ٣٥٠ ملیار دۆلارەوە دادەگرێت بۆ ١٥٠ ملیار دۆلار ، چونکە بەپێی ڕێکەوتنەکە لەمەودوا چین ساڵانە بایی ٢٠٠ ملیار دۆلار کاڵایتر لەئەمریکاوە هاوردە دەکات ، بەتایبەتی لەبواری وزەو کاڵای کشتوکاڵیدا.

**بەڵام ئەم رێكەوتنە دوو كێشەی تێدایە:**

- یەكەم : وادەی جێبەجێكردنەكەی و ناوەڕۆكەكەی زۆر رۆشن نییە : جێگری سەرۆكی چین دەڵێت:-

چارەسەركردنی كێشەی نێوان ئەمریكاو چین پێویستی بەكاتە ، بەو كتوپرییە چارەسەر نابێت.

- دوەم : یەكێتیی ئەوروپا ترسی ئەوەی هەیە ئەم رێكەوتنە لەسەر حسابی بەرژەوەندیەكانی ئەو گەلاڵە كرابێ و بچەسپێنرێت .

١٩ ی ئایاری ٢٠١٨

# جعفر الصدر سەرۆکوەزیری عێراق

لەهەڵبژاردنەکەی ١٢ / ٥ دا لیستی (سائرون) ی (مقتدى الصدر) یەکەم بو ، بۆیە مافی ئەوەی هەیە کاندیدی هەبێت بۆ پۆستی سەرۆکوەزیر ، کاندیدەکەشی بریتییە لە (جعفر الصدر) ی ئامۆزاو ژنبرای مقتدى الصدر (موقتەدا ، هەر لەئێستاوە لەهەوڵدایە بۆ سەرخستنی کاندیدەکەی ، چ بەشەخسی ، چ لەڕێی کەناڵەکانیەوە ، تەنانەت لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیقلیمیشدا ئەم باسەی خستۆتەڕو).

(جعفر الصدر) تاقە کوڕی شەهید سەدری یەکەمە ، برای پێنج خوشکە ، باوکی یەک کوڕو سێ کچە ، ساڵی ١٩٧٠ لەنەجەف لەدایک بوە ، بەڵام تەنها ٩ ساڵی تەمەنی لەوێ بەسەر بردوە ، زۆرتر لە (اعظمیة) ی بەغدا ژیاوە (١٤ ساڵ لەوێ ژیاوە).

ناوبراو کەسێکە زۆر کەم لەمیدیاکانەوە دەردەکەوێت ، ئەمەی وەکو خاڵی بەهێزی بۆ حساب کراوە ، تەنانەت بەقسەی هەندێ لەچاودێران : ئەم کەم دەرکەوتنەی لەمیدیاکانەوە ، نیشانەی ئەوەیە کە بەڕێوەیە ببێتە کەسی ئاییندەی عێراق.

(جعفر الصدر) لەمێژە وەکو کاندید بۆ پۆسی سەرۆکوەزیری عێراق ، ناوی دەهێنرێت ، هەر لەو سەردەمەوە کە گەڕ ئاڵێنرابوە مالکی بۆ لابردن و نوێنەکردنەوەی ویلایەتەکەی ، ناوی ئەم پیاوە وەکو کاندید بۆ پڕکردنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیر لەئارادایە.

کاندیدەکەی (مقتدى الصدر) یاساناس و کۆمەڵناسێکی بیرڕۆشن و کراوەیە ، ساڵانێکی زۆری تەمەنی لەخوێندنی فیقهو قانون و کۆمەڵناسیدا بەسەر بردوە : لەنەجەف ، بەغدا ، قوم ، بەیروت ، لەندەن.

(جعفر الصدر) هەرچەندە تا دوایین پلەی خوێندنی ئایینی (دراسات الخارج - کە هاوتای دوایین پلەی خوێندنی باڵایە لەسیستمی خوێندنی هاوچەرخدا) رۆیشتوە ، بەڵام داوای بڕوانامەی تێدا نەکردوە ، راستەوخۆ دەستی کردوە بەدرێژەدان بەخوێندن لەبەیروت ، لەدەروەی بوارە ئاینیەکە.

ناوبراو لەم مەسەلەی کاندیدکردنەدا ، لەسەر ئاستی ئیقلیمی و جیهانی رەنگە تەنها ئێران ڤیتۆی لەسەری هەبێت ، چونکە بەشێک لەقۆناغەکانی خوێندنەکەیی لەڕۆژئاوا تەواو کردوە (لەلەندەن)

و عەمامەی فڕێداوە ، ئێرانیش عادەتەن گومانی لەهەمو سیاسییەکی عێراقی هەیە کە لەڕۆژئاوا خوێندبێتی و ژیابێت.

بەڵام پێناچی ئەمریکاو سعودییە هیچ ڤیتۆیەکیان لەسەری هەبێت ، بەتایبەتی کە دەزانن رەخنەی جدیی هەیە لەسیستمی ویلایەتی فەقیهو بیری سیاسیی ئیخوان و ئەزمونی حکومڕانیی نوری مالکی و سەرلەبەری ئیسلامی سیاسی و تەنانەت هەڵسوکەوتی مێردی خوشکەکەی (مقتدی الصدر) لەئاست هێزەکانی ئەمریکا لەناو عێراق لەساڵانی پێشودا .

**تێبینی:**

ئەم (جعفر الصدر) ە ، جگەلەوەی کوڕی شەهید سەدری یەکەم و ، ئامۆزاو ژنبرای (مقتدی الصدر) ی کوڕی شەهید سەدری دوەمە ، خوشکەزای زەعیمی شیعیی ئێرانی - لوبنانیی گومکراو (موسی الصدر) یشە کە ناوێکی زەبەلاحە لەناو مێژوی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسیی شیعیدا . ئەم سەدرەی ئەخیریشیان (واتە موسی الصدر) جگەلەوەی خاڵی ئەم (جعفر الصدر) ەی کاندیدی لیستی (سائرون) ە ، خاڵی (بوکی خومەینی - ژنی کوڕی خومەینی) یشە...

کونیەیەکی لەو جۆرە ، لەمەسەلەیەکی حەساسی ئاوادا (کاندیدبون بۆ پڕکردنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیری وڵاتێکی وەکو عێراق) هەم زەرەری هەیە هەم قازانج بۆ کاندیدەکە ...

٨ ی ئایاری ٢٠١٨

# شیرینی لەناو جوتێک پێڵاودا بۆ سەرۆکوەزیری ژاپۆن

هەفتەی پێشو ، شینزۆ ئابی - سەرۆکوەزیری ژاپۆن ، بەیاوەریی هاوسەرەکەی و گروپێک لەدیپلۆماتکارانی وڵاتەکەی ، سەردانی ئیسرائیلیان کرد ، بنیامین نەتانیاهۆ - سەرۆکوەزیری ئیسرائیل ، لەماڵی خۆی خوانێکی تایبەتیی بۆ رێک خستن ، لەخوانەکەدا (شێف - چێشتساز) ە تایبەتیەکەی نەتانیاهۆ ، لەجوتێک پێڵاوی جواندا شیرینیی پێشکەش کردن.

سەرۆکوەزیری ژاپۆن و هاوسەری و وەفدەکەی یاوەری ، سەرەتا سەریان لەمەسەلەکە سوڕماوە ، بەڵام ئەوەندەی نەبردوە دەستیان کردوە بەچەپڵەلێدان بۆ شێف ، وایان لێکداوەتەوە کە ئەوە : شتێکی نۆرماڵ و ئاساییە لەکەلتوری یەهودیدا.

**ئەم روداوە بۆتە جێی رەخنەی میدیاکارانێکی زۆر...**

لەم بارەیەوە (باڵیۆزی ژاپۆن لەئیسرائیل ، هەروها باڵیۆزی ئیسرائیل لەژاپۆن) کۆمێنتی جیاوازیان هەیە...

باڵیۆزی ژاپۆن لەئیسرائیل ، دەڵێت : میوانداریيەکە میوانداریيەکی تایبەتی بوە لەماڵی سەرۆکوەزیر نەتانیاهۆ ، بۆیە من قسەی تێدا ناکەم ، بەڵام بەپێی زانیاریی من ، سەرۆک شینزۆ ئابی و وەفدی یاوەری ، خۆشحاڵ و ئاسودەبون لەمیوانداریەکە.

بەڵام باڵیۆزی ئیسرائیل لەژاپۆن ، کردەوەی چێشتسازەکەی نەتانیاهۆ بەکردەوەیەکی ساویلکانە دەداتە قەڵەم و دەڵێت : کارێکی ساویلکانەی کردوە ، بێئاگابوە لەوەی کە : ژاپۆنیەکان بەچاوێکی زۆر نزم تەماشای پێڵاو دەکەن ، تەنانەت پێوەی ناچنە ناو ماڵی خۆیانەوە ، ئۆفیسەکانیشیان پێڵاویان تێدا نییە.

هەروەها دەڵێت : ئەم کردەوەیە بێڕێزییەکی سیاسیی زۆر گەورەیە ، وەکو ئەوە وایە لەناو پەیکەری بەرازدا شیرینی پێشکەشی یەهودی بکەیت.

**ئەوەش بڵێین : تا ئێستا لەمبارەیەوە ژاپۆن هیچ قسەیەکی فەرمیی نەکردوە ...**

٢٧ ی نیسانی ٢٠١٨

# دۆزی کورد لەڕوانگەی زلهێزەکانەوە

ئەمریکاو روسیاو ئەوروپا ، روانگەیەکی ستراتیژییان نییە بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد ، چونکە لەئەسڵدا بەتەمای چارەسەرکردنی دۆزی کورد یان گرێدانی بەرژەوەندیی خۆیان بەبەرژەوەندیی کوردەوە نین ، تەنها وەکو کارتی فشار لەخزمەتی بەرژەوەندیی خۆیاندا دەست بۆ دۆزی کورد دەبەن.

- **حەیفە لەمە زیاتر رێگە بدەین کارتبین بەدەست ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتەوە.**
- **حەیفە عەقڵی سیاسیی ئێستامان بەقەدەر عەقڵی سیاسیی پێشینیانمان بڕ نەکات و بەقەدەر ئەوانمان پێ نەکرێ بۆ پاراستنی پێگەی سیاسیی گەلەکەمان لەناو ناوەندەکانی دەسەڵات و حکومڕانیدا.**

١٨ ی نیسانی ٢٠١٨

# ئەردۆغان بەمۆسیقا دەڕوخێندرێت ئەگەر دیکتاتۆر نەبێت؟

تەوزیفکردنی ماسکی دەموچاوی سلڤادۆر دالی و مۆسیقای بیللاچاوی ئیتالی لەڕیکلامێکدا کە لەئەستەمبوڵ دروست کراوە رژێمی تورکیایان تۆقاندوە.

لەڕیکلامێکدا کە بەمەبەستی رەواجپەیداکردن بۆ درامایەکی ئیسپانی بەناوی (لا کازا دی بابیل) دروست کراوە ، ماسکی دەموچاوی شێوەکاری ناسراوی جیهانی سلڤادۆر دالی تەوزیف کراوە (سلڤادۆر دالی وەکو رەمزی فەلسەفەی ئەنارکیزم تەماشا دەکرێت ، ماسکی دەموچاویشی زۆرجار بەمەبەستی رەواجپەیداکردن بۆ فەلسەفەی ئەنارکیزم ، لەکاری هونەریدا تەوزیف دەکرێت).

لەهەمان ریکلامدا ، وێڕای تەوزیفکردنی ماسکی سلڤادۆر دالی ، مۆسیقای بیللاچاو تەوزیف کراوە کە مۆسیقایەکی ئیتالییە ، ئەو مۆسیقا ئیتالییە رەمزی بەگژداچونەوەی فاشیزمی ئیتالییە.

هەرچەندە درامای (لا کازا دی بابیل) درامایەکی ئیسپانییەو لەبارەی ئیسپانیاوە دەدوێت ، بەڵام ریکلامەکە لەئەستەمبوڵی تورکیا دروست کراوە.

ئەمە رژێمی تورکیاو هەندێ لەگەورە بەرپرسانی وڵاتەکەی بەتەواوی هەراسان کردوە ، دەڵێن : مەبەست لەدروستکردن و پیشاندانی ئەو ریکلامە ، نانەوەی پشێوی و ئاژاوەو خۆپشاندانە لەناو تورکیادا ، خۆپیشاندانی وەکو ئەوەی غازی پارک کە ساڵی ٢٠١٣ روی دا.

لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە هەندێک لەبارەی فەلسەفەی ئەنارکیزم ، سلڤادۆر دالی ، فاشیزم لەئیتالیاو مۆسیقای بیللاچاوەوە بدوێین کە موفرەداتی ناو ئەم کورتە نوسینەن.

بەڵام دەکرێت بەچەند پرسیارێک هەندێک لەحاڵی تورکیا رابمێنین کە لەدرامایەک یان لەڕیکلام بۆ درامایەک تۆقیوە:

- بەرپرسانی تورک ، بۆچی لەکارێکی هونەری بەو ئەندازەیە بتۆقن ؟ لەترسی ئەوەی نەوەک گەنجی کوردی وڵاتەکەیان لێ بەخەبەر بهێنێت ، یان لەترسی ئەوەی نەوەک گەنجی وڵاتەکەیان بەگشی لێ بەخەبەر بهێنێت ؟
- ئایا ئەگەر ئەردۆغان خاوەنی ئەو پێگە جەماورییە بەهێزەیە لەوڵاتەکەدا ، کە میدیاکانی سەر بەحیزبەکەی رۆژتائێوارە تەئکیدی لەسەر دەکەنەوە ، بۆچی دەبێت گەورە

بەرپرسانی سەر بەرژێمەکەی بەو ئەندازەیە لەخەڵکی وڵاتەکە بەگومانبن : پێیان وابێت درامایەکی ئیسپانی (بەڵێ تەنها درامایەک ئەویش ئیسپانی نەک تورکی) دەتوانێت پێگەکەی لەناو خەڵکی وڵاتدا لەق بکات ؟ کوێی رژێمەکەیان و سەرۆکەکەیان دێشێت کە دەڵێن : ئەم دراما ئیسپانییە بۆ هاندانی خەڵکی تورکیایە دژی ئەردۆغان و ئەمریکای لەپشتەوەیە ؟ یان کە دەڵێن : ئەم درامایە لەهەر شوێنێک پیشان بدرێت ، خۆپیشاندان و ئاژاوە بەدوای خۆیدا دەهێنێت؟

- بڵێی تەنها لەڕوانگەی بەگرنگزانینی دراماوە بێت (وەکو بەشێک لەشوناسی هەر میللەتێک) کە بەشێک لەهەوڵی سیاسیی ئاکپارتی بۆ هاندانی دراماسازییە ، یان نەخێر : لەڕوانگەی دەرککردنی شلۆقیی پێگەی رژێمە سیاسیەکەوەیە : بەمەبەستی خەیاڵزەدەکردنی خەڵکی وڵاتەکەو لەڕێسمەبردنی هونەریی راستەقینەی وەکو دراما ئیسپانیەکەیە ؟
- و ... هتد...

١٣ ی ئازاری ٢٠١٨

# هەڵەبوین کە دەمانگوت حیزبی کوردی باری نییە

لەهەرێمی کوردستان ، زۆر سەرکۆنەی حیزبی کوردی و سیاسیی کورد دەکرا ، گوایە باریان نییە ، هەر رۆژە لەسەر دینێکن و بەلایەکدا بادەدەنەوە ، واتە : توانای خۆگونجاندنیان هەیە لەگەڵ هەمو رەوشێکدا.

بریا وابوایەت : حیزبی کوردی و سیاسیی کورد ، بەو ئەندازەیە پراگماتی بوایەن کە بتوانن خۆیان لەگەڵ هەر هەلومەرجێکی نوێ یان کتوپڕودا بگونجێنن.

بەڵام کێشمەکێشە ناوخۆییەکانی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات لەهەرێم ، هەروەها کێشمەکێشی نێوان هەولێر- بەغدا لەپێش و پاش ریفراندۆمەکە ، دەریانخست کە:

حیزبی کوردی لەهەرێم (بەئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدارەوە) ، هەروەها سیاسیی کورد لەهەرێم ، نە سەر لەپراگماتیزم دەردەکەن ، نە توانای خۆوەرچەرخاندنەوەو خۆگونجاندنیان هەیە لەگەڵ روداودا ، چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی ، چ لەسەر ئاستی دەرەکی.

بەم بۆنەیەوە بیڵێین:-

**باشترین بژاردە لەبەردەم کورد لەسەرانسەری کوردستاندا ، ئەوەیە:**

**حیزب و سیاسیەکانی ، لەو قاوغ و قاڵبە سیاسییە چەقبەستوەی کە هەم لەدنیابینییاندا ، هەم لەکارو کردەوەیاندا ، تێیکەوتون ، بێنە دەرەوە ، توانای بادانەوەو خۆوەرچەرخاندنەوە بەسەر تەنگ و چەڵەمەو روداوی نوێ ، لەخۆدا بڕسکێنن ، پراگماتیانە سیاسەت بکەن ، هەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی ، هەم لەسەر ئاستی ئیقلیمی.**

هەر بەم بۆنەیەوە بیڵێین:-

**رەنگە کاتی ئەوە هاتبێت (وەکو هەوڵێکی سەرەتایی بۆ خۆسازاندن لەگەڵ رەوشی نوێی ناوچەکەو کوردستاندا) ، دەرگا بخرێتە سەر پشت (بەشێوەیەکی بێوەی) بۆ بەڕێوەچونی هەندێک رۆڵگۆڕکێ و تەوزیع ئەدوار لەکاری سیاسیدا.**

٨ ی ئازاری ٢٠١٨

# کامیان خەتەرترن ؟

پێگەی ئەلیکترۆنیی کەناڵی العالم ی ئێرانی ، مەقالێکی (لیلی نیقولا) ی بڵاوکردۆتەوە ، لەژێر ناونیشانی:

کامیان مەترسییان زۆرترە بۆ سەر سوریا:

- نپڕۆژەی کورد لەسوریا ؟

یان

- پرۆژەی نتورک لەسوریا ؟

پوختەی مەقالەکە:

- هەردوو پڕۆژەکە مەترسیی گەورەیان هەیە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی سوریا.
- هەردوو پڕۆژەکە لەسەر بنەمای ئیددیعای مێژوییی گەلاڵە کراون.
- کورد پێی وایە مێژو شاهێدە کە خاک خاکی خۆیەتی و مافی ئەوەی هەیە کیانی خۆیی لەسەر بنیات بنێ.
- ئەردۆغان پێی وایە بەشێکی زۆر لەسوریاو عێراق و ئەوروپا (بولگاریاو یۆنان) و قوبرص ، خاکی دەوڵەتی عوسمانی بون و دەبێ بگەڕێنرێنەوە سەر تورکیا.
- بەڵام لەڕاستیدا ئەو زەوییەی کە کوردی سوریا لەسەری دەژین ، خاکی کورد نییە ، کوردی سوریا بەهۆی زوڵم و زۆری ئەتاتورکەوە خاکی خۆیان جێهێشتوەو رویان لەو شوێنە کردوە ، واتە هەموی نزیکەی سەد ساڵێکە لەو شوێنە نیشتەجێن.
- ئەو بەڵگە مێژوییەی کە ئەردۆغان پشتی پێ بەستوە (میثاقی میللی) لەساڵی ١٩٢٠ دا واژۆ کراوە ، واتە بەڵگەیەکی کەم تەمەن و بێ بەهایە لەڕوی مێژووییەوە.

**لەوەڵامی پرسیاری : کام لەدوو پڕۆژەکە مەترسیدارترن ؟**

**دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە:**

- پڕۆژەکەی ئەردۆغان مەترسیدارترە (هەرچەندە نوسەر بەدەستەواژەی راستەوخۆ ئەو ئەنجامەی نەدرکاندوە).

**بۆ گەڵاڵەکردنی ئەو ئەنجامە ، پشتی بەبەڵگەی مێژویی بەستوە:**

- مێژو سەلماندویەتی کە تورک دەستبەرداری خولیای فراوانخوازی نابن ، لەهەر زەوییەکدا گیرسابنەوە هەرگیز چۆڵیان نەکردوە ، مەگەر توشی شکست و نسکۆی گەورە بوبن و ناچاری دەرپەڕاندن کرابن.
- بەڵام ئەمریکا (بۆیە باسی ئەمریکا دەکات چونکە پڕۆژەی کورد بەپڕۆژەی ئەمریکا دەداتە قەڵەم) ئامادە نییە سەربازی خۆی بۆ مانەوە لەخاکێکدا بدات بەکوشت کە دانیشتوانەکەی دژی بن و قەبوڵی نەکەن (بەکوردی و بەکورتی واتە : لەباربردنی پڕۆژەی کورد ئاسانترە).

نوسەر دەشڵێت:

- بەڵام ئەم دوو پڕۆژەیە دوو پڕۆژەی دژ بەیەکن ، چونکە هەردوکیان چاویان بڕیوەتە (یەک جوگرافیا) ، بۆیە لەکۆتاییدا دەبێ یەکێکیان پاشەکشە بەوی تریان بکات.

**نوسەر بەرچاوڕونی دەداتە خەڵکی سوریا (بێگومان مەبەستی دەوڵەتی سوریایە) کە هەرکاتێ رەوشی ناوخۆ بەرەو باشبون چو ، ئەوا ئەوانیش پشتبەست بەم دوو بەڵگە مێژوییەی لەبارەی تورک و ئەمریکاوە خرانەڕو ، کاری خۆیان بکەن و بڕیاری خۆیان بدەن.**

٤ ی ئازاری ٢٠١٨

# هیکیکوموری یان شاکایتیکی هیکیکوموری

**هیکیکوموری وشەیەکی ژاپۆنییە ، واتە : پاشەکشەکردوان.**

**شاکایتیکی هیکیکوموری واتە : پاشەکشەکردوان لەکۆمەڵگە.**

ئەم چەند دێڕەی خوارەوە پوختەی وتارێکی دکتۆر "سیکیگوتشی هیروشی" یە لەبارەی هیکیکوموورییەوە.

سیکیگوتشی هیروشی پزیشکێکی ژاپۆنییە ، پسپۆڕە لەبواری دەروونناسیدا ، ساڵی ١٩٥٧ لەیوکوهاما لەدایک بوە ، دەرچوی کۆلیجی پزیشکیی ساغایە ، بەڕێوەبەری عیادەی بونکو کوکوروە ، لەتوێژینەوە گرنگەکانی: "پاشەکشە لەکۆمەڵگەو تەرکی خوێندن".

**پوختەی وتارەکەی:**

هیکیکوموری ئەو کەسانەن کە:

- کار ناکەن و لەهیچ دامەزراوەیەکی فێرکارییشدا دەوام ناکەن.
- گرفتی عەقڵییان نییە.
- بۆ ماوەی شەش مانگ یان بەرەو سەر دەخزێنە کونجی ماڵ و هیچ پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ هیچ کەسێکی دەرەوەی خێزانەکانیان گرێ نادەن.

بەپێی هەندێک داتا یەک ملیۆن هیکیکوموری لەژاپۆندا هەن ، دوو ملیۆن کەسیش کە بریتین لەدایک و باوکی ئەوان بخەرە پاڵیان ، بەمشێوەیە رێژەکە دەگاتە ٣٪ ی دانیشتوانی ژاپۆن ، کە بریتین لەکەسانی تەمەن بیست ساڵ بەرەو سەر.

هیکیکوموری هاوڕێیان نییە ، گۆشەگیرو دابڕاون لەکۆمەڵگە ، هەرچەندە رەنگە لەناوجەرگەی شاری زۆر قەرەباڵغیشدا بژین . بارودۆخ و باکگراوندی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆریان هەیە ، بەهۆکاری جۆراوجۆر پاشەکشەیان لەکۆمەڵگە کردوە.

بەگشتی حاڵی هیکیکوموری هێشتا ناڕۆشن و نامەفهومە.

بۆچونی باوی کۆمەڵگە وایە کە : هیکیکوموری مرۆڤی تەمەڵ و تەوەزەلن ، هۆیەکەشی ئەوەیە دایک و باوک نازی زۆری داونەتێ.

بەڵام بەدڵنیاییەوە : کەس بەهۆی نازداری و تەمەڵییەوە پاشەکشە لەکۆمەڵگە ناکات . ئەگەر بەڕاستی گرفتەکە بەهۆی تەمەڵی و نازدارییەوە سەری دەرهێناوە ، ئەی بۆچی هیکیکوموری بەخۆیان و دایک و باوکیانەوە بەو ئەندازە گەورەیە گرفتارن؟

هیکیکوموری گرفتاری دوو دەردن : شەرم و ململانێ (الخجل والصراع).

ئەوان بێئەندازە شەرمنن ، پێیان وایە ناتوانن وەکو کەسانی ئاسایی کار بکەن ، پێیان وایە هیچ بەهایەکیان نییە ، دڵخۆشی و خۆشبەختی بەشی ئەوان نییە . تەقریبەن هەمویان خەمبارو دڵگرانی ئەوەن گوایە باوانی خۆیانیان هیوابڕاو و بێئومێد کردوە.

هاوکات لەناخدا لەململانێیەکی تونددان لەگەڵ زاتی خۆیاندا ، لەسەرێکەوە پێیان وایە ناتوانن بچنە دەرەوە ، لەسەرێکیشەوە لۆمەی خۆیان دەکەن کە بۆچی ناتوانن بچنە دەرەوە؟

زۆرێکیان خوازیارن بەجارێ خۆیان بشارنەوەو دیار نەمێنن ، تەنانەت خوازیارن هەر لەدایک نەبونایە ، هەندێکیان بەهۆی ململانێوە لەگەڵ زاتی خۆیاندا تەنانەت توانای ئەوەیان نییە لەسیسەمی خەوەکەیان بێنە خوارەوە . ئەم خەمباری و نسکۆیە رەنگە ساڵەهای ساڵ ، بگرە رەنگە چەندین دەیە درێژە بکێشێت.

لەهەندێک حاڵەتی سەختدا کار دەگاتە ئەوەی هیکیکوموری ژورەکەی خۆیان بەجێ ناهێڵن تەنها بۆ سەرئاو و حەمام نەبێت . زۆر لەپەیوەندی و پەیوەندیکاری دەترسن ، تەنانەت لەگەڵ ئەندامانی خێزانی خۆیشیان ، ناچار بۆ پەیداکردنی خۆراک و رەواندنەوەی برسێتیی خۆیان ، شەوانە کاتێک کە هەمو ئەندامانی خێزان خەوتون ، هەڵدەکوتنە سەر بەڕادو سەلاجە . پەیوەندی و قسەو گفتوگۆ ئەوە کە هەر نیانە.

جارێکیان دایکێک باسی کرد کە : کوڕەکەی لەتەمەنی ١٢ ساڵییەوە قسەی لەگەڵ نەکردوە ، لەوەتەی باڵق بوە هەرگیز گوێی لەدەنگی نەبوە.

هیکیکوموری بەدرێژایی کات دەرگای ژوریان داخراوە ، پەردەی پەنجەرەیان دادراوەتەوە ، بۆ ئەوەی دەرنەکەون . ئەگەر تەلەفزیۆن یان کۆمپیوتەرە تایبەتیەکانیان بەکار بهێنن ئەوا بەهێدفۆن گوێی لێ دەگرن . بەهەنگاوی سوک و بێخشپە رێ دەکەن . هەندێکیان نە لەسەرمای سەختی زستاندا ، نە لەگەرمای بەتینی هاویندا ، موکەییەفاتی هەواو زۆپا پێ ناکەن . ئەمە تا ئەندازەیەک بۆ ئەوەیە سەرنجی ئەندامانی خێزان و بەرودراوسێ لەخۆیان دور بخەنەوە . لەلایەکی ترەوە پێیان وایە شایستەی ئەوە نین ئەو جیهازانە بەکاربهێنن.

دەمەوێت خەڵک باشتر ئاگایان لەراستیی ژیانی بێئاکامی هیکیکوموری بێت ، بەرلەوەی سەرزەنشتیان بکەن و بەکەسانی تەمەڵ و نازداریان بدەنە ئەژمار.

هیکیکوموری تۆقیون لەوەی روبەڕوی ئەم پرسیارە ببنەوە:

- ئێستا خەریکی چییت؟ بەچییەوە مەشغوڵی؟

جارێکیان موراجیعێکم پێی وتم : من زۆر لەو پرسیارە دەترسم ، بەجۆرێک کە : وەکو کەسی راونراو هەمیشە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر خەریکی هەڵاتنم.

سەرەنجام ئەم موراجیعە پەیوەندیی لەگەڵ هەموان پچڕاند ، بەهاوڕێ و ئاشناو رۆشناو کەسانی ترەوە.

دەگوترێت : ٦٠٪ ی هیکیکوموری لەشوێنی کارکردن توشی دەردیسەری هاتون ، زۆرێکیان پڕوکاوی دەستی کارن ، مانگانە ٢٠٠ سەعات زێدەکاریان گرتوتە ئەستۆ ، یان لەلایەن سەرکارو خاوەنکارەکانیانەوە خراپ مامەڵەیان لەگەڵ کراوە . ئەمە وای کردوە کە کارکردن لەلای ئەوان ببێتە ناونیشان بۆ ترس و بیم و پاشەکشە.

هیکیکوموری کێشەی عەقڵییان نییە ، لەبەرئەوە دەرمان و چارەسەریان نییە ، بۆیە جگە لەپاراستن و چاودێریکردنیان هیچ شتێکی ترمان لەدەست نایەت بۆیان.

هەندێکیان خوازیاری کارن بەڵام ناتوانن کار بکەن . هەندێک کەس دەیانەوێت هیکیکوموری بەکەسانی لاوازو عەقڵ نەخۆش بدەنە ئەژمار ، بەڵام لەجیاتیی ئەوەی ئەم حاڵەتە وەکو گرفتی عەقڵی ببینین ، رەنگە پێویستمان بەوەبێت وەکو گرفتی کار ببینین . واتە : کەسانێک هەن خوازیاری کارکردنن بەڵام دەرەقەتی کارکردن نایەن.

ئەی چی بکەین بۆ ئەوەی هیکیکوموری لەو حاڵەتە دەرباز بکەین کە تێیکەوتون؟

ساغ بۆتەوە کە : هەوڵدان بۆ ئەوەی بەزۆر ناچار بکرێن تەرکی گۆشەگیری بکەن کەڵکی نابێت.

باڵام لەچەند ساڵی رابردودا لەلایەن هیکیکوموری خۆیانەوە هەندێک کار کرا . بەکۆمەکی هەندێک راوێژکارو پزیشکی دەرونی ، چەند کۆڕ کۆبونەوەیەکیان رێک خست ، تەنانەت رۆژنامەیەکیشیان دەرچواند بۆ بڵاوکردنەوەی هەندێک مەقالات بەزمانی ئینگلیزی ، بەهەرحاڵ ، تەگبیرکردن بۆ دایکان و باوکانیان ، لەهەندێک حاڵەتدا باشبونی بارودۆخی هیکیکومورییی لەناو خێزاندا لێ کەوتەوە.

تەنها رێگەیەک (هەرچەند پێویستی بەکاتە) بۆ چارەسەرکردنی رەوشی ژیانی هیکیکوموری ئەوەیە : فرسەت ببینرێتەوە بۆ پەیوەست کردنەوەیان بەو کۆمەڵگایانەوە کە لێی کشاونەتەوەو لێی هەڵاتون ، هەروەها کار بکرێت بۆ گۆڕینی بۆچونی کۆمەڵگە لەبارەیانەوە ، بەجۆرێک کە ببێتە بایسی رەخساندنی ژینگەیەکی لەبار ، سەرەنجام باشتر جێی هیکیکوموری ببێتەوە لەکۆمەڵگەداو باشتر قەبوڵ بکرێن لەلایەن کۆمەڵگەوە.

هیکیکوموری خوازیارن لەگەڵ کۆمەڵگەدا پەیوەستبن ، بەڵام پێیان وایە دەرەقەتی کاری لەو جۆرە نایەن ، لەبەرئەوە رەنگە پاشەکشەکردن لەژیانی کۆمەڵایەتی دوایەمین ستراتیژیەتیان بێت لەپێناوی مانەوەدا بەزیندویی ، تاقە بژاردەی بەردەمیشیان ئەوەیە دەست بەکەرامەتی خۆیانەوە بگرن.

٢ ی ئایاری ٢٠١٨

# گاڵتەچێتی لەگوتاری سیاسیدا

گاڵتەچێتی لەگوتاری سیاسیدا ، بەتایبەتی لەسەردەمی قەیران و بڵاوبونەوەی بێئومێدیدا ، کارێکی خەمڕەوێن و ئیجابییە ، وا دەکات موخاتەب بەئاسودەییەوە گوێ و دڵی خۆی بداتە گوتارەکە ، جگە لەوە گاڵتەچێتی لەگوتاری سیاسیدا خەریکە دەبێتە فەرز:

وەک چۆن نابێت چیرۆک و رۆمان نوقسانیان تێدا بێت و دەبێت هەمو ئەو رەگەزانەیان تێدا بێت کە بەرەگەزی پێکهێنەری چیرۆک و رۆمان دادەنرێن ، خەریکە دەکرێتە فەرز کە : گوتارو خوطبەی سەرۆکەکانیش خاڵی نەبن لەگاڵتەو سوعبەت و نوکتە ، تەنانەت گوتاری مەلای مزگەوت و موحازەرەی مامۆستای زانکۆش.

دۆناڵد ترامپ ، بەو هەمو فشارە سیاسی و میدیاییەوە کە لەسەر خۆی و وڵاتەکەیەتی ، کاتێک کە لەم دواییانەدا سەروقژی کرا بەکەرەستەی پێکەنین و ڤیدیۆی گاڵتەجاڕیی لێ سازێنراو بڵاوکرایەوە ، بەرۆحییەتێکی زۆر گاڵتەچییانەوە ، لەبەردەم کامێردا ، پشتی سەری خۆیی کردە خەڵک و رایگەیاند کە : بەڵێ ئەسڵەعە ، بەو جۆرە ئەمیش ڤیدیۆیەکی گاڵتەچیانەی سازاندو گاڵتەی بەگاڵتە جواب دایەوە.

بێگومان گوتاری سیاسیی خاڵی لەسوعبەت و گاڵتە ، بەتایبەتی لەبارودۆخێکی وەکو ئەمەی ئێستای کوردستان و ناوچەکەدا ، هێندەیتر دەبێتە بایسی بڵاوکردنەوەی نیگەرانی و بێتاقەتی لەناو خەڵکدا.

بزانە خەڵک لەمپەڕی گۆی زەوییەوە بۆ ئەوپەڕی گۆی زەوی ، چەند ناڕەحەت دەبن لەگوتاری سەرۆکێک کە پڕیەتی لەهەڕەشەی دەستبردن بۆ چەکی ئەتۆمی (وەکو هەڕەشەکەی چەند رۆژی رابردوی پوتین) ؟ ئەی وەڵامدانەوەی گوتارێکی هەڕەشە ئامێزی لەو جۆرە ، بەگوتارێکی فوکاهی و گاڵتەئامێز لەسەرۆکی بەرامبەرەوە ، دەبێتە بایسی چ خەمڕەوێنییەک لەناو خەڵکدا؟

شایانی باسە ماوەیەکە خەڵکی هەرێمەکەی ئێمەش ، لەتۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوکەوە ، کەوتونەتە سەر ئەم رێچکە ئیجابییە : خەریکی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆو کاریکاتێرو شیعری گاڵتەچیانەن ، بەمەبەستی رەخنەگرتن لەرورداوە سیاسی و ئیداری و تەشریعی و کۆمەڵایەتییە نەخوازراوەکان.

ئەم روداوە ، رەنگە یەکێک لەم دوو هۆکارەی لەپشتەوە بێت:

یان ئەوەیە خەڵک خۆیان (بەتایبەتی بەهرەمەندەکانیان) هەستیان بەزەرورەت و گرنگیی ئەم جۆرە لەگوتارو موخاتەبەکردن کردوە بۆیە پەنایان بۆ بردوە!

یان دەسەڵاتدارانی هەرێم لەرێی دامودەزگا تایبەتیەکانی خۆیانەوە ، ئیشیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم رۆحییەتە لەناو خەڵکدا کردوە ، هەم بۆ قەرەبوکردنەوەی نوقسانیەکانی خۆیان لەگوتاری سیاسی و کارو کردەوەی سیاسییاندا ، هەم بۆ بەتاڵکردنەوەی خەشم و قینی خەڵک لەسیستمە سیاسیەکە.

هەرچۆنێک بێت بڵاوبونەوەی ئەم رۆحییەتی گاڵتەچێتییە لەناو خەڵکی کوردستاندا ، بۆ بەرخوردکردن لەگەڵ روداوە سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتیەکان ، کارێکی ئیجابییە ، بونی زۆر باشترە لەنەبونی ، لەوەش باشتر ئەوەیە کە ئەم رۆحییەتە ، سیاسیەکان و گوتارەکانیان بگرێتەوە.

رەنگە کۆمەڵگەی ئێستاو سیاسەتمەداری ئێستای ئێمە ، لەچاو کۆمەڵگەو سیاسەتمەدارانی دەوروبەرماندا ، لەم روەوە درەنگ کەوتبن ، تەنانەت لەچاو لەمەوبەری خۆشماندا پاشکەوتبن:

تا پێنج شەش ساڵێک پێش ئێستا ، گاڵتەچێتی لەگوتاری سیاسیدا ، بەرچاوتربو.

**قسەیەکی تر کە پێویست بێت لێرەدا بیکەین ئەمەیە:**

ئەگەر ویستت گوتاری حیزبێک پاشەکشە پێ بکەیت ، لەناو خەڵک و تەنانەت لایەنگرەکانی خۆیشیدا بێ رەواجی بکەیت ، بیدەرە بەر لاقرتێ و گاڵتە ، نوکتەی زۆری لەسەر دروست بکە (ئەمە بۆچونی بەشێک لەشارەزایانە).

٢ ی شوباتی ٢٠١٨

# ئەگەر لەمیا ئاگای لەبەرخۆدانی کچانی عەفرین بوایە

(لەمیا ـ لمیاء المقدم) ، پۆستی تریشمان لەبارەیەوە کردوە ، خانمە رۆژنامەنوسێکی تونسییە ، لەرۆژنامەی العرب دا دەنوسێت ، کە رۆژنامەیەکی دیارو بەناوبانگە لەدنیای رۆژنامەوانیی عەرەبیدا.

لەوتارێکی تازەیدا بەم ناونیشانە (ژن وەکو چەتر وایە ، نەینێیت بەسەر سەرتەوە سودی نابێت بۆت) ، گفتوگۆیەکی جوان و رەوانی دەربارەی ژن کردوە.

ناونیشانی وتارەکەی ، دروشمی فیلمێکی عەرەبییە (واتە قسەی خۆی نییە) ، وتارەکەشی هەر بۆ قسەکردنە دەربارەی فیلمەکە.

**کورتەی فیلمەکە:**

کوڕێکی گەنج ، هەمو نێرینەکانی خانەوادەکەی لەگەشتێکی دەریاییدا دەفەوتێن ، تەنها خۆی دەمێنێتەوە (وەک نێرینە) ، لەناو خێزانێکدا کە هەمویان مێیینەن و بریتین لە : دایک ، خوشک ، نەنک ، پور ... هتد.

ئەم کوڕە گەنجە ، یەکێک بوە لەو کەسانەی کە بەردەوام رەخنەیان لەهەمو کارو کردەوەو هەڵسوکەوتێکی ژن هەبوە : لەزۆرگوتنەکەی ، لەداواو داوکارییە زۆرەکانی ، لەبیانوەکانی ، لەشێوازی ئوتومبێل لێخوڕینی ... هتد.

بەڵام وردە وردە (دوای ئەوەی دەبێتە سەرپەرشتیاری خێزانێکی لەو جۆرە) هەڵدەگەڕێتەوە ، دەبێتە لایەنگری ژن ، بەردەوام ستایشی دایکی دەکات کە دوای مردنی مێردەکەی ، شوی نەکردۆتەوە (وێڕای جوانی و گەنجێتیەکەی) ، خۆی تەرخان کردوە بۆ گەورەکردنی ئەم.

لەفیلمەکەدا ژن هەیە دەستی لەخولیای هونەریی خۆی هەڵگرتوە تەنها لەپێناوی رازیکردنی پیاوێکدا ، ژن هەیە زەواجی عورفیی کردۆتەوە تەنها لەپێناوی بەخێوکردنی منداڵەکەیدا ، ژن هەیە مێردەکەی بەدزییەوە ژنی بەسەر هێناوە ، ژن هەیە هەمو تەمەنی گەنجی و جوانیی خۆیی بەبێوەژنی بەسەربردوە لەپێناوی گەورەکرنی منداڵەکەیدا...

لەمیا دەڵێ:

ئەگەرچی ئەم فیلمە بەپێی دروشمەکەی لایەنگری ژنە ، بەڵام لەڕاستیدا خزمەتی ژن ناکات ، چونکە تەنها وێنەی ژنی لاوازو سەرکوتکراو و بەبەشی خۆڕازی پیشان دەدات ، بەهیچ شێوەیەک وێنەی ژنی هەڵکشاو و گەشەکردو پیشان نادات ، لەهەموی خراپتر ئەوەیە لەدیمەنێکدا وێنەی ژنێک پیشان دەدات کە زۆر بەهەڵە لەمافی ژن تێگەیشتوە ، لەسەر بیانویەکی بچوک دەیگەیەنێتە عینادی لەگەڵ مێردەکەیداو لێی جیا دەبێتەوە ، وا دەزانێت مافی ژن بریتییە لەعینادی و بیانوگرتن ، کە ئەمە هەڵەتێگەیشتنە لەماف.

هەروەها دەڵێ:

خراپیی فیلمەکە لەوەدایە هیچ ئاڵوگۆڕێک لەخراپەوە بەرەو باش ، لەبیرکردنەوەو رەوشی ژیانی ژندا پیشان نادات ، تەنها ئاڵوگۆڕێک کە پیشانی دەدات بریتییە لەگۆڕانی ڕوانگەی پیاو لەبارەی ژنەوە ، لەسەر بنەمای بەزەیی پێداهاتنەوە : ژن داماو و بەشمەینەتەو دەبێ بەزەییمان پێیدا بێتەوە.

هەروەها دەڵێ : ئەم فیلمە بۆ رەواجدانە بەوێنە تەقلیدی و لاوازەکانی ژن...

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕێک رێز بۆ فیلمەکە قایلە ، لەبەرئەوەی هیچ نەبێ لەدروشمەکەیدا ژنی لەسەر سەر داناوە.

ئەگەر لەمیا ئاگای لەتێکۆشان وبەرخۆدانی کچان و ژنانی عەفرین بوایەت ، حەتمەن باسی ئەوەی دەکرد کە : فیلمێک ئەگەر لایەنگری ژن بێت ، دەبێت وێنەی ئەوان و ژنان و کچانی وەک ئەوان پیشان بدات.

١١ ی کانونی دوەمی ٢٠١٨

# بڕوانامەی دبلۆم لەقەیتانبەستندا "قەیتانی پێڵاو"

ئەو ناونیشانەی سەرەوە ، ناونیشانی وتارێکی نوێی خانمە ڕۆژنامەنوسی تونسی (لمیاء المقدم) ە ، لە (العرب) دا بڵاوبۆتەوە.

وتارەکە دەربارەی سیستمی خوێندن و پەروەردەکردنە لەهۆڵەندا.

بێگومان ناونیشانێکی سەرنجڕاکێشە (زۆر گرنگە ناونیشانی وتار ئاوا کورت و پوخت و سەرنجڕاکێش بێت) ، یەکەمجار کە دەیبینی ، بیرت بۆ ئەوە ناچێ ناونیشانی وتارێک بێت دەربارەی خوێندن و پەروەردەکردن.

لەم وتارەدا ، دەست خراوەتە سەر دانە دانەی ئەو بڕوانامانەی کە دەبێت هەمو منداڵێکی هۆڵەندی ، لەقۆناغەکانی خوێندندا ، بەرودوا بەدەستیان بهێنێت ، هەر لەبڕوانامەی (قەیتانبەستن) ەوە بیگرە ، بۆ بڕوانامەی چاکەتداخستن و ، دانیشتن لەدەوری مێزی نانخواردن و ، چونە حەمام بەتەنیاو ، مەلەوانی و ، پاسکیلسواری ، کە هەمویان ناونراون (دبلۆم : دبلۆم لەقەیتانبەستندا ، دبلۆم لەچاکەتداخستنداو ... هتد).

لمیاء دەڵێ:

هەندێ لەخێزانە هۆڵەندیەکان ، ئەو بڕوانامەی قەیتانبەستنەیان (کە لەسەر مقەبایەکی ئەی فۆر دروست دەکرێ) ساڵانێکی دورو درێژە هەڵگرتوەو پاراستوە.

باسی ئەوەش دەکات : لەم سەردەمەدا کە سەردەمی کۆمپیوتەرو پێڵاوی بێقەیتانە ، لەکۆمەڵگەی هۆڵەندیدا گفتوگۆیەکی زۆر لەئارادایە دەربارەی زەرورەتی لابردن یان هێشتنەوەی دبلۆم لەقەیتانبەستندا.

دەڵێ : ئەگەر بڕوانامەیەکی زانستی لەبازاڕی کاردا ڕەواجی نەبێ و خاوەنەکەیی پێ نەژی ، بۆ تەوس و لاقرتێ دەبەسترێتەوە بەباسی دبلۆمی قەیتانبەستنەکەوە ، بەڵام دبلۆمی قەیتانبەستن ، لەبەرئەوەی یەکەمین بڕوانامەیە لەژیانی هەر تەلەبەیەکی هۆڵەندیدا ، گرنگیی زۆری هەیە.

ئێمە لەکوردستان ، رەنگە لامان وابێ : تەلەبە (تەنها لەبەرئەوەی تەلەبەیە) دەبێ هەر لەخۆیەوە ، سەرلەبەری رێ و رەسم و ئەتەکێتەکان بزانێ (بەبێ ئەوەی لەمەکتەب حەرفێکی لەوبارەیەوە خوێندبێ).

یان لامان وابێ : منداڵی ئەوروپی و ئەمریکی و ژاپۆنی و چینی و ... هتد ، هەر کە لەسکی دایکیانەوە هاتون ، هەمو ئەتەکێت و بەهرەمەندییەکی جەسەدییان لەگەڵ خۆیان هێناوە.

کەیبێ منداڵی کورد ، وەکو سامانی نیشتیمانی تەماشا بکرێ و ، بەجۆرێ پەروەردە بکرێ کە لەداهاتودا کەڵکی خۆی و کۆمەڵگەکەی بەباشی بگرێ؟

٢ ی کانونی دووەمی ٢٠١٨

# ئەگەر پچڕانێک لەخۆپیشاندانەکانی ئێراندا بێتە پێش

لەم کاتەدا کە گەلانی ئێران گەیشتۆتە گیانیان و خەریکی خۆڕاپسکاندنن لەدەست برسێتی و بێکاری و ئەسارەت ، زۆر بەگەرمی دڵ و داڵغەم لەلای یادو یادەوەریی گەورە ناو و گەورە تێکۆشەرو گەورە سیماکانی زووی ئێران (سەردەمی شاهەنشایی) ە : ئەوانەی کە هەریەکەو لەڕێی شتێکەوە:

یەکێ لەڕێی شیعرەوە ، یەکێ لەڕێی گۆرانییەوە ، یەکێ لەڕێی گێڕانەوەی بیرەوەری و یاداشتەوە ، یەکێ لەڕێی کاری حیزبی و سیاسەتکردنەوەو ...هتد ، تێیانگەیاندین کە ئێران وڵاتی تێکۆشان و تێکۆشەران ، فیداکاری و فیداییان ، هونەرو هونەرمەندان ، ئەدەب و ئەدیبانە...

هاوکات:

زۆر داڵغەم لەلای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ی لای خۆمان و ، دیمەنە جۆراوجۆرە خوازراو و نەخوازراوەکانی ئەو سەردەمەو ، هاوڕێیانێکی ئازیزی ئەوسایە...

پڕ بەدڵ حەزم لێبو لەم دەقەیەدا سنەییەک یان تارانییەک بومایەو ، حاڵی حازر لەپشت بڵندگۆیەکی دەستییەوە (وەک شاعیرێک و سیاسییەکی سەر بەبەرەی کرێکاران و تێکۆشەران و ئازادیخوازان) ، لەبەردەم ئاپۆرای خەڵکێکی زەحمەتکێش و کرێکارو تینوی ئازادیدا ، لەمەیدانێکی گشتیدا ، شیعرم بخوێندایەتەوە ، یان وتارم بدایە ، بەکورتی : بەشداربومایە لەپچڕینی بەشە شکۆمەندیی خۆمدا ، لەم سەردەمی خۆڕاپسکاندن و ڕاچەنین و خەباتگێڕییەدا.

بەڵام...

**کە وردتر لەدۆخی ئێستای دنیاو ، هەڵوێستی وڵاتانی سەرمایەدارو ، دۆخی ئێران رادەمێنم ، بەجارێ ورەم دادەبەزێ و دودڵی دامدەگرێ ، لەخۆم دەپرسم : بەڕاست ، ئەگەر ئێستا سنەییەک بویتایەو لەناوچەرگەی سنەدا بویتایە ، یان تارانییەک بویتایەو لەبەردەم مەیدانی ئینقیلابدا بویتایە ، بەم هۆش و گۆش و زانیارییەوە کە دەربارەی گەمەی سیاسی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەتە ، ڕێگەت بەخۆت دەدا بەشداری لەڕاپەڕینێکدا بکەیت ، لەسەروەختێکی ئاوەهادا ، کە کەس نازانێ ئەوسەری چۆن دەبێ ؟ ئایا حاڵی عێراقی پاش سەدام حسەین و ، سوریای دوای ٢٠١١ و ، میسری پاش موبارەک و ، لیبیای دوای قەزافی و**

**، هەرێمی کوردستانی پاش ریفراندۆم ، نەیاندەسڵەماندیتەوە ؟ دوودڵیان نەدەکردی لەخۆڕاپسکاندن و بەشداریکردن لەڕاپەڕینێکدا ، لەسەردەمێکدا ، کە جڵەوی دنیا کەوتۆتە دەست سەرکردەگەلێکی جیهانی و ئیقلیمیی نەژادپەرست ، بەرژەوەندیخواز ، بێبارو بێمتمانەی وەکو ئەمانەی ئێستاوە؟**

بێگومان من خۆم لەسەردەمی راپەڕینەکەی لای خۆماندا ، هەرگیز رێگەم بەپرسیاری لەو جۆرە نەدەدا بێتە زەینمەوەو بیرکردنەوەمم لێ ئاڵۆز بکا.

لەو سەردەمەدا ، هێزی سیاسی هەبو دەیویست پرسیاری لەو جۆرە فڕێبداتە ناو کۆمەڵگاوە : سەرنجی خەڵک رابکێشێت بەلای عاقیبەت و سەرەنجامی روخانی رژێمی بەعس لەسەر دەستی ئەمریکاو رۆژئاوا.

بەڵام من خۆم گاڵتەم بەهەمو پرسیارو تەرحێکی لەوجۆرە دەهات ، دەمگوت : بەهەر شێوەیەک بێت بەس رژێمی بەعسمان لەکۆڵ بکرێتەوە چش ، جا چ لەڕێی راپەڕینی جەمەوەرییەوە بێت ، یان لەڕێی حەملەی سەربازیی ئەمریکاو هەوپەیمانانیەوە ، بەئیسرائیلیشەوە.

هۆکاری ئەم هەڵوێستەم سێ شت بو:

**یەکەم : کورتبینیی سیاسی و بێئەزمونی (بەبیست ساڵ تەمەنەوە هەر ئەوەندەم لێدەزانی).**

**دوەم : خوێنڕێژی و دڕندەیی رژێمی بەعس کە تا ئەوپەڕی پێی لێ راکێشابو.**

**سێیەم : ئەم ئەزمونانەی کە ئێستا بەبەرچاوی هەمومانەوەن (ئەزمونی خۆڕاپسکاندنی خەڵکی میسرو لیبیاو سوریاو عێراقی ئێستاو داعش و داعشسازی و حەشدی شەعبی) ، لەئارادا نەبون.**

بەڵام لەئێستادا هاووڵاتیی نارازیی ئێرانی ، تەنانەت ئەگەر تەمەنی لەخوار تەمەنی ئەوسای منیشەوە بێت ، ئاگاداری هەمو ئەو ئەزمونانەیەو دەزانێ چی لەدنیاداو لەچواردەوری دەگوزەرێ ، بەتایبەتی لەسایەی هەبونی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە.

تەنها هۆکارێک کە هانی بدات بۆ سوربون لەسەر هەڵوێستی دژبەرانەی بەرامبەر بەرژێمی سیاسیی وڵاتەکەی ، برسێتی و بێکاری و جیاوازیی قەبەی چینایەتی و گەندەڵی و زوڵم و زۆرە کە وەکو خۆرە داویەتیە گیانی نیشتیمانەکەی.

ئایا ئەم تەنها هۆکارە (هەرچەند لەڕاستیدا هۆکارێکی زۆر گرنگ و گەورەو هەرە ئەساسییە) ، کافییە بۆ ئەوەی قەناعەتێکی چەسپاوی لەلا دروست ببێت کە تا کۆتایی سوربێت لەسەر درێژەدان بەخۆپیشاندان و مانەوە لەمەیدانداو ، دەست هەڵنەگرێت تا کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی رژێمی حاکم لەوڵاتەکەی؟

بەبڕوای سادەی من : نەخێر...

**ئەگەر رژێمی حاکم لەئێران ، تەنانەت وەک فێڵێکی ئانی ، هەندێ چاکسازیی خێرا لەژیانی خەڵک و سیستمی سیاسیدا بکات ، بەو هۆیەوە بتوانێت پچڕانێک لەڕەوتی روداوەکاندا دروست**

بکات ، واتە بتوانێت زەمینەیەک بڕەخسێنێت هەم بۆ بەخۆداچونەوەی خەڵک ، هەم بۆ بەخۆداچونەوەی خۆی و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی ، ڕەنگە بەدوای ئەوەدا پاشەکشەی خەڵک لەخۆپیشاندان تا سەردەمێکی دورتر ، ئەگەرێکی موحتەمەل بێت.

٢٧ ی کانونی یەکەمی ٢٠١٧

# تیۆری لەچوارچێوەدان

دکتۆر مەجدی ئەلعەفیفی ، لەوێبسایتی ئەلئەهرامی میسریدا ، وتارێکی لەبارەی قودس و بڕیارەکەی ترامپەوە بڵاوکردۆتەوە ، بەناونیشانی : وریابن ، ئەم گەمەیە گەمەیەکی زایۆنیستییە ، یاریچییەکەشی ئێمەین.

ناوبراو لەوتارەکەیدا باسی نەزەرییەیەک دەکات بەناوی نەزەرییەی لەچوارچێوەدان (نظرية التأطير) ، کە بەقسەی ئەو ئیسرائیل سودی لێ وەرگرتوە بۆ کۆنترۆڵکردنی عەقڵی مرۆڤەکان و تێپەڕاندنی سیاسەتەکانی خۆی ، باسی ئەوە دەکات کە : کەناڵە میدیاییەکان ، شوێنی چەسپاندن و پراکتیزەکردنی ئەو نەزەرییەیەن ، هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە:

(جوبلز - وەزیری پڕوپاگەندەی ئەڵمانیا لەسەردەمی هیتلەردا) خاوەنی نەزەرییەکەیە.

نمونەکانی نوسەری ناوبراو بۆ رونکردنەوەی رۆڵ و شێوازی کارکردنی ئەو نەزەریەیە ، سادەو رەوان و مەفهومن.

دەڵێت:

ئیسرائیل ، وەختێک دەیەوێت کۆنترۆڵی عەقڵی موسوڵمانان و خەڵکی فەلەستین بکات (لەخزمەتی تێپەڕاندنی سیاسەتەکانی خۆیدا) ، دێت لەکەناڵە میدیاییەکانەوە ئیشی خۆی دەکات ، ئیشکردنەکەشی لەسەر بنەمای نەزەرییەی لەچوارچێوەدانە:

بۆ ئەوەی بتوانی بەدەستی خۆت ئەنجامی روداوێک دیاری بکەیت ، دەبێ بەدەستی خۆت چوارچێوە دیاری بکەیت بۆ عەقڵییەت و بیرکردنەوەو مامەڵەی خەڵک لەگەڵ روداوەکەدا.

واتە : بەژیری و وریایی خۆت ، بژاردەی بەردەم مرۆڤەکان دیاری بکەیت و وابکەیت کە نائاگایانە مل بەیەکێک لەو دوو یان چەند بژاردەیە بدەن کە خۆت بۆت دیاری کردون نەک خۆیان.

نمونە:

- خەڵکی فەلەستین پێشتر ددانیان بەسەروەریی ئیسرائیل بەسەر هیچ بستە خاکێکی فەلەستیندا نەدەنا ، ئێستا تەنها ددان بەسەروەریی ئەو بەسەر قودسدا نانێن!

ئەم ئەنجامە ، بەهۆی سودوەرگرتن لەنەزەرییەی لەچوارچێوەدان ، دەستەبەرکراوە.

دکتۆر مەجدی نمونەی ئاسانتری هێناوەتەوە دەربارەی چۆنیەتیی ئیشپێکردنی تیۆری لەچوارچێوەدان ، دەڵێت:

- کاتێک دەچیتە ماڵی هاوڕێیەکت و هاوڕێکەت پێتدەڵێت : چای دەفەرموی یان قاوە ؟ ئیدی مەحاڵە بەبیرتدا بێت بڵێیت : شەربەت!
- کاتێک دایکێک بەمنداڵەکەی دەڵێت : سەعات هەشت دەخەویت یان نۆ ؟ منداڵەکە بەدڵخۆشییەوە دەڵێت سەعات نۆ (بۆ ئەوەی سەعاتەوەختێکی زیادەی هەبێت بۆ یاری و گاڵتەوگەپی خۆی) .. لەم حاڵەتەدا منداڵەکە پێی وایە خۆی تەحەکومی بەدیاریکردن و هەڵبژاردنی کاتی خەوتنەکەیەوە کردوە نەک دایکی ، کە لەڕاستیدا وا نییە ، بەڵکو دایکی تەحەکومی پێوە کردوە ، دایکی هەردو بژاردەکەی بۆ دیاری کردوە ، منداڵەکە هەرکامیانی هەڵبژاردایەت ئەنجامەکە هەر ئەوە دەبو کە دایکی دەیویست.

چەندین نمونەی تری هێناوەتەوە ، لەوانە-:

- ناونانی دانوستانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان بە (پرۆسە - عملیة : عملیة السلام) ، بۆ ئەوەی تا سەر وەکو پرۆسە تەماشا بکرێت و بەردەوام خەڵک لەچاوەڕوانیی ئەڵقەکانی داهاتویدا بهێڵرێتەوە ، نەک لەچاوەڕوانیی (چەسپاندنی ئاشتی) دا.
- کۆبونەوەی سەرانی عەرەب لەخەرتوم (پاش شکستەکەیان لەسەر دەستی ئیسرائیل لەساڵی ١٩٦٧ دا) ، لەژێرناوی : کارکردن بۆ لابردنی شوێنەواری دوژمنکاریەکە (ازالة آثار العدوان) ، نەک خودی دوژمنکاری و عدوانەکە.
- ناولێنانی شەڕی فرۆکەخانەی بەغدا بەشەڕی یەکلاکەرەوە (الحرب الحاسمة) لەساڵی ٢٠٠٣ دا ، بەمەبەستی ئیفلیجکردن و لەچاوەڕوانیداهێشتنەوەی سوپا زەبەلاحەکەی سەدام بەلای تەنها یەک دیمەن لەجەنگەکەوە ، ئەوەبو پاش یەکلایی بونەوەی شەڕی فرۆکەخانە ، سەرلەبەری سوپای سەدام هەرەسی هێنا ، چونکە وایدەزانی فیعلەن ئەو شەڕە شەڕی یەکلاکەرەوەیە کە واش نەبو.

بێگومان مەبەستمان لەنوسینی ئەم وتارە ئەوە نییە وەکو دکتۆر مەجدی ، زەمینەی فیکری بۆ تۆمەتبارکردنی ئیسرائیل بڕەخسێنم ، چونکە دەزانم کە : هەمو کەس و گەل و وڵاتێک دەتوانێت سود لەم نەزەرییەیەو هەر نەزەرییەیەکی تر وەربگرێت و لەبەرژەوەندیی خۆیدا تەوزیفی بکات ، ئیتر تۆمەتبارکردن (ی لایەنێک یان وڵاتێکی دیاریکراو بەتایبەتی) لەپای چی؟

بەڵکو بۆ ئەوەمانە کە مرۆڤی کورد ، بەتایبەتی لەم بارودۆخە ناسکەدا کە کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێت ، ئاگاداری ئەوەبێت کە:

ئیعلام یەکێکە لەو کایە ترسناکانەی کە سیاسەتی تێدا دەکرێت ، نەک تەنها سیاسەتی عەلەنی و راشکاوانەو تەقلیدیانە ، بەڵکو سیاسەتی ناتەقلیدیانەی ژێربڕانەی لەو جۆرەیش کە دکتۆر مەجدی ئەلعەفیفی باسی دەکات.

تەماشا بزانن ئیعلامی عێراقەکەی عەبادی چ سودێکی لەپراکتیزەکردنی ئەو نەزەرییەیە وەرگرتوە:

- ناونانەوەی هەرێمی کوردستان بە (باکوری عێراق) ، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بترنجێنێتە نێوان تەنها دو بژاردەی تافهەوە : شەڕکردن لەسەر ناوی هەرێمی کوردستان ، یان تەسلیمبون بەناوە تازە - کۆنەکە (باکوری عێراق !) ، بۆ ئەوەی نەمانپەرژێت و بیری ئەوەمان نەمێنێت مافە دەستوریەکانمان لەبەڕێوەبردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان ، بەهاوبەشی لەگەڵ بەغدا ، داوا بکەین.

یان:

- گیرۆدەکردنی نوێنەرانی کورد لەبەغدا بەمقۆمقۆی کەمکردنەوەی بەشە بودجەی خەڵکی کوردستان ، لەحەڤدە دەرسەدەوە بۆ دوازدە دەرسەد ، بۆ ئەوەی بیری ئەوەیان نەمێنێت لەفیکری پاراستنی کیانەکەیاندا (کیانی هەرێمی کوردستان) بن و بیریان لەباسی پارە بەولاترەوە بڕ نەکات.

زۆر شتی تریش ...

٢٦ ی کانونی یەکەمی ٢٠١٧

# بنوسین بەڵام بۆ بەرچاوڕونی

هەرێمی کوردستان وەکو کیانێکی سیاسی ، لەئێستادا ، مەترسیی ڕاستەقینەی لەسەرە : مەترسیی هەڵوەشاندنەوەو تەفکیک ، ئەگەر ئەو هەڕەشەیە ببێت بەڕاست ئەوا ئەوسا پەشیمانی دادی هیچ لایەک (لەخەڵک و لەدەسەڵات) نادات.

هەڵوەشاندنەوەی هەرێم و گەڕاندنەوەی بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی مەرکەزیی بەغدا ، ئەگەر لەوە خراپتری بەدوادا نەیەت ، کە زیاد لەچارەکە سەدەیەکە لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی بەسەر خەڵکی هەرێمەکەدا دێت ، حەتمەن باشتری بەدوادا نایەت.

چاوەڕوانی چ باشییەک لەعێراقێک بکرێت کە سەرۆکوەزیرەکەی ، بیەوێت لەڕێی بەرزکردنەوەی کێرڤی لەهجەی دوژمنکارانەو ڕەگەزپەرستانە بەرامبەر بەکوردی وڵاتەکە ، دەنگی دەنگدەر بەدەست بهێنێتەوەو دوبارە ببێتەوە بەسەرۆکوەزیر؟

بۆ دورخستنەوەی مەترسیی هەڵوەشاندنەوەی هەرێم ، دەبێت بەقوڵی تێبفکرین و بڕیاری دروست بدەین.

بڕیاری دروست ئەوە نییە بێین بەهەمو لایەکمان زەمینە بڕەخسێنین بۆ بەسوریاکردنی هەرێمەکە.

لەئێستادا ، بیرکردنەوە لەگرتنەبەری ڕێوشوێنی ڕادیکالیانە بەرامبەر بەدەسەڵاتدارانی هەرێم ، بەمەبەستی دورخستنەوەیان لەکورسیی حکومڕانی ، بیرکردنەوەیە بەئاقاری بەسوریاکردنی هەرێمەکە ، جگەلەوە گەورەترین فرسەت دەنێتە بەردەم ئەو کەس و لایەنانەی کە بیر لەقۆستنەوەی فرسەت دەکەنەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی کیانی هەرێمی کوردستان.

خۆ ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی هەلومەرجی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا بیر لەداڕشتنەوەی ئێستاو ئایندەی عێراق و هەرێمی کوردستان بکرێتەوە ، ئەوا دەبێت بەبڕوایەکی زیاترەوە بیر لەوەلاوەنانی ڕێگەچارەی ڕادیکالیانە بکرێتەوە : کام لەوڵاتانی ناوچە (بەعێراقەکەی خۆیشمانەوە) ، چارەسەری ڕادیکالیانە بەقازاجیان گەڕا ؟ سەدام و قەزافی و موبارەک و بن عەلی هەڵکەنران و کۆپیەکانیان هێنرانە جێیان.

بەکورتی:

**بەوزوانە عێراق نابێتە شامی شەریف و لانکی سەرهەڵدان و جێکەوتنی شۆڕشی مەزنی کۆمەڵایەتی و سیاسی ، هەروەها هەرێمی کوردستانیش.**

بۆیە:

**رەنگە باشترین رێگەچارەی مومکین و مامناوەند لەبەردەم خەڵکی هەرێمەکەدا (ئەگەر دەسەڵاتداران هۆش و گۆشی ئەوەیان هەبێت بیر لەوە بکەنەوە کە بەیەکجاری لەخۆیان و لەخەڵکی هەرێمەکەشی نەشێوێنن) ئەوەبێت کە:-**

**بەڕێگەیەکی مەدەنی ، حکومەتێکی نوێ ، لەسیاسەتمەدارو ئیداریی سەرڕاست و دەستپاک ، بەچاوپۆشی لەئایدیۆلۆجیای سیاسی و ئینتیمای لەمەوبەریان (بەتایبەتی سیاسەتمەدارانێک کە عێراق و وڵاتانی ئیقلیمی و ئەمریکاو رۆژئاوا پەسەندیانبن) ، بهێنرێتە پێشەوە ، کە بتوانێت لانیکەم بڕێک لەدادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بڕێک لەمیهەنیەت و بڕێک لەتەتابوقی قسەو کردار ، پیشانی خەڵک بدات و هەرێمەکە لەهەرەسی یەکجارەکی بگێڕێتەوە .**

٣٠ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧

# ئێمەو ئەوان

**ئەوان دەڵێن:** سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستان سەقەت و گەندەڵ و خراپە ، چینی حاکم لەهەرێمی کوردستان مافیاو چەتەو بکوژو دەستبەخوێنن .. راست دەکەن (زۆربەشمان دەیان جار دەستمان لەسەر ئەو راستییە داناوە).

**دەڵێن:** دەبێت ئەم چینە دەسەڵاتدارە گەندەڵ و خێڵەکییەی هەرێمی کوردستان ، دەست لەیەخەی خەڵکی هەرێمەکە بەردەن و وازبێنن .. راست دەکەن (زۆربەشمان دەیان جار بەئوسلوبی جۆراوجۆر هەمان پێشنیارمان کردوە).

**دەڵێن:** بەهاوکاریی ئەمریکاو عێراق و (جۆرە هاوکارییەکی ئێران و تورکیا) ، هەوڵی کۆتاییهێنان بەم سیستمە سیاسییە خراپەی هەرێم بدەن!

**بەڵام ئێمە دەڵێین:** سیستمی سیاسیی عێراقیش سەقەت و گەندەڵ و خراپە ، چینی حاکم لەبەغداش مافیاو چەتەو بکوژو دەسبەخوێنن ، ئەم چینە دەسەڵاتدارە گەندەڵ و تائیفییەی بەغداش جێگای ئومێدو پشتپێبەستن نین ، بەتایبەتی بۆ ئێمەی خەڵکی کوردستان.

**دەڵێین:** ئەمریکا ئەگەر بیویستایە یارمەتیی خەڵکی هەرێمی کوردستان بدات بۆ چەسپاندنی سیستمێکی سیاسیی باش لەهەرێمەکەدا ، ئەوا دەیتوانی زۆر زوتر (پێش هێرشی بەغداد بۆ سەر کەرکوک لە ١٦ / ١٠ / ٢٠١٧) ئەو گوساخییە بنوێنێت ، دەستپێشخەریی باشکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان بخاتە بەردەم دەسەڵاتدارانی هەرێم ، تەنانەت فشاری توندیان بخاتەسەر ، بگرە زەمینە بڕەخسێنێت بۆ ئەنجامدانی کودەتایەکی (رەش یان سپی) بەسەریاندا (لەحاڵەتی ملنەدانیاندا).

**دەڵێین:** ئێران و تورکیا لەخەیاڵی گەڕاندنەوەی هەرێمی کوردستاندان بۆ بندەستی بەغداو وەلاوەنانی دەستورو کۆتاییهێنان بەسیستمی فیدرالیزم.

**دەڵێین:** ئەمریکاو عێراق و ئێران و تورکیاو هەر دەوڵەتێکی تر ، ئەگەر تا ئێستا نەیانویستوە یان نەیانتوانیوە هاوکاریی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ چەسپاندنی سیستمێکی سیاسی – ئیداریی باش لەهەرێمەکەداو ئێستا (بەبۆنەی بەرێوەچونی ریفراندۆمەکەوە) بیریان بۆ ئەوە چوە یارمەتییەکمان بدەن بۆ کارێکی وەها ، با بێن بەهەمویان کۆمەکمان بکەن بۆ گۆڕینی تاقمە

دەسەڵاتدارە خراپەکەی ئێستامان بەتاقمێکی باشتر (بەڵام هەر لەخۆمان – لەخەڵکی کوردستان) ، با لێگەڕێن قەوارە سیاسییەکەی هەرێمی کوردستان پایەداربێ و بمێنێتەوە (بەپەرلەمان و حکومەت و دەزگا قەزائیەکانیەوە) ، بیر لەهەڵوەشاندنەوەو دابەشکردنەوەی نەکەنەوە بۆ چەند پارێزگایەکی لێکترازاو و دواتریش هەڵخزاندنەوەی (بەیەکجاری) بۆ بندەستی دەسەڵاتی مەرکەزیی بەغدا ، بیر لەهەڵوەشاندنەوە یان هەموارکردنەوەی دەستوری وڵاتەکە نەکەنەوە بەبیانوی ئەوەی دەستور زەمینەی گەندەڵی و موحاسەسەی تائیفی و بەڕێوەچونی ریفراندۆمی هەرێمی کورستان و لاوازیی حکومەتی رەخساندوە.

چونکە دەزانین (میتۆدە زانستیەکان فێریان کردوین ، ئەزمون فێری کردوین):

عێراق ، بەو مێژوە خوێناوییەوە کە هەیەتی ، بەو تەرکیبە قەومی – دینی - خێڵەکییەوە کە هەیەتی ، تەنها لەڕێی چەسپاندنی دیموکراتیەتی تەوافوقی و دابەشکردنی دەسەڵاتە سیاسی - ئیداری - قەزائیەکانەوە (واتە : لەڕێی چەسپاندنی فیدرالیزمەوە) دەتوانێت تاڕادەیەک ئاشتیی کۆمەڵایەتی لەنێوان دانیشتوانەکەیدا بچەسپێنێت (هەرچەند رەنگە ئەمەش چارەسەرێکی زۆر نمونەیی نەبێت و چارەسەری لەوە باشتر هەبێت).

چەسپاندنەوەی سیستمی مەرکەزی لەعێراقدا ، لەڕێدایە چی بەدوای خۆیدا بهێنێت بۆ خەڵکی کوردستانی عێراق؟

- چەکدارکردنەوەی شێخ و مەشایەخی کوردستان (لەدەرەوەی دامەزراوەی سوپا) لەلایەن بەغداوە ، بۆ سەرکوتکردنی مسکێن و رەش و روت و گەنجی کوردستان!
- سەپاندنەوەی پرەنسیپی سەربازیی زۆرەملێ.
- راگواستن و گوندڕوخاندن و ... هتد.
- بەهانەدۆزینەوە بۆ راپێچکردنی کەسوکاری گەنجانی کوردی یاخی بەرەو زیندانەکان (بەغدا هەر لەئێستاوە کار بۆ دادگاییکردن و زیندانیکردنی پەرلەمانتارانی کورد بکات بەتۆمەتی مەترسیدروستکردن بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق ، لەکاتی بەهێزیدا شتی زۆر خراپتری لێ دەوەشێتەوە).

ئێمە وەختێک باس لەم دۆخە نوێیە دەکەین کە هەرێمی کوردستانی تێکەوتوە ، کەلیمە حەقەکە (رەخنە لەسیستمی سیاسی و حکومڕانیی هەرێم) دەڵێین ، بەڵام کەلیمە حەقەکەی دوەمیش دەڵێین (رەخنە لەسیستمی سیاسی و حکومڕانیی بەغدا).

**ئەوان تەنها کەلیمەی یەکەمیان دەڵێن (رەخنە لەسیستمی سیاسی و حکومڕانیی هەرێم).**

**ئێمە دەزانین و دەیڵێین کە: لەژێر هەژمونی دەسەڵاتدارانی هەرێمدا ، چارەکە سەدەیەک بەرەوسەرە مرۆڤی کورد چەندو چۆن گیرۆدە بوە؟**

**دەیڵێین کە: پێویستە ئەم سیستمە سیاسییەو ئەم چینە حاکمە بگۆڕدرێن بەهینی باشتر.**

**بەڵام سەرنجی خەڵکی هەرێمەکەشمان رادەکێشین بەلای مەترسیەکانی سەرلەنوێ چەسپاندنەوەی سیستمی حکومڕانیی مەرکەزی لەعێراقدا (کە ئێستا کاری بۆ دەکرێت).**

بەڵام ئەوان ئەمەیان ناکەن (تەنها دەڵێن : کار بکەن بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتە گەندەڵ و مافیاکەی هەرێم ، بەهاوکاریی ئەمریکاو عێراق و تورکیاو ئێران) ، ئەگەرچی منداڵیش بەمنداڵیی خۆی لەکوردستاندا ، لەوە تێگەیشتوە کە بانگەشەکردن بۆ (پشتبەستن بەبەغداو تاران و ئەنقەرەو ئەمریکا بۆ چەسپاندنی سیستمێکی سیاسیی دادپەروەرو دیموکراتی لەهەرێمی کوردستاندا) یان لەکاڵفامی و کاڵئاوەزییەوەیە ، یان لەبێباکییەوەیە.

بەکورتی و بەکوردی : بەلای ئێمەوە ، ئەوەی ئەوان دەیکەن و دەیڵێن ، زۆرتر ئەو قسەیەی بەسەردا دەچەسپێت کە دەڵێت : (کلمة حق یراد بها الباطل).

رەنگە ئەوەی ئێمەومانانیش دەیکەین و دەیڵێین ، بەلای ئەوانەوە هەر شتێکبێت لەوجۆرە ، بەڵام **دواجار خەڵکی کوردستان خۆیان بۆیان مەعلوم دەبێت کە : کێ دڵسۆزیان بوە:**

**ئەو کەسانەی کە خۆشباوەڕییان تێدا چاندون و هانیان داون (بەبێ دودڵی و چەندوچون و مەرج و داخوازی ، سەری خۆیان بسپێرن بەحکومەتی بەغدا) ، یان ئەو کەسانەی کە هانیان داون (بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکەن و داخوازییە رەواکانی خۆیانیان لەبیربێت لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵیدا)؟**

٢٧ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧

# گەلی عێراق لەسەرکردایەتیەکەیان هوشیارترن

گەلی عێراق ، نزیکەی چوار ساڵە بەهۆی شەڕی داعشەوە خەو و خۆراکیان لێ حەرام بوە ، نزیکەی چوار ساڵە دۆعا دەکەن داعشیان لەکۆڵ ببێتەوە ، پشویەک بدەن و لەبیستنی هەواڵی شەڕوشۆڕو کوشت و کوشتار بەدوربن ، بەڵام بەداخەوە : هێشتا بەتەواوەتی شەڕی داعشیان لەکۆڵ نەکراوەتەوە ، شەڕێکی تریان بۆ سازێنراوە : شەڕی بەناو چەسپاندنی ئاسایش و دەستور.

کەسی ئاگاو چاودێر دەتوانێت هەر بەخوێندنەوەی کۆمێنتی هاوولاتیانی عیراقی لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ، یان لەدامەنی ئەو هەواڵانەدا کە وێبسایتە عێراقیەکان بڵاوی دەکەنەوە ، بزانێت کە : گەلی عێراق چەند هوشیارانەترو بەرپرسیارانەتر لەسەرکردایەتییە سیاسیەکەیان روداوەکان هەڵدەسەنگێنن ، چ ترس و بیم و دڵتەنگی و ناڕەحەتییەک دایگرتون بەرامبەر بەو شەڕە نوێیەی چینی حاکم لەبەغدا بۆی سازاندون.

خەڵکی وڵاتەکە دەفامن بپرسن : تو بڵێی ئەم شەڕە سازێنراوەی چەند رۆژی رابردوی نێوان پێشمەرگەو حەشدی شەعبی ، ئەڵقەی یەکەمی شەڕێکی نوێ نەبێت کە دەویسترێت بۆ وڵاتەکەیان بسازێنرێت ؟ ئەڵقەی یەکەمی شەڕێکی نوێ نەبێت کە دەویسترێت بخرێتە بریی شەڕی داعش ؟

بەڵام سەرکردایەتیەکەیان و چینە سیاسییە حاکمەکەیان نافامێت یان نایەوێت پرسیارێکی لەو جۆرە بکات ، چونکە نانەکەی لەشەڕو کوشتاردایە.

بەبڕوای سادەی ئێمە : نەدەبو حکومەتی بەغداد ئەم شەڕە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات ، کە کردیشی نەدەبو ئەوەندە پرکێشی بکات بڵێت : دەبێت سەرجەم خاکی هەرێمی کوردستان بخرێتەوە ژێر پۆستاڵی حەشدی شەعبی و سەربازی عێراقی و سەرجەم خاڵە سنوریەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێی بخرێنەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی ، نەدەبو رێگە بدات هاوکات لەگەڵ هەڵایسانی شەرەکەدا بەرپرسانێک لەبەغداد داوای هەڵوەشاندنەوەی مادەی ١٤٠ یان ئەو مادانەی تری دەستور بکەن کە لەبەرژەوەندیی گەلی کوردستان نوسراون.

گەلی عێراق و گەلی هەرێمی کوردستان دەزانن:

ساڵانێکی زۆرە "تەنانەت لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتیی حیزبی بەعسیشدا بەو هەمو شەڕانگێزی و دڕندەییەی خۆیەوە" دەسەڵاتی پاراستن و بەڕێوەبردنی سنورەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و

وڵاتانی دراوسێی ، هەروەها دەسەڵاتی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و خەرجکردنەوەی داهاتی خاڵە سنوریەکان ، بەدەست حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بوە ، وێڕای هەر گەندەڵی و گەندەڵکارییەک کە کردویەتی "بێگومان لەڕوی گەندەڵی و گەندەڵکارییەوە حاڵی بەغداد لەحاڵی هەولێر باشتر نەبوەو نییە".

ئێستا حکومەتی ناوەندی دێت "بەبیانوی ئەنجامدانی ریفراندۆم" ئەو هەمو پڕکێشییە دەکات کە هاوولاتیانی کوردستان و عێراق رۆژانە لەڕێی کەناڵە میدیایەکانەوە ئاگاداری دەبن و دەیبیستن ، جێگای نیگەرانییە بۆیان ، هەروەها جێگای پرسیارو تێڕامانیشە بۆیان ، بگرە زۆرێکیان گومانی ئەوەیان بۆ دروست بوە کە ئەمە سیناریۆیەکی تازەیە بۆ گلاندنی وڵاتەکەو خەڵکی وڵاتەکە لەشەڕێکی نوێوە ، دەنا بە چ عەقڵییەتێکەوە حکومەتی ناوەندیی عێراق بیر لەگەڕاندنەوەی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە بۆ سەردەمێک کە زیاد لەچارەکە سەدەیەکە تێیپەڕاندوە؟

هەرێمی کوردستان زیاد لەچارەکە سەدەیەکە یەکەیەکی ئیداری – سیاسیی یەکانگیرە ، بگرە نیمچە دەولەتێکە لەناوچەکەدا ، بێگومان بەکۆشش و قوربانیدانێکی زۆری خەڵکەکەی بەو ئەنجامە گەیشتوە ، ئێستا دەبێت چ بیرتیژی و دوربینییەک لەوەدا بێت حکومەتی بەغداد بیەوێت بیکاتەوە بەچەند پارێزگایەکی پەراگەندەی لێکهەڵوەشاوەی سەر بەحکومەتی ناوەند ؟ بە چ عەقڵێکەوە دەیەوێت کارێک دەرهەق بەگەلێک بکات کە سەدام لەساڵی ١٩٩١ ەوە دەستی لەکردنی هەڵگرتبو!